# پەیڤین

# لەگەڵ ڕۆح

ڕەهبەر سەید برایم

چاپی یەکەم – سلێمانی

٢٠٠٧

ئەو بەرهەمە وەك گۆشەیەكی ڕۆژنامەنوسی لە گۆڤاری خاك و ڕۆژنامەی بێوار لەهۆڵەندا بە چەند زنجیرەیەك بڵاو كراوەتەوە


ناوی كتێب : پەیڤین لەگەڵ ڕۆح

ئامادەكردن و نووسینی : ڕەهبەر سەید برایم

سەرپەرشتی كردنی : نەجات ڕوستی

تایپ : خەندە كەمال

دیزاین : مەریوان مارف

بەرگ : محمود خۆشناو

چاپخانە: بینایی

تیراژ :١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ : چاپی یەكەم– ٢٠٠٧

# پێرست

لاپەڕە


سەرانیا.............. ٥
حاجی قادری کۆیی ٧
عەبدوخالق ئەسیری ١٥
بورهان جاهیدی ٢٣
بێبـــەش ٣٢
بێخـــود ٤٣
فایەق بێکەس ٥٣
سابیری ٦١
ئیبراهیم ئەحمەد ٧٣
دڵـــدار ٨٤
شێخ رەئوف خانەقا ٩٦
قانـــع ١٠٨
کامەران موکری ١١٩
هێمـــن ١٣٢
گـــۆران ١٤٥
سەید کامیلی ئیمامی ١٥٥





شێخ رەزای تاڵەبانی ١٦٦
شێخ رەئوف شێخ صالح ١٧٨
عوسمان عەونی ١٨٨
موفتی پێنجوێنی ١٩٦
حەزرەتی نالـــی ٢١٠
سەید برایم بەرزنجی ٢٢٤
حاجی قادری کۆیی و نالی ٢٣٤
ئەحمەد موختار بەگی جاف ٢٤٥

# سەرەتا ...

پەیڤین لەگەڵ شیعرو رۆحی شاعیران، شێوازێکی جیاوازە، بەرێبازێکی تازە، دوور لەلاساییکردنەوە، هەوڵ و هەنگاوێکە بەرەو داهێنان، چونکە بەرێگایەکی تازەکراوە، بەشێوەیەکی رۆژنامەنووسی وەک چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژ دارێژراوە، بێ دەستکاریی شیعرەکان بەو نیازەی تازەگەریی بێ و لەبۆتەی قەتیسماو نەبێت، لەراستیدا لەمێژە زۆر لەنووسەران و ئەدیبان وەک ناوداران و رێزداران: عەلائەدین سجادی و رەفیق حیلمی و عەلی کەمال باپیر ئاغا و کاکەی فەلاح و د.مارف خەزنەدارو مامۆستا کەریم شارەزاو.. ژیان و شیعری شاعیرانیان بەگوڵدەستە بەلێکۆڵینەوەو وردبوونەوە وەک گوڵ رازاندۆتەوە، مەلۆیان خستۆتە سەر رەوسەی ئەدەبی کوردی، بەرهەمەکانیان شایانی شانازییەو بۆشایی ئەدەبی کوردییان بەخامەی تیژو پەنجەی ناسک و بیری وردیان پڕکردۆتەوە، رەنجیان دیارە لەباخی شیعرو ئەدەبی کوردی، کتێبەکانیان چەپکێ گوڵی جوان و گەش و بۆندارە لەگوڵدانی شیعرو ئەدەبی کوردی، کتێبی (پەیڤین لەگەڵ رۆح) بەو نیازەی مەلۆیەکی تازە بێ بۆ سەر خەرمانەی بەشێک لەشیعرو شاعیرانی کوردی، با خەڵک و خوێنەرو شارەزایان فەرمانی لەسەربدەن تاچەند گونجاوە لەگەڵ زەوق و سەلیقەیان، دەبێ بگوترێت ئەو کتێبە بەدەرنییە لەکەموکورِیی، تەگەرەو نامۆیی و گرفتی هاتۆتەرێ، سەرەتا یەکەم جار هەڤپەیڤینم لەگەڵ حاجی قادری کۆیی لەگۆڤاری (خاک) بلاوکرایەوە، هەبوو لای سەیر بوو وای دەزانی حاجی قادری کۆیی ماوە، دوایی وای دەزانی من نەماوم و بابەت و هەڤپەیڤینەکە لەکۆن و زەمانی حاجی قادری کۆیی کراوە، سەرەنجام وردە وردە لێ راهاتن و پێ ئاشنابوون.

جگەلەوەش زۆر شاعیری مەزن و ناودار مابوون کە لەو کتێبەدانییە، راستییەکەشی بەهەندێ شاعیر نەوێرام و پێمنەکراوە، چونکە وردبوونەوەی زۆر دەوێت و دەبێت سەراپا دیوانی شاعیرەکە شەن و کەو بکەیت و چەندجار پێدابچییەوە، تا پرسیارەکان بگونجێنێ لەگەڵ شیعرەکان و ریزبەندی بۆ بکەیت،




ئەمەش بۆشاییەکە کەزۆر شاعیری دیارو ناوداری نەگرتۆتەوە، بەو هیوایەی شیعر دۆستێک هەبێ ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە، هەروەک دیارە شاعیرەکان زیاتر خەڵکی سلێمانی و شارەزوورو کۆیەن، واهەڵکەوتوون، هەندێ شوێن شاعیریان کەمترە هەروەک هەولێرو پشدەرو بیتوێن و شارباژێڕو باڵەکایەتی و سۆران و گرتگ و رۆست و گەرمیان گەر شاعیری وا هەشبووبن، دەرکم پێنەکردوە لەراستیشدا ناشکرێ لەگەڵ هەموو شاعیرەکانی کورد گفتوگۆی شیعری بکەیت، لەگەڵ ئەوەش خۆم بەقەرزاری هەندێ شاعیری گرنگ و گەورە دەزانم بۆیەش داوای لێبووردن دەکەم.

راستییەکی دیکەش هەیە دەروەستی شاعیرەکانی شێوەزاری بادینی و هەورامی نەهاتووم، چونکە شارەزای ئەو شێوە زارانە نیم، بۆیە خۆم لەقەرەیان نەداوە ئەمەش هەر بەکەموکوڕی دەژمێردرێت، دەبوو بەشێکی لەو شاعیرانە بوایە. جگەلەوەش بەشێکی کەمی کوردستانی گرتۆتەوە، شاعیری پارچەکانی دیکەی تێدانییە جگە لە (هێمن و سەید کامیلی ئیمامی) نەبێت وا جوانتر دەبوو بەگشتگیریی کوردستانی گەورەی بگرتبایەوە، خاڵی دیکەش هەیە هەندێک لەو شاعیرانە هەڤپەیڤینمان لەگەڵ ئەنجامداون، رەنگە هێندە ناودارو دیار نەبووبن، کەچی زۆر شاعیری دیارو ناوداری کوردستان هەبوون کەزۆر شاعیرترو بەتواناتربوون لەهەندێکیان کە لەناو کتێبەکەدایە.

جا سەرپشکبن هەر سەرنج و تێبینییەک هەبێت بەسینگ فراوانییەوە پێم پەسەندە بەو هیوایەی جوان و بەجێبێت بەچاوان رەچاوی دەکەم لەگەڵ رێز و خۆشەویستیم.

رەهبەر سەید برایم
٢٠٠٧/٧/٢٧ - سلیمانی

# حاجی قادری کۆیي






**پ: مامە حاجی دەزانی کەی لەدایك بووی؟**

**حاجی**:

بەئەمری رەبی العالمین دەرفەرمان

وەلادەتمە لە حەڤدەی شەهری شەعبان

**پ: زەحمەت نەبێ باوك و دایکت ناویان چ بوو؟**

**حاجی**:

باوکم ئەحمەد بوو ناوی فکرم دێ

خەلقی لادێ بوو دایکی من فاتێ

**پ: ئەی ژن و ماڵ و کوڕت هەیە؟**

**حاجی**:

هەر منم ئێستا وارسی عیسا

بێ ژن و ماڵ بێ کوڕو مەئوا

**پ: شاعیری چۆن تێدەگەی خەڵکی وا دەزانن کوڕت هەیە؟**

**حاجی**:

ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وەجاغی

لەسایەی شیعرەکانم بابی کوڕانم

**پ: ئەی ئێستا مامە حاجی وەزعت چۆنە؟**

**حاجی:**

لەبەر پیری ئەمەندە بێ حەواسم

دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم

سەرورِیشم سەراپا بۆتە لۆکە

بەشەو هەمزارمە پشمین و کۆکە

**پ: مامە حاجی دەبێ منیش وەك تۆ ئەوها پیر ببم؟**

**حاجی**:

چاوەکەم تۆش پیر دەبێ ریشت دەبێتە گۆرەوی

وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن توخوا هەوی

**پ: حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیل زادە بەفکری نایەت چۆن چونەتە باڵەك؟**

**حاجی:**

بەفیکری دێ زەمانێ چووینە باڵەک

بەپێ خاوسی نەکەوشم بوو نە کاڵەک

کە چوینە سینگورە سینەم گرێ بەست

وەکو قەندیلی سەرگەردان وەکو مەست

**پ: مامە حاجی راستە لەگەڵ ئەو کابرا کوردە دەمە قاڵێت بوو بوو، گوتبوی قورئان چۆن دەبێ بەکوردی بێت؟**

**حاجی**:

هەرکەوای گووت وەها مووکەدەر بووم

وام دەزانی کەوا لەدین دەرچووم

گووتم ئێستاش لەسەر کەری ماوی

چا بوو مستم نەدا لەنێو چاوی

**پ: ئاخر دەبێ قورئان بەکوردی بێ؟**

**حاجی:**

کوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی

هەر کەلامی حەق نییە عەیبی

لەفزی کوردی بلاو نەبوو گردبوو

وا لەمابەینی ئێمەدا تێ چوو



**پ: ئەی کفر نییە بەکوردی بینوسین؟**

**حاجی**:

کاکە ئێمە موئمنین نەرووسین

بۆچ کفرە زوبانمان بنووسین

**پ: یەعنی راستە، جا بەڵگەت هەیە بۆئەوەی مەنعت نەکەن؟**

**حاجی**:

مەکەن مەنعم هەموو راستە مەقالەم

بە بورهان و حەدیسی فەخری عالەم

**پ: مامە حاجی ئاواتێکت هاتۆتەدی و ئێستا حکومەتی خۆمان هەیە، ئاڵای کوردی لەکوێ هەڵکەین؟**

**حاجی**:

هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران

لەمابەینی کە کۆن و هەیبەت سووڵتان

**پ: مامە حاجی غەریبی کۆیە ناکەی؟**

**حاجی**:

لەخۆم ئاگر هەڵێنم وەک چناروک

لەچاووم گریە دەربێ وەک حەماموک

**پ: کۆیە کوێی خۆشە جەنابتان غەریبی بکەن؟**

**حاجی**:

نمونەی جەنەتە شیوی رەزانی

بەهاری شامە ئەیامی خەزانی

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون

نەکەی بیدەی بە نەرگسجاڕی گەردوون

**پ: جا کۆیە چی لێیە لەرەزو دارو درەخت و گوڵ؟**

**حاجی**:

لە دەوری کوللی باغی شاری کۆیە

دوو صەت بن داری زەیتونی بەجۆیە

**پ: باشە بۆ هێندە سەرسامی بەشاری کۆیە؟**

**حاجی**:

لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ

قوبەی کشمیری دا بەرشەق وەکو گۆ

**پ: ئەدی کچ و کوڕی کۆیە چۆنن؟**

**حاجی**:

کوڕی غیلمانە کچیان عەینی حۆری

نەزەر بازن وەلێکین دوور بەدووری

**پ: مامە حاجی راستە کۆیە بەهۆی تۆوە ناوبانگی دەرکردووە؟**

**حاجی**:

هەروەک شارانی تر کەس ئاشنای کۆیە نەبوو

شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسەر کۆکردەوە

**پ: دووری نیشتمان و غوربەتی لەبیر دەکرێ؟ خزمەکانت خەجاڵەت نین لەکۆیە لەداخی ( شێخ نەبی ) هەلاتی؟**

**حاجی**:

لەغوربەتی بەشاهی لەبیر ناکرێ

زەمانی جوانی و یادی وڵات

لە قورشخانەوە تا دەمی ئیچ قەلا

لەبایزاغەوە تا محەلەی قەڵات



هەمووی خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن

لەبێ حورمەتیمان بوو حاجی هەڵات

**پ:ئەو ماوە دوورودرێژەی غەریبی قەت چاووت بە کوردێك نەکەووتووە؟**

**حاجی**:

لەرۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائم و حەیران

لە رەنگا تێگەیم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان

**پ: باشە لێت نە پرسی خەڵکی کوێی و لەکوێوە هاتووی؟**

**حاجی**:

کە چوومە خزمەتی پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای؟

لەکام لا هاتووی؟ گریا، ووتی بابان، ووتم بابان!

**پ:لێت نە پرسی بۆ دەگریێی؟**

**حاجی**:

گوتی بۆ غوربەت و رووتی، نییە گریان و هاوارم

لەداخی خاکی خۆمان لەشان و شەوکەتی کوردان

لە وەختی خۆی هەموو شا بوون سەراپایان خرۆشا بوون

لە بەخشین حاتەمی تەی لە شەڕدا رۆستەمی مەیدان

**پ: ئەدی ئەو کوردانەی کوردی نازانن رات لەسەریان چییە؟**

**حاجی**:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی

موحەقەق دایکی حیزە بابی زانی!

**پ: مامە حاجی ڕەخنە لە شیعرەکانت دەگرن دەڵێن سادەن جەنابتان دەڵێن چی؟**

**حاجی**:

بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن
مەقسەدەم لەم بەندوباوە دەربچن
ئەم قسەی ئێستا عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن

**پ: پێت وایە کوردان چ بکەن و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ چۆن ڕەفتار بکەن؟**

**حاجی**:

لەم بەینە ئیتفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی
فەرقی نەبێ شوان و جوتیارو میرو گاوان
گە هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن
بێگانە چاکە دوژمن نەک دوژمنی لەخۆتان

**پ: ئێستا کورد بەشێکی ئازادە چۆن تەگبیر بکەن؟**

**حاجی**:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵک و میللەت صاحێبی جەیش و عیرفان
جۆشێک بدەن وەکو هەنگ تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەر پەیدا بکەن تۆپ و تفەنگ و هاوەن

**پ: مامە حاجی دڵگران مەبە، بەڵام کێ گوێ لەم قسانە دەگرێ؟**

**حاجی**:

حاجی کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قور دەپێوێ
گوێی لێدەگرن زەریفە ناگرن بەلاّ لەخۆتان

**پ: پێت وایە قسەکانت سوودی هەبێ؟**

**حاجی**:

باوکە هەرچۆنێ تۆ دەڵێی وایە
زەن دەکەم ئەم قسانەم خۆرایە



**پ: مادام بەتەمانی واز لەم قسانە بهێنی؟**

**حاجی**:

قوڕی کام جێ بکەم بەسەر خۆدا؟
ئەمەم لێ بۆتە عیلەتی سەودا

**پ: برادەران وەزعت دەزانن؟**

**حاجی**:

ڕەفیقانم لەکوێیە ئاشنا نین
وقوفی حاڵی ئێمە بێ نەوا نین

**پ: قوربان دۆستەکانت کێن و لەکوێن؟**

**حاجی**:

دیارە دۆستدارانی ئەمن کێن؟
لەخۆشناو و ئاکۆ و دەشتی بیتوێن!

**پ : مامە حاجی پەیامێکت بۆ دۆست و ناسیاوان هەیە؟**

**حاجی**:

لەئێمە هەرکەسێ پرسی تەمامی
وەکیلی موتلەقی سەرفی سەلامی
سەلامێکە دیاریمان دیارە
لەدارو و بەردی ئەو دارو و دیارە

**پ: مامە حاجی دوا پرسیارمان، رات بەرامبەر مەرگ چییە؟**

**حاجی**:

مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

# عەبدولخالق ئەسیری



**((ئەسیری))، ناوی عەبدولخالق کوڕی سەید حوسێنەئەفەندی برای نەجمەدینە فەندی، نیشتمان پەروەرە، لەساڵی(١٨٩٠) لەکەرکوك لەدایکبووە، لەخانەقای نەقشی لەکەرکوك لەگەڕەکی (ئاخر حوسێن)، لەجێ ی باوك و باپیری دانیشتووە، لەرۆژی (١٨/٦/١٩٦٢) کۆچی دوایی کردووە و لەکەرکوك لەگۆڕستانی (شێخ محیەدین) بەخاك سپێردراوە.**



**پ:خاڵە ئەسیری دەمێکە نەچوومەتەوە کوردستان، پێت چاکە بگەڕێمەوە؟.**

**ئەسیری**:

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ

**پ: قوربان لەقەندیل چی بکەم، لەوێ بچمە کوێ؟.**

**ئەسیری**:

سەیری ئەو خێڵانەکە نیشتوونە داوێنی چیا
با بچین بۆ ماڵی کوردی گەرتۆ خۆیشانت دەوێ

**پ:لەمێژە چاکەت و پانتۆڵ لەبەردەکەم، لەوێ چ بەرگێ بپۆشم؟.**

**ئەسیری**:

لاوی کوردی من لەبەرکە شاڵی زاخۆ و ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لەڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ

**پ:جا دەردی دەروونم چاك دەبێ لەوێ؟**

**ئەسیری**:

هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لەبۆ دەردی دەروونت داوودەرمانت دەوێ

**پ:جەنابت هێندە عەشقی کوردی، گەر خوانەخواستە مردی، لەکوێت بتنێژین؟.**

**ئەسیری**:

ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری، لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ

**پ:خاڵە جەنابتان کە چوونەوە کوردستان، گەرم و ناخۆش نەبوو؟.**

**ئەسیری:**

چوومە کوردستان لەچاخی گەرما، گەرمی و سەرما نەبوو

بەرگی شیو وشاخ و دەشتی سونبول و رەیحانەبوو

بۆ هیلاکی گەشتی دەوری (پایتەختی) شای بەبە

جێگە مۆڵەم چەند رۆژێ شاری خۆشی بانە بوو

**پ:لەشاری بانەوە بۆ سبەینێ بۆ کوێ چووی؟.**

**ئەسیری:**

بۆ سبەینێ کەوتمە رێ چوومە ناوشاری سەقز

جێگەیە ئاودار و دڵگیر و خۆش و جانانەبوو

چەند رۆژێ مام لەوێ رووم کردە مەنمی و تیلەکۆ

چوومە دێی میرزا میراشە جێگەیە شاهانەبوو

**پ:ئەی دوای ئەوە؟**

**ئەسیری:**

بۆ سبەینێ زوو لەوێوە کەوتمە رێ بۆ سنە

چوومە شاری سنە سەیری باغی سینەمانە بوو

**پ: قوربان شار و شوێنی دیکە نەگەڕای؟**

**ئەسیری:**

پاش چەند رۆژێ تر چوومە رەوانسەر سەیرەکەم

خانەدانی ئەردەڵانی هیچی دی هیوا نەبوو



**پ:دەیانناسی لێیان نە پرسی خەڵکی کوێی؟.**

**ئەسیری:**

فەرموو ئاغای سەید ئەم ژوورە بەخێربێی خەڵکی کوێیە

هەر کە زانییان کەرکوکیم باسی شیعری بێگانە بوو

**پ:چۆن دەیانزانی؟ جەنابت شاعیری؟.**

**ئەسیری:**

چەند هەڵبەستێکی شێخی خوێندەوە خانم بەخۆی

من کە هەڵبەستێکی خۆم خوێندەوە هاوتانە بوو

**پ: پاشان لەوێوە بۆ کوێ چووی؟ ئەدی نەچووی بۆ ئەودیوو؟.**

**ئەسیری:**

پاشی چەند رۆژێ لەوێوە چوومە دەشتی شارەزوور

نووسراوی عادیلەم دیت رێک و دڵدارانە بوو

**پ:خاڵە ببوورە عادیلە کێیە؟.**

**ئەسیری:**

حاکمێ بوو حوکمی وەک باپیرە گەورەی ئەردەڵان

تێگەیشتوو مەند بوو گوفتی رێک و دانانە بوو

**پ:جەناب ئەو سەفەرەت چما کەنگێ کردووە؟.**

**ئەسیری:**

ئەم گەڕانەم بیست ودووساڵێ لەمەوپێش بوو تەواو

لەو دەمانە رۆژهەڵاتی پیاو ژن وریا نەبوو

**پ:باشە قوربان جێگە و هەوار و خانووت چۆنە؟.**

**ئەسیری:**

دەوروپشتی خانووم جێگەی هەوارم گوڵشەنە
ئاوی جۆگە و گۆل و رووبارم شیرینە و رەوشەنە

**پ:قوربان خواردن لەکوردستان چ بوو؟.**

**ئەسیری:**

ئارۆوێ، بەرۆویێ لەکوردستانی من پەیدا دەبێ
چاترە و شیرینترە سەدجار لەپستە و کەستەنە
چاوەکەم ئەو جاجکەی وا لێرە منتی پێ دەڵێن
ئامەدی کوردستان خۆشە جەوی دارەبەنە

**پ/خاڵە لەبەر بێبارانی و بێنەوتی و شەڕ و ئاگر لەکوردستان دارودرەخت ماوە؟.**

**ئەسیری:**

گەرتۆ بنوارِی لەکوردستان سەراسەر سێبەشە
باغ و دارستان و کێڵگە ژێر ئەمانەش مەعدەنە
هەر زەمینێکم ببینی بێ درەخت و بێ گیا
کانی زێڕ و زیوە دەستت هەیە لێی هەڵکەنە

**پ :ناسیاوەکم دەیەوێ لەدەرەوە بخوێنێ بچێتە کوێ باشە؟.**

**ئەسیری:**

ئارەزووی زانین و چشت و کارگەی گەر فێر ئەبی
مەرکەزی تەحصیل و عیلمت رۆڵە ئیمرۆ لەندەنە

**پ:مامۆستا کز و مەلوولت دەبینم نازانم بۆ؟.**

**ئەسیری:**

دایم لەفیکر و زیکری خەیاڵاتی میللەتم
بۆیە وا کز و مەلوول و بەسۆز و حەسرەتم



**پ:قوربان پێت سەیر نەبێ من و زۆربەی رۆڵەی کورد نازانێ کورد لەکوێ ساکینە و سنووری کوردستان کوێ یە؟.**

**ئەسیری:**

کوردە دە:انی لەکوێ ساکینە خزمانی تۆ
گوێ گرە تا پێت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەرون
غەربیە تا بەحری رەش سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری رەش و ئەردەهان، ئاوی ئاراسە بزانی
حەدی شیمالە ئەمە بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەڵوەند و گۆلی ورمێ تاسەری ئاوی ئاراس
سەرحەدی رۆژهەڵاتە جۆگە و کێوانی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین، شەنگار و رێی نوسەیبین
بۆ تەرەفی جنوبە رەوزەیی ریزوانی تۆ

**پ:بۆ قوربان کورد چما نفووسی چەندە و چەند ویلایەتی هەیە؟.**

**ئەسیری:**

داخیلی ئەم حدودە دوانزە ویلایەتی هەیە
دەڵێن دوانزدە ملوێنە نفووسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە لەئەسلاً نفووسیان نەنووسراوە
دەگاتە بیست ملوێنان بنوسرێ قەومانی تۆ

**پ: ئێستا لەکوردستان خوێندن بەکوردییە، بۆ مێژوو چ بخوێنین، شارەزای دەوڵەتانی بێگانە و ئەمریکا بن باشترە یان شارەزای مێژووی کورد بن؟.**

**ئەسیری:**

چاوەکەم بۆ میللەتت تەریخی ساسانی بڵێ

ساز و بە ربووت لێمەدە ئایئای و گۆرانی بڵێ
باسی ئەحواڵی وولاتی ئەمەریکا بۆ دەکەی
باسی مازی و حاڵ و ئیستقبالی سۆرانی بڵێ
چەند حوکم دارت لەبەدلیس و لەبۆتانا بووە
گەر بەوە عیلمت نیە پاشای بابانی بڵێ

**پ:مامۆستا، (ئەلزاس و لۆرەن) دوو ناوچەی سەر سنوری ئەڵمانیا و فەرەنسان، هەمیشە شەڕی لەسەرکراوە چۆن جەنابتان کەرکوك و کفری بەو دووشارە دەشوبهێنن؟.**

**ئەسیری:**

قەلاتی کەرکوک لەجێی جەرمەنە
نیشتەنی کۆنی خێڵی کرمەنە
لەپشت و نەوەی کوردی گەورەنە
زمانی بێستەی فەیلی و لوڕەنە
کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆڕەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە

**پ:ئاخ یەك شەخس حوکمداربێ! سیستەمی شورای کوردان نەبێ چونکە کورد میللەتێکی موسڵمانە جایز نیە شورا؟.**

**ئەسیری:**

بۆ شەخسێک بۆ حوکمداریێ مەکێشە ئاهێکی سەردی
سەروماڵت فیدای ڕێی میللەتت کە ڕۆڵە گەر مەردی
ئیدارەی میللەتت ئەوسا دەبێ بکرێتە شورایی
ئەگەر دینەن نەبێ جایز (ئەسیری) بۆ عومەر کردی

**پ:قوربان ئاواتەکەت پێك هات، کورد سوپا و نیزامی خۆی هەیە وەسیەتی چیت کردبوو بۆ قالەی خوشکەزات؟.**

**ئەسیری:**



وەسیەت بێ ئەگەر مردم وەرە سەرقەبرەکەم قالە
بڵێ ئاواتەکەت پێک هات هەڵستە بێرەدەر خاڵە
کە بویتە زابیتی قیتعە و بلۆکی عەسکەری کوردی
لەبەر هیچ ئەزیەت و جەورێ نەکەی ئۆف و نەکەی ناڵە
بەخۆت و عەسکەر و قیتعەت لەسەر قەبرم بکەن تەعلیم
ئومێدم وایە ئیحیابم لەبەر شادی بە ئەوحاڵە

**پ:خاڵە کوردستان جوانە، ئەو شاخ و داخانە چی دەگەیەنێ؟.**

**ئەسیری:**

خۆش و دڵگیرە نموونەی جەننەتە کوردستان
بێشە و شاخی بۆ میللەت بۆتە باعیسی فەخروشان

**پ:قوربان وتە و پەیامت چیە بۆمان؟**

**ئەسیری:**

پێشکەش ئەکەم سوپاس بۆ گەلی کوردی خۆم
بۆ پێشڕەوانی و بۆ هیوا کە ڕێ ئەبەن
وا لەداخی کونکونە جەرگی ئەسیری وەک سەرەن
هەر دەڵێ قوربانتم وەتەن دایکم وەتەن باوکم وەتەن

**پ:مامۆستا ئەسیری چۆن دەبێ ئەوە ماڵ و حاڵت بێ؟.**

**ئەسیری:**

کابرام مەڕوانە ماڵ و خانەیی وێرانی من
تێبگە تەحصیل و کەسب و کردەوە و عریفانی من
گفتوگۆ با ئینتهایبێ خاتیمەیبێ ئەم قسە
نیسبەتی ئاری بەسە بۆ عەن عەنە و عینوانی من

**لەژمارە (٧٢)ی ڕۆژنامەی بێوار**
**لەهۆڵەندا بلاوکراوەتەوە**

# بورهان جاهیدی



**جاهید ناوی بورهان حاجی محەمەدی دۆغرەمەچییە لەساڵی ١٩١٨ لەشاری هەولێر لەدایك بووە! بنەماڵەی دۆغرەمەچی لەبنەچەدا دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جافان. دۆغرەمەچی وشەیەکی تورکیە بەو کەسە دەڵێن، کە هونەری نەخش و وردەکاریی دارتاشی بزانێ، بورهان جاهید لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێش نێژراوە.**



**پ: پێشەکی شوهرەت و ناوی جەنابتان؟**

**جاهید**:

بەشوهرەت جاهید بەناو بورهانم
داومەدەست فەلەک رشتەی ژیانم
رێگەی چەوت و راست بەخۆم نازانم
بۆ کوێ دەمباتن لەوێ مێوانم

**پ: یەکەم شیعرت لەساڵی (١٩٣٤) داناوە، دەکرێ بزانین کام شیعرە بوو؟**

**جاهید**:

لەبۆ دەفعی غەمی دنیا
لەدەستم بادەبوو پەیدا
عەقڵ فەوتا جگەر سووتا
بەجارێ کەوتمە سەحرا
فەلەک سووتا لەئاهی من
مەلەک گریا لەڕاهی من
عەجەب بەختی سیاهی من
نەبوو جارێ لەخەو ئاگا

**پ: جەبار ئاغای دۆغرەمەچی مامت ناسراو بە(کانی) کاریگەری هەبووە لەسەرت؟ کام شیعری ئەوت تەخمیس کردووە؟**

**جاهید**:

بڕوا دەمی عەجز و ئەلەم و حەسرەت و ناڵە
رەنگ، رەنگە لەباغانە گوڵ و سومبول و لالە
زایع نەبێ ئەم وەختە کە ئەیامی ویساڵە
ساقی وەرە ئیمشۆکە لەبۆم تێکە پیاڵە

بۆ مەزە، لەرووت کافیە ئەم دانەیی خاڵە
هەرکەس کە لەناو عەشقە بەخوا توشی جەفایە
عاشق نیيە يەک لەحزە بکا بەزم و سەفایە
(جاهید) ئەسەری عەشقە مەگەر حاڵی نەمایە
(کانی) بەسە ئیتر چییە ئەم عەشق و هەوایە
پیربووی بەخوا عەمری عەزیزت لەزەواڵە

**پ:مەلا مەحموودی بێخود، دێڕە شیعرێکی تورکی هی شاعیری تورکمانی (فضولی) بۆ هێنانی کە دەڵێ:**

**اویلە سەرمەستم کە ادراك ایتمە زەم دنیا نەدر**
**بەن کیمەم ساقیم اولان کیم مەی نەدر سەهبانەدر**

**چۆنت ئەو تاکە شیعرەت وەرگێڕا و کردتە هۆنراوەیەکی کوردی و بەیتی دیکەت هاویشتۆتەسەر؟**

**جاهید:**
هێندە سەرمەستم چ هۆشێکم نەما دنیا چییە
من چمە و ساقی چییە! هەم بادە و سەهبا چییە
من بەسەودایی سەرم سەد موشکلی دڵ حەل دەکەم
عەقڵ و هۆشم گەر لەرێی سەودایی سەر بڕوا چییە
کاتێ من بۆ روتبەیی باڵا لەدونیا هەوڵ دەدەم
من دڵێری عاشقانم روتبەی باڵا چییە
بولبول و پەروانە کوانێ عاشقی لالە و گوڵن
من کە عاشقابووم و ئیتر ئاهو واوەیلا چییە
من ئەسیری کافرێکم نەک وەکو فەرهاد و قەیس
بۆ جەفا و دەرد و ئەزیەت شیرین و لەیلا چییە
سەدهەزار نامەم بەرێکرد عاشقم سەر لەوحەکەی



تازە کافر لێم دەپرسێ عاشقی مەعنا چییە
یار کە ئەمری کرد بەشمشێری برۆی قەتڵم بکا
پێی بڵێن (جاهید) دەڵێ سوچی منی ریسوا چی یە

**پ:مامۆستا جاهید جەنابتان دوغرەمەچین، خۆت بەشاعیرێکی تورکمانی دەزانی یان کورد؟**

**جاهید:**
جاهید لەدەور و دەشت و بیابانە هەموو دەم
شیعر و غەزەلی زینەتی ئینسانە هەموو دەم
بوێژێکی وەتەن پەروەری کوردانە هەموو دەم
ئیتر چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار

**پ:واتە خۆت بەشاعیرێکی کورد دەزانی؟**

**جاهید:**
زۆر چاک بمناسن شاعیری کوردم
ئەم ناوە بۆمن دەچنێتەوە

**پ:کورد بەقەومێکی چۆنی تێدەگەی؟**

**جاهید:**
ئێمە قەومێکین بەغیرەت و مەرد
جەوهەری خۆمان بەس بدەین لەبەرد
بۆچی ئەی کوردی هەژاری بێکەس
هەردەم بخەوی لەبەند و قەفەس

**پ:سروشتی کورد زیندو کوژی مردوو پەرستە، گرنگی بەشاعیری زیندوو نادرێ تا نەمرێ، تۆ دەڵێی چی؟**

**جاهید**:

بەس لەگەڵ مردوو هێندە خەریک بن
لەژینی زیندووش بپێچرێتەوە
کە (حاجی) مابوو هەڵات لەوڵات
ئێستا ئێسقانی بۆ من دێتەوە
(قانع) لەبرسان بوو بەئاشەوان
ئێستاکە باسی بۆم دەکرێتەوە
(بێکەس) و (بێخود) مردن لەداخان
پاش مردن بۆیان دڵ دەگرێتەوە
هەر کە مرد ئەوسا سەرلەقوڕ بگرین
بەخوای ئەوەی چوو ناگەڕێتەوە

**پ:مامۆستا جاهید مەراقت بادەنۆشی و ئەندێشەی سەرخۆشییە بۆ؟**

**جاهید**:

خەیاڵاتی دڵی تەنگم لەدنیاما لەیەک پێکە
بفەرموو چاوەکەم ساقی هەتا دەتوانی بۆم تێکە

**پ:بۆ هێندە مەیلت لەمەی خواردنەوەیە هەر دەڵی ی تێکە؟**

**جاهید**:

تێکە لەبۆمن کەم کەمە شەراب
دڵم حازرە بۆ مەزە و کەباب
مەڵێن بۆ رەنگی بادە سور دەکا
گەلێ شەرمنە لێم دەکا حیجاب



من بەیەک دوو قوم تێی ناگەم لەمەی
بەیەک دوو پێکیان تێرنابم جەناب
مەیلی من دایم لەمەی خواردنە
تاکو رەحەت بم لەدەرد و عەزاب
لۆمەمان دەکا عالەمی بێ هۆش
ئاگای لەچیە لێدەدا رەباب
لەڕۆژی مەحشەر زۆرپاک دەبینن
کامەمان دەچین بۆ (تحت السراب)
گەر مەلەک هاتن لێم بکەن سوئال
بەڕاستی و مەستی باش دەدەم جواب
کاکە جاهیدتان زۆر بێگوناهە
بێ مەی و بادە نابینرێ حیساب

**پ:جارێك كاكی هێرانی ( صافی ) لێ ی پرسیبووی چ لەخوای خۆت دەخوازی؟ تا پێت ببەخشێ چیت جواب دابۆوە؟**

**جاهید**:

جاهیدی عەبدت دەخالەت هاتووە بێدەسەڵات
نابێ مەحروومی بکەی ئیزنیبدەی پێ بێ خەڵات
لەم هەموو قەسر و جینان و خولدە دەرناچێ زەکات
گشتی هەرمەسکەن حیسابە قەسر و قەبر و ئاشیان

**پ:لەگەڵ ( دڵدار)ی شاعیر پێکەوە نامەیەکی شیعرتان بۆ ( جەبار ئاغای کانی ) مامت نوسیبوو لەساڵی ( ١٩٤٠ ) شیعرەکە چۆن بوو؟**

**جاهید**:

ئەنفیەت (کانی) دەڵێن بسک و گوڵاوی تێکەڵە
دار عەکازیشت لەدارستانی گوندی هەرتەلە

باش دەکەی تەقلیدی لەنجەی قازی شابازە شەلە

مەیلی ئەشعارت وەکو جارانە ئاخۆ ئەم حەلە

بیستبووم صاحێب زەوق بووی سوحبەتت خۆش و بەتام

مەجلیست دایم بەمەی دەڕشاند شەو و رۆژ بلدەوام

خۆش قسە و خۆش خو و خۆش روو موزحیک و شیرین کەلام

اغە گەلدی چاغرن (عەیشۆکی) وێرسن هەلهەلە

(ایشیدن جانم دەڵێی) من  بعدی قاوەک فڕدەکەی

عەینەکە نایابەکەت ئینجا لەناوکیف دەردەخەی

(دون گیجەن بزنیز دەقالدق) پێت دەڵێن دەست پێدەکەی

جا لەبەحری وشکی فیکرت دەس دەکەیتە پێمەلە

(سەن دەخی اغا بزی بیر بویلە مەدح ایت شاعری)

شیعری چی دیوانی چی هەی کۆنە صۆفی قادری

کۆنە دەروێشی دەزانین تەقلەباز و شاعیری

(شمدیلک بە سدر ئەفەندم یوقسە چۆق قالمش هەلە)

**پ:لەگەڵ (مەدحەت بێخەوی شاعیر) شیعرێکتان پێکەوە داڕشت بوو، لەساڵی ١٩٥٦ لەشەقلاوە، دەتوانی چەند دێڕێکی بخەیتەڕوو؟**

**جاهید:**

پێکەوە دیسان بنوسین باسی ژینی دەردەدار

جا برا مەعلوومە ئێمەش هەر دەچین بۆ نێومەزار

خاکی کوردی زێڕوزیوە گەر بزانین قیمەتی

سەروەتی ئەم خاکە ئیلا غەیرەیە دەیکا ئینکار

ئێمە داماوین لەتاوی کوشتن و پیسی و دزی

ئاخ لەلاوانی کوردی تەمبەڵ و بێئیعتیبار

بێگومان بەلاوی ژیرم دەدری دڵ چارەی هەیە

تەرکی بادە و مەی فرۆشی و سوحبەت و بەزمی قومار



تۆپ و تەیارەی ئەجانب عالەمی داگرتووە

تۆش لەبۆ من هەر خەریکی حایوحولی و سێوچوار

کاکە جاهید خەم مەخۆ زامی دڵت تیمارکرا

چونکە من هەر (بێخەوام خەو نیەتی هیچ دەرمان و چار

**پ:لەسەردەمی پاشایەتی ئەودەم ( نجم الدین صائب ) متصرفی هەولێر بوو، شیعرێکت لەسەر دیواری سەرای هەولێر هەڵواسیبوو سەرە نجام لەسەری گیرای، شیعرەکە بەناوی ( بازاڕی فەلەك ) بوو دەقەکەی چۆن بوو؟**

**جاهید:**

بازاڕی فەلەک چەوتە بەفلسێ نیە ئەشعار

مەیدانی عەقڵ بۆتە تەویلەی کەر و کەردار

زیندانە مەقامی عوقەلا ژێردەستی غەدار

ئیتر بەچ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار؟

کانونی عقوباتە مەگەر ئالەتی ئەزیەت

دانراوە لەبۆ مەنفەعەتی مامە حکومەت

شێواوە لەدەس زەوڵمی هەموو میللەت

ئیتر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار!

**پ:بارودۆخەکە چۆن دەبینی هەزاران دەرچووی زانکۆ و خوێندەوار هەن بێ کارن؟**

**جاهید:**

هەزار موحامی هەزار فەیلەسووف

لەتەنشی دەدرێ ئەورۆ  وەکو سووف

هەزار مەلا و هەزار خوێندەوار

فلسەکی نەکا ئەورۆ لەبازاڕ

هەزار خەریجی ثانەوی و عالی

لەکون و قوژبن بۆخۆی دەناڵی

هەزار کاتبی خۆشخەت و ئینشا
بویتە خولامی  چەلەبی و پاشا
بۆ کامە حاکم دەرد و خەم بەرم
کێ بێ بخوێنێ قسە و دەفتەرم

**پ: مامۆستا جاهید شیعرێکی دڵداریت پێشکەش نەکردین؟**

**جاهید:**

بڵێن بەو یارە شیرینەم لەسەر روو پەردە با لادا
ئەوی هەم بوو لەدنیادا بەبەحری حوسنی ویم دادا
فیغانی گوڵ لەبۆ بولبول لەپاش مردن دەوانادا
ئەگەر هەیبێ چ ئیحسانێ بداتن پێم لەدنیادا

**پ:مامۆستا جاهید رووخۆش دیاری لەناخی دڵیش وای؟**

**جاهید:**

جاهید لەدڵدا گەلێ غەمگینە
ئەگەرچی لەڕوو بەپێکەنینە

**پ:شیعرێکی فەلسەفیتان هەیە دەربارەی خزمەتی زگ و بەناز گەورەبوون چۆن شیعرێکە؟**

**جاهید:**

عاقیبەت دەڕزێ لەشم هەرچەند بەنازی گەورەکەم
خزمەتی زگ چەند بکەم موحتاجی یەک نانم دەکا

**پ:وادیارە زۆر رات لەخۆیە؟**

**جاهید:**

خۆم مەدح ناکەم راستی ئەمەیە
لەگوێچکەتان بێ ئەم چەند قسەیە
بەجێتان دێڵم بەخوا وەعدەیە
منیش تابعی ئەمر و فەرمانم



# بێبەش



**بێبەش ناوی مەلا مەسعودی مەلا عەبدوڵای شەنەغەیە، لەساڵی (١٩٣٢) لەشاری هەولێر لەدایکبووە، باوکی لای مەلا گچکە لەهەولێر خوێندنی ئاینی تەواوکردوە، خەتیب و پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی بازاڕی هەولێر بووە. بێبەش لەساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەمجار تەجویدی قورئانی گۆڕیوە بۆ سەر زمانی کوردی.**

**پ: مامۆستا مەلا مەسعود چۆن شاعیرێکی؟**

**بێبەش**:

هەستیار و شاعیرێکی بێڕیام
گیانفیدای هەر کوردی مەردی گیانفیدام
نانەوێنم سەر لەبۆ کەس تاکو هەم
هەر بەسەربەستی هەتا ئێستا ژیام
هەر بەسەربەستی ئەبێ بمرم لەبۆی
هەر بەسەربەستی ئەدەم ئەوسا وەرام

**پ: مامۆستا خۆت بەکورد دەزانی؟**

**بێبەش**:

کوردم و بەکوردی بووم و خولقاوم
لەخاکی کوردی دروستکراوم
خاکی کوردستان نیشتمانمە
بۆی تێئەکۆشم تاوەکو ماوم

**پ: ببوورە مامۆستا کە پرسیم کوردی بۆ ڕەنگت زەردبوو؟**

**بێبەش**:

کوردەکی چالاک و پاک و دڵ بەبێ گەردم ئەمن
دژمنی کورد، خوێنی مژیم بۆیە ڕەنگ زەردم ئەمن

**پ: بۆیە ئەو پرسیارەم کرد کورد هەیە لەو هەولێرە ئینکاری لەکورد دەکات؟**

**بێبەش**:

هەرکەسێ ئینکاری قەومی خۆی بکاتن بیژییە[1]
پیس و بەدخوو و ناشەریفە باوکی مەعلومی نیە

١- بیژی : زۆڵ



تۆ کە ئینکاری قەومی خۆت ئەکەی سودی چییە
هەرنەمێنێ کوردی وەک ئەو چونکە نانی نانیە

**پ: کورد گەلێکی ڕەسەنە کێ بەکورد دەوەستێ؟**

**بێبەش**:

کەس بەکورد ناوەستێ تەنیا خائینانی کورد نەبێ
لێکی ناکا دۆست و دژمن تاکو ئەستۆی وردنەبێ
هەر لەپێشووی تاکو ئێستا حاڵی کورد هەروا بووە
هەروەهاش ئەڕوا بەچەوتی کورد ئەگەر لێی وردنەبێ

**پ:مامۆستا کوردی وات دیوە کورتی کردبێ؟**

**بێبەش**:

کورد دەبێ کورد بێنێ شەرتە و شەرتیەتی
کوفرە لایان گەر هەیانبێ یەکیەتی
زۆرمان دی لێکە کورد بوو کورتی کرد
دایە پول و پارە خۆیی و غیرەتی

**پ: ئەوە وایە دونیایە چ دەکەی؟**

**بێبەش**:

کاری حیزی وایە دونیا مەردی بۆم بێکار ئەکا
کار ئەداتە دەستی نامەرد کاری وا بەدکار ئەکا
وابزانم لەو دەمەی کە دونیای ناوبووە
ئیشی هەروا چەوتە کاری هەر خراپە و خوار ئەکا
پیاوی دوونی بەرزئەکاتن چونکە دونیا دوونییە
ئەم قسانەم زێترە ئەمما لەجەرگم کارئەکا

**پ: مامۆستا غەمی لێدەخۆم، جەنابت چۆن لەدونیا دەگەی؟**

**بێبەش**:

هیچە دونیا چەند سەرنجی لێئەدەم وەک پیاوی هیچ
غەم مەخۆ زانیت کە هیچە خۆت مەخە قەت داوی هیچ
گەر دەبینی پیاوی خاوەن ڕوتبە و ناوونیشان
هەر لەئێستا تێتبگەیەنم لێی‌نراوە ناوی هیچ
هیچ مەبە هەرچەندە هیچی خۆت مەشێوێنە بەهیچ
چەند هەزاری وەک جەنابت چوون لەژێر پێناوی هیچ
چەندی زەرب و تەرح و جەمعی بۆ ئەکەم هەر هیچ ئەکا
دەستی هیچ و لاقی هیچ و عەقڵی هیچ و چاوی هیچ

**پ: ئەو هەموو هیچە یەعنی چی ئەو شیعرەت بۆ داناوە و کێ فێری کردووی؟**

**بێبەش**:

ئەو هەموو هیچەی کە دیتت چۆن بەهیچ مەغروور ئەبی
لادە لەم فیکرەی کە هەیتە یەعنی فیکری خاوی هیچ
هیچ‌وپووچی هەندە زۆرە هیچی دونیای بێوەفا
خوایە بمپارێزی خوایە تۆ لەدەست بەدناوی هیچ
شیعرەکەی دامناوە بۆ هیچ تێتدەگەیەنێ هیچی تۆ
با بزانن گەر نەزانن پیر و گەنج و لاوی هیچ
(بێبەش) ئەم هیچە هیچە کێیە فێریکردووە
فێریکردم کاکی هیچم مەردەکی زاناوی هیچ

**پ: لەنێوان جەنابتان و مەلا غەفوری مهابادی شێوە شیعرێك هەیە جوان و ناشیرین یان ستایش لەژێر پەردەی زەمدا ئەو شیعرە چۆنە؟**

**بێبەش**:



تا بژیم تێتئەبرم خاوەنی جوانی و دەسەلات
چاوی ئاوات و هیوا ئەی گوڵی سەرتۆپی وڵات
دادەمرکێ کوڵی دڵ تاوەکو لێت بخەم چ دەبێ
بەسەری نوکی زبانم لەبنی پەنجەیی پات
هیچ نەبێ تاقە یەکێکم بدەیە با خۆم نەکوژم
لەو هەموو دەسرە کە پێی دەسڕی دەم‌ولێوی نەبات
گیانەکەم خۆ تۆ هەزار جار پترت داوە بەمن
قەولی بێ کردەوە هەر وشکە تریتم بەهیوات
نایەڵم بێشێ وەرە پێشێ دەبا بۆت تێخەم
ئەم دوو ئەنگوستیلە ئاڵتوونە لەقامکت بەخەلات
دە وەرە گیان و قەوەت! تۆزێ ئەمەم بگرە بەوەت
نەزمی دەستم بەسەری پەنجە نەخۆشم کە لەلات
لێت نەچێ ڕەنگە لەبەر تەنگی دەبا بۆت تەرکەم
دەستە نەرم‌وشلەکەت بازنە ئازاری نەدات

**پ: مەشهوری بەشیعری داشۆرین چی دیکە لەژێر پەردەی زەم باسیدەکەی؟**

**بێبەش**:

پاش و پێش هەریەکە بۆ من کە مەبەستم چوونە
زەردە لیمۆت بخەمە دەستمەوە یا پرچی سیات
من ئەگەر ئێکی بڵێم حەقە ئەتۆ دەم بدەیێ
لەو هەموو سەروەتی حوسنەی کە هەتە ماچی زەکات

**پ: بۆ وا شێتانە واوەیلا دەکەی بۆ شۆخێك؟**

**بێبەش**:

منی مەجنون سیفەت، بۆیە ئەکەم هەر ئاهوواوەیلا

شکاندی شوشەیی دڵمی بەبەردی فیرقەتی لەیلا

وەها جەزبی دڵی کردم بەقووەی جازبەی حوسنی

بەجارێ موڵکی جیسم بۆی موسەخخەر بوو هەمووی بیلا

**پ/ ئەو شۆخە چییە وا شێت و شەهیدی کردووی؟**

**بێبەش**:

شەهادەت گەر بدەم هەقمە لەنێوی لەم نیە هەمتای

لەنێو جۆری بەهەشتیشا نیە شۆخێکی وا ئەعلا

بەباڵاو قەد سنەوبەر بێ بەدەم وا شەهد و شەکەر بێ

بەموو برژانگی خەنجەر بێ بەڕوو ماه و بەچاو شەهلا

بەڵام چ بکەم ئەمەندە کافرە، بەدبەخت و پڕکینە

نەبوو ساتێ تەڕەحومکا بەحاڵی عاشقی ئەسڵا

**پ: ئەو دولبەرە بێمەیلە وابکا ڕاست دەتکوژێ؟**

**بێبەش**:

ماڵی وێرانم ئەزانم ئەمکوژێ ئەم دولبەرە

هەندە بێمەیل و وەفایە دەرحەقم کەم باوەڕە

چەندەکی مەیلی ئەکەم بێمەیلە لەیلای لەیلەکەم

من لەعەشقی بوویمە مەجنوون ئەو کەچی سەودا سەرە

نەقسە بۆم تەشبیهی ڕوویکەم من بەئەختەر یا بەماه

بەدرە ڕووی جوزئێکە لەو ئەو ماهە یاخود ئەختەرە

**پ: بەچی دەچی جوانی، ئەو غەمە تاکەی، واز لەو عەشقە بێنە؟**

**بێبەش**:

گەر بنوسم وەسفی حوسنی یوسفی کەنعانی ئەو

زۆرە، بێ تەعدادە یاران سەد هەزاران دەفتەرە



من لەدونیا دۆزەخم دی ئاخیرەت فیردەوسە جێم

باوەڕت بێ بەو خوایەی خالقێکی ئەکبەرە

بێبەشم گەرچی لەیار و یاوەرم دەرد و خەمە

نابەزم لەم عەشقە هەرچەند غەم لەگەڵ من یاوەرە

**پ: مامۆستا بۆ مەی ناخۆیتەوە بەڵکو مەست و بێغەم بی؟**

**بێبەش**:

کە من مەستی مەیی عەشقم چ موحتاجی مەی و بادەم

ببم بەنامەردی دوو دنیا ئەگەر مەیلی لەسەر لادەم

وەرە ساتێ لەڕێگەی خوا بپرسە حاڵی موشتاقت

لەبۆ تۆیە ئەمەندە ئاهوفیغان و ناڵە و دادەم

جنێو و غەزەب و قەهری لەگەڵ من عەینی ڕەحمەتە

ویساڵی لەحزەیەکی ئەو بەسەد حۆری بەهەشت نادەم

**پ: جەنابتان مەلا و دیندارن هەق نیە باسی مەی و بادە و دڵداری بکەیت؟**

**بێبەش**:

لەمەولا ناکەم باسی بادە و مەی

باسی دڵداری و ساز و عود و نەی

باسی نیشتمان ڕێی نەجاتمە

نایدەم بەڕوتبە و تەخت و تاجی

**پ: مەلا و ئاغا چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**بێبەش**:

کە بیرم لێکرد دەستمدا قەڵەم

مەلا وەرگێڕی ئەبێ بەئەلەم

سەرنجدە ئاغا عەکسی مەلایە

لەپاش و لەپێش (ئاغا) ئاغایە

**پ: هەقە قەدری شاعیران بگرین بەڵام بەڕای جەنابتان چۆن شاعیرێك؟**

**بێبەش:**

دیارە خاوەنی هۆش و شعوری
کە چونکە قەدری شاعیر چاک دەزانی
بەخۆی بێقەدرە ئیتر هەرچیەک بێت
کە قەدر و قیمەتی شاعیر نەزانی
بەڵام بەو شەرتە شاعیر خۆی نەگۆڕێ
لەگەڵ هەق بێ نەبێتە نانی نانی
دەبێتە پێشڕەوی میللەت کە شاعیر
بنوسێ شیعری بەرزی نیشتمانی

**پ: ئاخر ناترسی ئەو قسە هەقانە بکەیت؟**

**بێبەش:**

برای مەرد و نەبەرد و پایەدارم
برای تێکۆشەر و دانا و بەکارم
دەبێ شاعیر نەترسێ بۆ بترسم
کە چاوم کەوتە ناحەق بۆ بشارم
منی بێبەش لەسەر حەق پەلپەلمکەن
لە حەق لادەم دیارە نابەکارم

**پ: چەکت ناوێ، چەکێکت بدەمێ دژی دژمنەکانت؟**

**بێبەش:**

چەکم ناوێ چەکم پێنووسە بەسمە
بنووسم شیعر و ئەبیات و وتارم
بەڵێنمداوە تا ماوم بمێنم



لەسەر یەک ڕێگە بم وا بێقەرارم

**پ: ئەدی ئاواتت کە بێتەدی؟**

**بێبەش:**

هەموو ئاواتەکەم کوردە کە پێکبێ
کە پێکبێ کورد بەمە زۆر بەختیارم
بمێنێ کوردی خاوەن بیر و بڕوا
بەسە سەربەستە کورد و کوردەوارم

**پ/ ئیشت بکەوێتە چ کابرایەك باشە؟**

**بێبەش:**

مەرد بەنامەرد ئیشیکەوت گەر بۆی نەکا جێی مەردیە
مەرد بەمەرد ئیشیکەوت گەر بۆی نەکا نامەردیە

**پ:شە چ پیاوێك بێ غەمە؟**

**بێبەش:**

پیاوی کەر ئاسوودەیە خۆشحاڵە هەردەم بێغەمە
عاقڵی بێغەم مەحاڵە هەر نیە نەک هەر کەمە

**پ:ئەدی لەبەرچی (کەر) وا ناوی بەد و کەمژیر دانراوە؟**

**بێبەش:**

کەر لەبەرچی ناوی بەدبوو هەر لەبەر ئینسانی کەر
کەر دەبێ چی کردبێتن وەی دەنا دەمزانی گەر
پیاوی لێمان کوشتووە یان ماڵی لێمان خواردووە
خوێنمژ و زۆردارە ئایا وەک کەری دووپێ مەگەر

**پ:ئیش بدرێتە چ پیاوێك و چۆن بدۆزرێتەوە؟**

**بێبەش**:

گەر بدۆزرایە پیاو بۆ ئیش نەوەک ئیش بۆ پیاو
ئیشی بۆ وای لێئەهات کوردی هەژاری بەشخوراو
ئەگەر پیاو ئازایە تەنیا مافی چاکی خۆی هەیە
ئیش دەبێ بدرێتە دەستی پیاوی ژیر و لێوەشاو

**پ:ئامۆژگاریت چییە بەوەی خەڵك خۆی باب و باپیر هەڵکێشێ؟**

**بێبەش**:

خۆت هەڵمەکێشە بەباووباپیر
مەڵێ باوکی من پاشا بوو یا میر
کە خۆت چ نەبی چ سودی هەیە
باووباپیرت شابێ یا ئەمیر

**پ:شێخ مەحمودی نەمر کەی کۆچی دوایی کردووە؟ دەبێ لەبیربچێ؟**

**بێبەش**:

کوژاوە کارەبای بەختی بەجارێ کورد و کوردستان
کە کۆچی فەرموو شێخ مەحمود لەبۆ نێو جەننەت و غیلمان
هەزار و نۆسەد و پەنجاوشەش، تەشرینی یەکەم بوو
کە ڕووحی پاکی تەسلیمکرد بەئەمری خالیقی مەنان
هەتا مەحشەر لەبیرناچێ وەفاتی بەرزی ئەم زاتە
سەلاحەدینی سانی بوو مەگەر ڕۆیی لەناو دەوران



**پ:مامۆستا ئاواتەخوازی چیت؟**

**بێبەش**:

ئاوات ئەخوازم لەمەولا
بەیەکێتی دووربن لەبەلا
تێکۆشن بۆ ڕێی ڕاستی لە هەرلا

**پ:چی دیکەت هەیە بتەوێ بیڵێی؟**

**بێبەش**:

ئیتر با بەس بێ ئاخری قسەم
سوێندت پێئەخۆم قەسەم بێ قەسەم
لەقسەی ڕاستی و حەق لامنەداوە
مەشوورم (بێبەش) ئەمن ئەو کەسەم

# بێخود



**بێخود ناوی (مەحمود کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی موفتی گەورە حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە) کە ناوبانگی بە(پیرحەسەنی) دەرکردووە! لەساڵی ١٨٧٥ لەسلێمانی لەدایک بووە! لەساڵی ١٩٠٠ بۆتە حاکمی هەڵەبجە، مامۆستایەتی کردووە! موفتی بووە. لە(١٩٥٥/٨/٢٥) کۆچی دوایی کردووە!. هەشتا ساڵ ژیاوە.**



**پ: مامۆستا چۆن خۆت دەناسێنی و ناوت چی یە؟**

**بێخود** :

ئەگەر شاهم، وە گەر شەهێن و بازم (یا رسول اللّٰه)
وەتەن پەروەر و ئاوارە و هێلانە وازم (یا رسول اللّٰه)
ئەزانم خۆ خیلافی ئەمری تۆم زۆر کردووە ئەمما
کوڕی خۆتم بەلوتفی تۆ ئەنازم (یا رسول اللّٰه)
غولامێکم ئەوا خۆم خستە قاپی غیرەتی تۆوە
بەناو (مەحموود)م ئەمما هەر (ئەیاز)م (یا رسول اللّٰه)

**پ:مامۆستا مەلا بێخود دەمەوێ بپرسم چۆنە سحەتت؟**

**بێخود** :

لەبێخود ئەرسووئال ئەکەن کە: چۆنە، چاکە سیحەتی
بەدەردی عەشقی لەیلاوە نەماوە هێز و قوەتی
بەناڵە ناڵی گەرمی یا! بەئاهی سەردی حەسرەتی
بەئەرخەوانی ئەشکی یا بەزەعفەرانی سورەتی
لەچۆڵی بێنەوایی یا لەقەیسی لەش بەبارئەکا

**پ:گەر لەدڵ و ڕۆح و چاوت بپرسین حاڵیان چۆنە؟**

**بێخود**:

لەم گوڵشەنە گەر حاڵی دڵ و ڕۆحم ئەپرسن
ئەی مورغی زمانم شەو و ڕۆژ نەغمە سووراتان
دڵ ڕۆییوە، بیستوومە ئەڵێن وا لە(مەدینە)
ڕۆح ماوە کە بیکەم بەفیداتان بەفیداتان
چاوم کە لەلام گۆزەیە، ئەشکم بەمەثهل ئاو
خۆیشم کە لەلای ئێوەم ئەوا بووم بەسەقاتان

**پ:دڵ بۆ ڕۆییوە؟ چیت لێ قەوماوە؟**

**بێخود**:

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگرێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بەچ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخۆ بەچ داخێکەوە سووتاوە دڵی من
ئەتلێتەوە گاهێ بەخەیاڵی خەت و خاڵی
ئەخولێتەوە گاهێ بەچرای شەوقی جەمالی
نازانی ئەگەر چۆنە بەدەس دەردەوە حاڵی
وەک پووش و پەڵاشێکە بەدەم باوە دڵی من

**پ:دڵت چی دەوێت و بۆچی دەگری؟!**

**بێخود**:

دڵم بۆ زولف و رووی جانانە ئەگری
مناڵە و بۆ گوڵ و ڕێحانە ئەگری
چرا ئیمشەو کەوا فرمێسک ئەرێژێ
ئەڵێی هەر بۆ منی پەروانە ئەگری
کەوان ئەبرۆ، بەتیغی غەمزە تاکەی
لەجەرگم بێگوناه نیشانە ئەگری
لەبەزمێکا کە ساقی چاوی تۆ بێ
مەی ئەرژێ، دڵ ئەچێ، پەیمانە ئەگری

**پ: ئەو دڵەت لەداخی چی وا دەکا؟!**

**بێخود**:

ئەی دڵ، لەداخی ئەو مەهە بتلێ بەدەردەوە
برژێنە ئەشکی گەرم بەدەم ئاهی سەردەوە



دەرچوو بەداخی عەشقەوە ڕۆحی ڕوانمان
فەرهاد بەبێستوونەوە، مەجنون بەهەردەوە

**پ:ئەمەوێت خەنجەرێکت بەدیاری بدەمێ؟**

**بێخود**:

بێ قەدی توبایی تۆ سەرووی ڕەوانم بۆچیە؟
جەننەتی فیردەوس و عومری جاویدام بۆچیە؟
تا موژە و ئەبرۆی جەوهەرداری تۆ بێ ئەسڵەحەم
خەنجەری قەزبین و شمشێری دەبانم بۆچیە؟

**پ:ئەی میوە ناخۆیت؟**

**بێخود**:

تا بەهاری ڕوویی گوڵ ڕەنگت بڕێژێ ڕەنگی حوسن
سونبول و نەسرین و لالە و ئەرخەوانم بۆچیە؟
جێگە گازی من، هەتا ئەو ڕومەت و ئەو لێوە بێ
سێوی سەردەشت و هەناری شارەبانم بۆچیە؟

**پ:تاکەی وا دەکەی؟**

**بێخود**:

تا لەمن ئەو ماهی چاو بەخومارە خۆی ونکردووە
تیفلی دڵمی تووشی بیماری سەروبن کردووە
من لەحەلقەی خەتمی نازا زۆر هیلاکی غەمزە نیم
ڕاییتەی ئەبرۆ جگەرمی ئەنجن ئەنجن کردووە

**پ:واز لەو عەشق و گریانە بهێنە؟ ئەگەر پرسییان مامۆستا بێخود بۆ وای لێ هاتووە؟**

**بێخود**:

تو خودا با هێندە بگریم تا بزانن شارەزوور

سەیلی فرمێسکی من ئاوی زەڵمی لێخن کردووە
خوا لە(دزیاش) هەتا (ئەحمەد برِندە) و تا (پریس)
تا (عەبابەیلێ) و (هەڵەبجە)ی قیبلە بۆ من کردووە
گەر ئەپرسن چۆنە (بێخود)؟ دڕک و داڵی دەشتی عەشق
دوور لەئێوە پێی دڵیشی دەرزی ئاژەن کردووە

**پ: مامۆستا ببوورە خۆت بەخەتابار نازانی؟!**
**بێخود:**
وەک خاڵی گۆنا، هێندە خەتابار و رووڕەشم
وەک پەرچەمی بەشانە نەکردوو موشەوەشم

**پ:بۆ مشەوەشی؟**
**بێخود:**
گەهـ سینە چاکی غەمزەیی خوبانی بێوەفام
گاهێ کەتانی پوڕتەوی روخساری مەهوەشم
وا سارد و گەرمی زوهد و گوناهم کە تێئەگەم
مەحرووسی ئاوی کەوسەر و مەحکومی تاتەشم
من چۆن نما ئەکەم کە وەکو گیسکەکەی هەیاس
هەر شانی گورگی دێو و سەگی نەفس سەرکەشم
ئەی ناخودایی بەحری کەرەم وەختێ رەحمەپێم
کەشتی هەموو شکاوم و دەریا لەباوەشم

**پ:بەتەمانی ئەمجا بەشیعر لەسەر شتێکی دیکە بدوێی؟**
**بێخود:**
ئەمجا لەعوود و روود و نەی و مەی شەراب ئەدووم
یەعنی لەغەیری ساقی و موئەریب خراپ ئەدووم



لەوساوە عاشقم بەبرۆ و روویی دوڵبەران
دایم لەمانگی یەکشەوە ئافتاب ئەدووم

**پ:گلەیی ناکەیت لە بەشی خۆت؟**
**بێخود:**
(بێخود) ئەتەوێ قەسری قەناعەت بێ جێت؟
رازیبە بەوەی کە وا خودا، داویە پێت
گەر بچیتە گەرووی تەنگی نەهەنگیشەوە؟ تۆ
ئەو رزقەی کە دانراوە بۆت ئەی نێژێت..

**پ:ئەو زاتە هەولێریە کێیە بەتەمایە کەوێکت بۆ بنێرێ؟**
**بێخود:**
ئەم زاتە کەمال مودیری هەولێرە
هەم سەیدە، هەم شاعیرە، هەم چاوتێرە
بۆ ئێوەیە ئەم روباعیەیەی نوسیوە
مەمنونم ئەگەر (کەو) شک ئەبەن بنێرە

**پ:سەیدت پێ چ ئەسڵێ و نەسەبێکە؟**
**بێخود:**
سەید نەسەبێ لەئەسڵی زەهرایی بەتوول
یەعنی نەتەوەی عەلی فوحوولی ئینجا فوحوول

**پ:زۆر لەسەیدەکان هی بەرزنجەن، جەنابت چۆن باسی بەرزنجە دەکەن؟**
**بێخود:**
گڵی یاقووتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەررزنجە
گیای زمرووتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەررزنجە
لەلای کوێر گەر بینای وەک دۆزەخە، ئەمجا لەلای چاوساغ
وەکو قەسر و قوسووری (جنه المأوی)یە بەررزنجە

**پ:بەرزنجەت بۆ پێ پیرۆزە؟**

**بێخود**:

مەتافی یادگاری شێری یەزدان (حسێنە)

زیارەتگاهی ئالی حەزرەتی تەهایە بەرزنجە

نەوەک هەر کانیاوی عەینی شەهد و شیر و تەسلیمە

درەختیشی لەلای ئەربابی خۆی تووبایە بەرزنجە

بڵێ رووی تێنەکەن دەجال و فیرعەونی زەمانی (بێخود)

کە جەولانگاهی شێخ عیسا و شێخ موسایە بەرزنجە

**پ:بە مەلیك شێخ مەحمودیان راگەیاندبوو گوایە جەنابت ئیش بۆ کافران دەکەیت، ئایا تا چەند ئەو بوختانە رەتدەکەیتەوە؟**

**بێخود**:

من کە ئیسلامم لەسایەی موعجیزەی پێغەمبەری

ئەم ئەبوجەهلانە، (بێخود) پێم ئەڵێن تۆ کافری

رەبی روورەش بم، ئەگەر نێزیکی ئەم بوختانەبم

خۆ ئەگەر دوورم، ئیلاهی، رووسپی بێ موفتەری

**پ: پرسیارێکی دیکە، یانەی سەرکەوتن لەبەغدا چی یە و کێ دایناوە؟**

**بێخود**:

یانەی سەرکەوتن کە نادی ناوە

لەشاری بەغدا بینا کراوە

بانی ئەم یانەش (مەعروف جیاوک)ە

کە بۆ قومی خۆی (الحق) باوکە

**پ:باشە کێ سکرتێرە؟**

**بێخود**:

لەگەڵ سکرتێر کە، ئەورەحمانە

ئەو ئەورەحمانەی کە نووری جانە



وەتەن پەرست و خادیمی کوردە

لەهەموو عیلما شارەزا و وردە

**پ:ساڵی چەند ئەو یانە دامەزراوە؟**

**بێخود**:

گەر ئەو تەئریخەش نازانی چییە

ساڵی میلادی نۆسەد و سییە

**پ:مەبەست لەو یانەیە چی یە؟**

**بێخود**:

غایەی نادیمان بۆ ئەم کوردانە

بڵاوکردنەوەی عیلم و عیرفانە

وەک ئەخلاق، ئەدەب، تەئریخ، جوغرافی

لەگەڵ یەکێتی بەدڵێکی سافی

وەکو بەکوردی دانانی لوغات

وەک تەشجیع کردن لەسەر مەسنوعات

بۆ کتێب دانان لەگەڵ تەرجەمە

هەرچەند تێکۆشین هێشتا هەرکەمە

لەموساعەدەی گهلەبەی فەقیر

تکامان وایە هیچ نەکەین تەقسیر

قوتابی زیرەک بنێرین ئاوا

بۆ وڵاتی دور یانی تا رۆژئاوا

**پ:کارێکت نی یە بۆت جێ بەجێ بکەم؟**

**بێخود**:

ئەی سەبا، ئەی قاسیدەی ئەربابی ناموس و شەرەف

هەستە تا کەرکوک بچۆ ئازانە ئەمما (لا تخف)

ئەم عەریزەم بۆ مودیری مەنتیقەی تاپۆ بەرە
یەعنی چاور حاجی ئەحمەد زادە ئەورِەحمان شەرەف

**پ:چی پێ بڵێم و جەنابت چ دەڵێی؟**

**بێخود**:

پێ بڵێ وەک من هەموو ئەهلی سولەیمانی ئەڵێن
حافیزی ئەو بن لەکاک ئەحمەد هەتا شاهی نەجەف
هەر بەناوی عالەمی ویجدانەوە بەندەش ئەڵێم
هەر بژی تاپۆ مودیری، هەر بژی (نعم الخلف)

**پ:ئەرێ چۆنت زانی شوکری سەعیدە فەندی نائیبی کەرکوك لەساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کردووە؟**

**بێخود**:

پرسیم لەئەدیبێکی حەزین ساڵی وەفاتی
(شکری) کە دوعای عەفوی ئەکەن حازر و غائیب
بەم شیعرە ئەویش جوابی منی دایەوە، فەرمووی:
ئەی (بێخود)ی ئالودە بەئەنواعی مەسائیب
تەئریخی فەنایی ئەبەدی (شکرییی نائیب)

**پ:گەرەکمە بە( تەق تەق )دا بچمە کەرکوك چ دەفەرمووی؟**

**بێخود**:

گەرەکتە گەر نەکەی وەختێ کە چوویتە شاری (تەق تەق)، تەق
دەخیلت بم نەکەی قەت جێ بەتەیری حاجی لەق لەق، لەق

**پ:چۆن لەزانا و دانا دەگەی؟**

**بێخود**:

ئەوی دانایە جەرگی وەک پەلاسە
ئەوی نادانە نازانێ چ باسە



**پ: پێشت وایە خوانەخواستە بمری؟**

**بێخود**:

(بێخود) شەوەکەی هەتا بڵێی تاریکە
ڕێگەش بەخودا درێژ و زۆر باریکە
کاروان هەموو باریکرد و ڕۆیشتن، تۆش
خۆت گورجەوەکە ڕۆینت نێزیکە

**پ:دوا وتەت؟**

**بێخود**:

فیدات بم توخودا ئەی قەبری تەنگ وتیرە بڕوانە
کە روناکی دوو چاوی (بێخود)ت ئێستاکە مێوانە

# فایەق بیکەس



**بێکەس: ناوی فایەق کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کاکە حەمەی کوڕی ئەلیاسە قۆجەیە. بنچینەی بنەماڵەیان لە قەڵاچوالانەوە هاتوونەتە سلێمانی، خۆی لەساڵی ١٩٠٥ لە سیتەك لەدایکبووە. ڕۆژی ١٨/١٢/١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە.**



**پ: مامۆستا بێکەس با لەوەوە دەست پێ بکەین، کام شیعرت بوێرانەو بێ منەتانە ڕووبەڕووی ( ئەدمۆنس ) ڕاوێژکاری ئینگلیز لە سلێمانی خوێندەوە؟**

**بێکەس**:

بیست وحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بەنان و ئاوو جل وبەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لەپێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چیبوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بەناهەق وا سوکت کردم؟

**پ: قوربان پێت وایە ئەمجارە کورد ئازاد بێ و ئاڵای خۆی هەبێ؟**

**بێکەس**:

دەنگ بلاوە خەڵق ئەڵێن ئەمجارە کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن، بیڵێن، لە لام وایە درۆ چاو بەست ئەبێ
سەد هەزار جارمان سیاسەت، تەجروبە کردو کەچی
ئێستەکەش زۆرمان، بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ

**پ: بۆ مامۆستا نابێ کورد سەربەخۆ بێ؟**

**بێکەس**:

کەی حقوق ئەدرێ؟ ئەسەندرێ، عەیبە ئیتر تێبگەن!
سەربەخۆیی چۆن نەسیبی قەومی وابێ دەست ئەبێ

**پ: دەنا جەنابتان پێی وایە کورد ئیسپاتی کردووە سەربەست بژی؟**

**بێکەس**:

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن، هەر ئەبێ سەربەست بژین

**پ: ئاخر دەنگوباسی ئازادی و هەق خۆ درۆ نییە؟**

**بێکەس**:

حورییەت و عەدالەت درۆیە بێ ئەساسە

بۆ دەس برینە ئەم هەموو دەنگ و باسە!

**پ: مامۆستا ئاخۆ دەبێ لەبەرچی بێ، کورد بەئاوات و مەبەستی خۆی ناگا؟**

**بێکەس**:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وابێ لانەیە

**پ: بەڕای جەنابتان چی بکەین؟**

**بێکەس**

هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ

لەجێی سەربەستی بۆ زنجیرت بێ؟

**پ: مامۆستا بێکەس.. مامۆستای زاناو مێژوونووس (ئەمین زەکی بەگ) چۆن پیاوێك بوو؟**

**بێکەس**:

پیاوێک بوو بۆ کورد تەئریخی نووسی

لای نەدا لەڕێ، مەوقیع و کورسی

زۆر فیداکارو میللەت پەرست بوو

هەواڵی قەومی بەدڵ ئەپرسی



**پ: مامۆستا ئێوە لە پاڵ کوردایەتی، ڕۆڵی گەورەتان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی عیلم و خوێندەواری.. پێتان ناخۆش نەبێ، دوایی بۆ وازتان لەعیلم هێنا؟**

**بێکەس**:

تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم

سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێ پەڕیم

سەد شوکر نەجاتم بوو لەباسی عیلم و فەن

نامگرن جارێکی تر، بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیم

**پ: ئەدی ئەو قسانەی پێشتر بە خەڵکت گوتووە دەربارەی خوێندن؟**

**بێکەس**:

گەرچی تا ئێستا وتوومە: تێ بگەن زوو پێ بگەن

بەو قسانەم قەتعیەن باوەڕ مەکەن سەگ بووم وەڕیم!

**پ: قوربان لەبەرچی وا تووڕەن ئاخر بۆ وا بیر دەکەیتەوە؟**

**بێکەس**:

شەرتە کەربم بارە گوێزم لێ بنێن خرەی نەیێ

با دەمێ زۆرو کەمێ وەک بێ غەمێ بۆ خۆم بژیم

**پ: مامۆستا ئێوە روناکبیرن بۆ وا بەگژ عیلم دا دەچن؟**

**بێکەس**:

عیلمی ئێستا بۆتە مایەی دەردی سەر

عیلمە بۆتە واسیتەی مەحوی بەشەر

تف لەعیلم و سەنعەت و سەد کارەبا

مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا

**پ: مەرحەبای چی؟ قوربان لە جەنابتان ناوەشێتەوە ئەو قسانە؟**

**بێکەس**:

هەقمە لێم گەڕێ تەعنەم لێ مەدە

حەقێکی ئەوتۆ لە سەدا سەدە

مردم ئەوەندە هەوڵ و چەنەم دا

هەرچێکم نوسی گشتی چوو بە با

**پ: مامۆستا لەسەر ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەت پایەیەکی تایبەتی و ڕێزی خۆت هەیە لەناو خەڵك.**

**بێکەس**:

لەحاڵم بۆیە بێزارم، تەماشاکەن کە چەند عەکسم

لەپەستی بەختی نا پوخت و لەبەرزی عیزەتی نەفسم

**پ: قوربان جا ئەمە شانازییە بۆ جەنابتان**

**بێکەس**:

بەدوو ڕوویی و درۆو ساختە گەلێ کەس پێگەیی، ئەمما

منی بێکەس، لەسەر ڕاستی بە دائیم گیرەوەی حەپسم

ئەوانەی دوێنێ گاڵتەم پێ ئەکردن، ئێستە زۆر بەرزن

تفوو لەم بەختە سەر سەختەو لەناوچاوانی وا نەحسم

**پ: مامۆستا وتارو شیعرەکانت لەناو خەڵکدا نرخی خۆی هەیە.**

**بێکەس**:

ڕەواجی کوانێ لای خەڵقی وتارو شیعری پڕ مەعنا

گەلێ کەس پێکەنینی دێ بە گوفتارو دەم و لەوسم



**پ: مامۆستا بۆ هێندە بێزاری لەژیان؟**

**بێکەس**:

عومرێکی توڕەهاتە      بێ کەڵک و بێ سەباتە

ئاخری قەبری تەنگە      ئەوی کە لۆرت و لاتە

**پ:قوربان خوانەخواستە گەر عەمری خوات کرد وەسیەتت چییە؟**

**بێکەس**:

دونیایە وەسیەت ئەکەم لەلای تۆ

کە مردم توخوا هەربەمەی بمشۆ

**پ: مامۆستا بۆ هێندە مەراقتان ئارەق خواردنەوەیە، دەریدەهێنێ هەموو ئێواران بخۆیتەوە؟**

**بێکەس**:

داخی قەرزاری عەرەق خستوومیە فاک و فیکەوە

گا بە دەس جەرجیس و عەبدەو گا بەدەس ئۆفیکەوە

**پ: قوربان چ زەوقێکی لێ دەکەن، چۆن خۆشە سەرخۆشی؟**

**بێکەس**:

خۆشە سەرخۆشی ئەگەر تووشی ڕەفیقی تووش نەبی

ڕابوێری هەر بە گۆرانی و قسەی عەنتیکەوە

**پ: مامۆستا بۆ شاعیرێکی گەورەی وەك جەنابتان لۆمەت ناکەن بخۆیتەوە؟**

**بێکەس**:

هەقمە گەر ئارەق بخۆم توخوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن

زەحمەتە بێ مەی ژیانم، بەم دڵەی تاریکەوە

**پ: قوربان لەبەرچی ئارەق دەخۆیتەوە؟**

**بێکەس:**

من ئارەق ئەخۆم کە بێ کەدەربم

کەمێ لە دنیای دوون بێ خەبەر بم

**پ: مامۆستا عارەق زەرەری هەیە، بامیەو قبوولی خۆشتر نییە؟**

**بێکەس:**

عافیەتی تۆ بێ بامیەو قبوولی

با من بە عارەق تووشی زەرەر بم

**پ: جا قوربان نەختێ پارە خڕ بکەیتەوە باشتر نییە، تۆ رازیت بە زەرەری خواردنەوە؟**

**بێکەس:**

من کە رازی بم بە نەختێ عەرەق

بەچۆرێ چێشت و لەتێ نانی رەق

کەڵکەڵەی پارەم لەسەردا نەبێ

حیرس و تەماعم دابێتە بەر شەق

**پ: مامۆستا جەریدە دەخوێنیتەوە، شوکر مەعاش زیادی کردووە وەزعتان باش دەبێ؟**

**بێکەس:**

| | |
|---|---|
| قريت في جريدات | ترفيعات طالعات |
| بكل دائرات | ماكو ابدا مغدورات |
| اما الاني فمسكين | أكو ترفيع تأخيرات |

**پ :جا مەعاش چۆن دەدرێ؟**

**بێکەس:**

مانگ زۆر درێژە بۆ پیاوی ناپووت

تا مەعاش ئەدرێ رۆح دێتە سەر لووت



**پ: قوربان چیت هەیە دەربارەی پارەو پوول بینوسین؟**

**بێکەس:**

ئەمەت پێ ئەڵێم ئەتۆش بینووسە

ئیمان و دین و شەرەف فلووسە

**پ: مامۆستا پێت وایە خەڵك زۆر گرنگی بە شیعر و ئامۆژگاری دەدا؟**

**بێکەس:**

کێ گوێ دەداتە شیعرو نەسیحەت

کێ پەسەند ئەکا قسەی بەقیمەت

**پ: قوربان عەیب نییە ئەو گفتوگۆیە بڵاو بکەینەوە، تەئسیری نییە؟**

**بێکەس:**

(عەیبە عەیبە) ئەی رەفیقان ماڵی خەڵک وێران ئەکا

پیاو ئەخاتە سواڵ و سووکی گەورە سەرگەدان ئەکا

سەیری کە ئەم عەیبە عەیبە، چەندە تەئسیری هەیە

کوردی کردۆتە موهاجیر ئیش لەناو شاران ئەکا

**پ: مامۆستا گیان ئامۆژگاریت چییە؟**

**بێکەس:**

یەکگرن.. پێشکەون.. راپەڕن.. سەرکەون

چاوی لێتانە دایکی وەتەن

**پ: مامۆستا ماندوومان کردی پرسیارێکمان ماوە زەحمەت نەبێ؟**

**بێکەس:**

چی تر ئەزانن؟ وازم لێ بێنە

پەردەی ئەسرارم، زۆر پێ مەدڕێنە

قسەم زۆر ماوە، رەقە وەک بەردە

کاکە لێم گەڕێ، بەرۆکم بەردە.

# ســـــابیـــــری

**صابری: ناوی شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ عەبدول رەحمان کوڕی شێخ مەحمودە، لەساداتی بەرزنجەیە! لەساڵی ١٨٨١ لەدێی شۆڕیجەی قەرەحەسەنی سەر بەپارێزگای کەرکوك لەدایك بووە! پلەی خوێندنی زۆر نیە، بەڵام شیعری بەکوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی داناوە! ئیمامیەتی و شێخایەتی و مەلایەتی کردووە! شارەزای داوودەرمانی کوردەواریی بووە! حەکیم بووە! له١٩/١٢/١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە، لەشۆڕیجە نێژراوە.**



**پ:قوربان هاتوم بۆدەمەتەقێ یەکی شیعری گەر نە بمە مایەی رەنج و ئازارت؟ گەرچی نەخۆشی ؟**

**سابیری**:

جزاک اللّٰه- کە تۆ هاتی بکە سەردانی بیمارت
شفات هێناوە یەعنی میوە هاتی رویی گوڵزارت
ئەتبا دەردی دڵ مشکل ئەزانن سەهلو ئاسانە
بەئەوراقی گوڵی حوسنت بەلێوانی شەکەر بارت
سەلا لەو رۆژە تەشریفت بچێتە سەر نەخۆشانت
وەکو زەڕە لەدەورت رەقس ئەکەن سوتاوی دیدارت
تەماشاکە لەئاوێنە، دیارە چارەیی دەردم
ئەگەرچی پێم ئەڵێن خەڵکی بەلوقمان ناکرێ چارت
بفەرموو با نەچم بێ توشە بۆ سەحرای بێپایان
وەئیلا خۆت ئەزانی دەبمە مایەیی رەنج و ئازارت

**پ:تکایە ناوو نازناوت چیە؟**

**سابیری**:

شێواوم وێنەی قەیسی عامری
ناوم "نجم الدین" لقب "صابری"
ئومێدم وایە ستار (العیوب)
بداتە (صابر) سەبرەکەی ئەیوب

**پ:دەکرێ بزانین ناوی باب و باپیر و رەچەڵەکت، کێیە و چیت؟**

**سابیری**:

من ئەبێ چی بم لەفەزڵی بێشوماری دەم بدەم
یا بەیانی (معجزات)ی "انبیاء اللّٰه" بکەم
با بمێنێ یادگاری دەردی (نجم الدین نجل)
عبدالرحمان ابن شێخ محمود بەرزنجی أصل

**پ: پیربـووی و لـە پایزی تەمـەنی، هـی هـەژاریی و کـەم دەرامـەتیت نیـە و یـان گە نجایەتیت نەما؟**

**سابیری**:

پایزی پیری پەیابوو نەوجەوانیمان نەما

نەوبەهاری عەیشو نۆش و کامەرانیمان نەما

شیری پیری دەست و پێی ئاسکی جوانی تێکشکاند

قوەتی سەرپەنجە و باسکو زرانیمان نەما

ئێمە دونیامان نەخستوو ئەو هەمووی خستینەژێر

ئیعتیبار و دەسەلات و پالەوانیمان نەما

روو لەچۆلی غەفلەت و پشتمان لەکەعبەی مەقسەدە

ئەی موسولمانینە کە سکی ئاوەدانیمان نەما

خاوەنی فەرمان و مێگەل بووین و روتبە و (اعتبار)

ئێستا با شاری شوانیمان. ئاشەوانیمان نەما!

صابری فەقر و قەناعەت فەخرە بۆ دین پەروەران

سەد شوکر وا مەرتەبەی دونیای فانیمان نەما!

**پ: بەو حالەتە خۆت بەچ نادەی؟ هیچت نەما کلاو دڕاو و لەکەلاوەی؟**

**سابیری**:

کلاوی سەر دڕاوی خۆم بەقەسر و گەنجی شاە نادەم

پلاوی سەر بەکشمیشی فەقیری یەعنی ئاسایش

خودا بیدا لەمەولا رووبەترشی و شۆربا نادەم

بەخوێنی جیفە بەرگی زاهیدی ئالودەکەم شێتم

بەتەوفیقی خودا دینم بەدوو نان و عەبا نادەم

کلیلی (صابری) قاپی هەموو مەقسودێ هەلدەگرێ

بمحمد الله بەدەس گرتوومە رەنجی خۆم بەبا نادەم!



**پ: بەچی پیربووی؟ حەیف!**

**سابیری**:

بیری کردم دەرد و زامی عەشقی جانان ئەی درێغ

توشی من بوو داستانی پیری کەنعان ئەی درێغ

مەحرەمی دەسناکەوێ شەرحی غەمی دڵ باتمام

بێ، بڵێم بەڵکو دەواکا دەوری هیجران ئەی درێغ

بولبول و گوڵ، شەمع و پەروانە هەموویان پێکەوەن

من وەکو یوسف بەتەنها حەپسی زیندان ئەی درێغ

داد و فەریادم لەلای ئەو شۆخە تەئسیری نیە

گەرچی فرمێسکم جیهانی کردە تۆفان ئەی درێغ

**پ: عومرت بەچ رۆیی؟**

**سابیری**:

عومری شیرینم لەرێگە عەشقی یارا بوو تەلەف

دائیما دڵ ناموراد و پڕ لەئازار و ئەسەف

هەر نەهات و حەسرەتی دوری لەدڵ بنێتەدەر

خاکی بەرپێی نازکت بنێم بەچاوا بۆ شەرەف

دڵ لەکن ئەوچاوە خوێندی ئایەتی (این لامفر)

پەرچەم و موژگان و زولفی جوملە وەستان بەمسرف

**پ: دەمەوێ حاڵیم بکەی وا سووتاوی تەمەنت چەند دەبێ؟**

**سابیری**:

کەسێ مانەندی.پەروانە نەسوتابێ پەروباڵی

لەسۆزی جەرگی سووتاو و دڵی من کەی ئەبێ حاڵی

ئەگەر خالیس نەبێ نیەت، بەتاڵە زیکر و جەمعیەت

بەرەنگ ئەیوب خاسیەت، بەباتن خوایی دەجالی
حەیاکە (صابری) نەفست بناسە خوا شوناسێکە
لەپەنجا تێپەڕی عومرت لەخۆت و خوا نەبووی حاڵی

**پ:کە دولبەرت لێ دابڕا چی دەکەی؟**

**سابیری**:

خودا هاوارە ئەمشەو دڵبەرم لێدابڕا چی بکەم؟
شەرارەی ئاگری دووری لەسینەم هەر گڕا چیبکەم
لەبەر دەرد و غەمی یارم نەخۆش و خانە بێزارم
وەکو مەجنون دڵم بۆ چۆڵ و سەحرا هەڵخرا چیبکەم
ئەوا چوو بۆ سەفەر لەیلا، بەجێ ماوم لەمن کەیلا
دڵەی مەجنون بەواوەیلا، قەرارم لێبڕا چیبکەم

**پ:چاوی چۆنە یار؟**

**سابیری**:

بالاّ گەردانی چاوی بم ئەڵێی (نجم)ی گەلاوێژە
دەمێ عیسا و لوقمانە، دەمێ سەفاک و خوێن ڕێژە
بەئەوەڵ تیریدا لەرزیم و غافڵبووم نەمزانی
کە من ئێستاکە هۆشیارم خەدەنگی تر بهاوێژە

**پ:چ بەیارەکەت بڵێم؟**

**سابیری**:

بڵێ: مەجنونەکەی سەحرانشین، ئەمشەو لەدوری تۆ
حاڵی (نەزع) داماوە...! برۆ ئیحسانە بنێژە!



**پ:بۆ بتنێژی؟ دەمەوێ بپرسم چیت لێقەوماوە و تەگبیرچییە؟**

**سابیری:**

مودەتێکە ئینتزارم بەم تەنی بیمارەوە
بەم دڵەی پڕ حەسرەت و دەرد و غەم و ئازارەوە
ئەی رەفیقانم علاجێ بێنە ئەم هاوارەوە
یاری من تۆراوە هەقی چوو بەلای ئەغیارەوە
چاری تریاکی بکەن دڵ بوو بەگازی مارەوە
کەی دەپرسی حاڵی دەردی عاشقی زار و مەلول
ناڵە ناڵی عاشقانت کەی دەگاتە گوێی قەبول
"إمشی میلاً،عد مریضاً بێنەجێ ئەمری رسول
ئەمری حەق دینم بەجێ تۆ بیوو خودا بم شارەوە!

**پ:بۆ چارەسەرێکی زامی دڵ ناکەی؟**

**سابیری**:

لەکوێ بێنم تەبیبێ مەڵحەمی زامی دڵی پێبێ
لەکوێ بێنم حەبیبێ حاڵزان ناڵینی گوێی لێبێ
لەکوێ بێنم نەسیمی مەحرەمی گوڵزاری لەیلێ بێ
خودایە قادری رەحمەت بکەی ئەم کارە هەرسێ بێ

**پ: پێت نەوتووە کەی دەبێ رۆژێ بێت بەجەژن و رزگارت بێ؟**

**سابیری**:

خودایە لەم شەوی دەیجورە کەی پەیدا ئەبێ رۆژێ
لەداوی زوڵفی رزگاری دڵی شەیدا ئەبێ رۆژێ
بەناحەق کوشتمی هاوارە شاهیدبن موسڵمانان
یەخەی بگرن لەجێگایە کە سرِ ئەفشا ئەبێ رۆژێ

وتم جەژنی ویساڵت کەی ئەبینم، ڕۆحەکەم فەرموی:
مەحاڵە تا لەدووری قەبرەکەت غەوغا ئەبێ ڕۆژێ

**پ: پێت خۆشە یار هێندە بە پیلان و سیاسەت بێ؟**

**سابیری**:

تۆران و جنێودانی بەپیلان و سیاسەت
پێم خۆشە کە بێگانە نەزانێ بەخەراسەت
سەدجار کە بەرووی ترش و قسەی سەرد دەرم کەی
هەردێمەوە وەک مێش بەهەنگوینی هەناسەت
هەرچەند کە لەبەر قاپییەکەت خوار و زەلیلم
نایدەم بەهەموو ڕوتبەی شاهان و ڕیئاسەت
هەر دێتەوە سۆ زامی دڵی (صابری) قوربان
ئارام و سەبوری نیە، سوتاوە لەتاسەت

**پ: دەمەوێ بپرسم بۆچی بێخەوی؟ دەتوانی تێم بگەینی؟**

**سابیری**:

گەر دەپرسی سەبەب و حیکمەتی ئەم بێخەویە
سەفەر و سونتەتی ئەو ماه رووە شەو ڕەویە
حەزئەکەی تێبگەیەی لەزەتی شەوبێداری
لەهەموو لەزەتی دونیا کە جیایی ئەوبیە
لەسەرا زەوقی گوناه و لەدڵا حوبی فەساد
ئەمە بۆ ڕوعفی دیانەت چ دەلیلی قەویە

**پ: دەردەوار و بێدەوا و بێمیزاج دیاری؟**

**سابیری**:

نا میزاج و بێدەوا خۆم دڵ حەزین و ناموراد



تابعی نەفس و هەوا خۆم گەنجی عومرم دا بەباد
غافلو غەرقی گوناهم، عاسی و نامە سیاهم
ڕورەشی دیوانی شاهم، عاجزی (یوم التناد)
چوو بەزایە گەنجی عومرم، لەم مەراقە چاکە بمرم
ڕۆژ ئەڵێ لەسەرخۆشی خەمرم، شەو لەخەودا وەک جەماد
نە لەقەهری هەق بترسە، نە لەگورز و شەق بپرسە
من ئەوا بمرم لەبرسا، عەیبە بۆ مەردی جەواد

**پ: ڕاستە عەیبە، بەڵام چیت بۆ پەیا بکەین؟**

**سابیری**:

(نفس)ی ئەمارە هەمیشە؟ خواردنی لێ بۆتە پیشە
پێم ئەڵێ قەت دامەنیشە، بۆم پەیاکە نان و زاد
بۆم پەیاکە چایی و شەکرە، ماڵی زەید و عەمر و بەکرە
هێندە خەیاڵ و بەمەکرە، ئابڕووی‌دا بەباد
چاو قبوڵیم بۆ پەیاکە، تەرکی ئیمان و حەیاکە
ڕوو لەمەردەی پادشاکە، بێنە هەرچی بادەباد
بێنە قاورمە لەچەوری، پڕ پیاز و پڕ بەدەوری
نانی گەنم بێ لەدەوری، گەرم و نەرم و بێ ڕەماد

**پ: باشە ساڵی گرانی، ساڵی چەندبوو؟ چۆن بوو؟**

**سابیری**:

لەتەئریخی هەزاروسێ سەد و سی و شەش کە مەشهورە
سەفەربەر چوو، گرانی هات، شێوا شار و مەعمورە
گەلێ شا و ئەمیر و قازی و موفتی کە سەرنەگوم بوون
گەلێ زەنگین و حاجی ناعیلاج موحتاجی هامون بوون

بزانن مادەری دونیا کە مەمکی نایەدەم زاتێ
کە سەد هەوڵیش بژێ، هەوڵیش بدا پولێکی ناداتێ

**پ:ساڵی گرانی بەچ مەشهووربوو؟ چی تێدا قەوما؟**

**سابیری**:

بەتەقدیری خوداساڵی سەفەربەلک کە مەشهوورە
بەجارێ عالەمی شێوان، وەکو هەنگی بدا پوورە
جهاد دەس پێکرا ئینگلیز و عوسمانلی بەشەڕهاتن
بەگوللەی تۆپ و تەیارە تەلەف بوو شار و مەعمورە
گرانی کەوتە نێو مەخلوق و ئینگلیز هات و ڕۆمی چوو
نمونەی حەشرە، نەفسی، نەفسییە ئینسان کە مەخموورە
بزانن ئەم خرۆشانە جەزای ئەعمالی خۆمانە
کە بێزارین هەموو لەم قاعیدە و قانون و دەستوورە

**پ:دەبێ شارەزای شەریعەت و عیلمی تەسەوف بیت! لەتەریقەتی قادریشی؟ سۆفی دەبێ چۆن بێت؟**

**سابیری**:

صۆفی دەبێ لەوحی دڵی سادە و سپی بێ، شوبهی (بەت)
ئەوسا دەبێ سڕی خودا بنوسن، خەت بەخەت
ئەی موستەعید ئوستادی تۆ بەو جوملە بەحری عیلمەوە
چونکە سڕی عەشقی نەبوو، بەو عیلمەوە خنکا لەشەت
دەرسی لەعیلمی ئەگەر، تەحسی بکەی بیکەیتەبەر
دونیا بێ ژێرەوزەبەر، ڕێگەی خودا ناکەی (غەڵەت)
ئاداب و عیلمی هەندەسە، هەر (قیل و قال)ە و وەسوەسە
تۆ وەرگە لەم سەد وەسە، دەرسێکە بێ خەوف و نەقەت



عەقڵت لەنەحوا سەرف ئەکەی، (حفظ)ی کەلام و حەرف ئەکەی
بێ دەرس عەشقت پێبڵێم عیلمێکە بێ حەرف و نەقەت

**پ:ڕات بەرامبەر هەندێ شێخ چی یە فێڵ لەهەژاران دەکەن؟**

**سابیری**:

ئەی شێخی تەکیە زل و خانومانی دین بچوک
وەی پیری دەعیە زل و گران جان و عەقڵ سوک
ئەمڕۆ بەباڵ و پەڕی دەوڵەمەندی ئەفڕی و سبەی
باڵ و پەڕت لەدۆزەخا ئەبێ هەڵەپرووک
ڕۆژی تیجارەت و تەمەع خۆت بەبرا گەورە عد ئەکەی
بۆ پیر و ریش سپی و جوان، نیە تازە بووک

**پ:کەسێك بەهایی و هووە دەبێ بەشێخ؟**

**سابیری**:

هەرکەسێ نەفسی شکانی سنگ و فیخ
هایو هو هو تەپڵ و دەف نایکاتە شێخ

**پ:شیعرێکی جیناست نیە؟**

**سابیری**:

بمکوژە بەڵکو حەیاتی جاویدانم دەسکەوێ
چاک ئەچم بۆ چەکی چاکان چەک بەدار و سینە چاک

**پ:بە پیتی دی هەر جیناس بێت؟**

**سابیری**:

تۆ کە (باب)ت گەنەمێکی خوارد و خوا لێیخۆش نەبوو
تۆ (کەباب)ت خۆش ئەوێ (صابر) خەسارەت ناکیە

**پ:بەیتی کەت نیە؟**

**سابیری**:

که (الذاتی) لەزاتی شێخی دی زاتی شکا بۆیە
که ساحێب زاتە صابر هەروەکو توتی سوخەن گۆیە

**پ:مامۆستا پەیامت بۆ موسوڵمانان چیە؟**

**سابیری**:

ئەی موسوڵمانان خودا لێمان قەبوڵ ناکا کەوا
وا بەجارێ دینی خۆمان نایەسەر نانوکەوا
حوبی دونیا زەوقی دینداری لەدڵمانا نەهێشت
شەرمەزاری هەردوو دونیا تابعی نەفس و هەوا
تەسویەی خاشاکی رێگەی دین نەکەی بێ حاصلە
خۆ بەبەیداغ و عەلەم نابێ بەشێخ و پێشەوا
خالقت کۆیە ئیتاعەی پێ بکە تەعەبێ خەبەر
با بەگەورەت حەزرەتی ئادەم (صفی) داکت حەوا!

**پ:قسەیەکی پیاوانەی دیکە وەك ئامۆژگاری؟**

**سابیری**:

دەمی رۆحم کە شیرین بوو لەمەولا
مەسەلمێنە لەدڵ بگرم قسەی تاڵ
قسەی پیاوانە نازانم بڵێم چی
دەسم پێکردەوە وەک شێت و مناڵ
لەبۆتەی ئاگر و دۆزەخ بترسە
بەملیۆن خەڵکی تێدا بۆتە زوخاڵ



**پ: پەیامت بۆ پیریی و مردن؟**

**سابیری**:

ئەلا، ئەی پیری ئاخرشەڕ، رەئیس قەوم و سەرخێڵی
هەتاکەی: غافڵ و مەستی، لەسەر تەخت و قەراوێڵی
شەڕی گەنجی نەما، هەڵسە لەخەو، سەیریکە ئاوێنە
ئەڵێی ئەی پیری نا زیرەک، هەتاکەی خوویی جاهیلی
شەوێ پیری وتی: (صابر) جوانی بێ وەفا رۆیی
وتم: تۆش ئاخری عومرم ئەبێ رۆژێ بەجێم بێڵی!

**پ:مامۆستا ئەگەر مردی؟**

**سابیری**:

ئەگەر چی من فەقیری شار و تۆ سوڵتانی بێ دەورانی
بەهەرحاڵێ کە من مردم! لەناکاو ئەتۆش ها مردی
ئەگەر یارانی رابردوو بەخێربێیتە یاد ئەمرۆ
بەخێر یادت ئەکەن خەڵکی سبەووی دویکە کە رابوردی
چیە دونیا زەستانە- ئەجەل بوو رەخت و بارانە
لەهەوری قیبلەوە (صابر) بەتوندی هات وهاوردی!

# براهیم ئەحمەد



**مامۆستا (براهیم ئەحمەد) لەساڵی ١٩١٤ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٣٧ کۆلێجی مافی لەبەغدا تەواوکردووە، دادگەربووە! گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە لەساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) نوسەر و شاعیر و رۆمانوس و سیاسەتمەداربووە لە٨ی نیسانی/٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە.، لەگردی سەلیم بەگی شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە ٨٦ ساڵ ژیاوە.**



**پ:مامۆستا دەمەوێ گفتوگۆیەکی شیعریت لەگەڵ سازبکەم لەکوێ دابنیشن؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێدابنیشین لەنێو گوڵشەنا

لەژێر سێبەری دار و دەوەنا

لەترسی دوژمن بەسۆزەی بەیان

گفتوگۆ بکەین لەگەڵ وەتەنا

**پ:جێی دیکە نیە لێی دانیشین و کۆڕی لێببەستین باسی مەرگ، ناڵەی هەژاران نەکەین؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێ دانیشین لەبن هەناران

کۆڕێ ببەستین چون مەی گوساران

باساتێ ناوی لەیادا نەبێ

مەرگی جوانان ناڵەی هەژاران

**پ:جگە لەبن هەناران و ناو گوڵشەن و جێگەی دیکە نیە بەخۆشی دابنیشین و نەختێ بنۆشین؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێدابنیشین لەبن داری بەی

نەختێ بنۆشین لەخۆشاوی مەی

ئینجا بزانە کامەیان جوانن

بەی رەنگی گەردن! مەی رەنگی گۆنەی

بێدابنیشین لەبن چناران

لەچاوی مەستی دیدە خوماران

بەری بەیان و سەر لەئێواران

بادە بنۆشین بەیادی جاران

**پ:باسی تافی جوانی خۆتم بۆ دەکەی؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێ با بۆت بکەم باسی جوانیم
رۆژانی بەرخیم شەوانی شوانیم
کۆرپەی ئازیز بووم شوانکارەی شادی
ژیام بەخۆشی هەتا توانیم

**پ:بۆ مامۆستا قەت بەخۆشی ژیاوی؟**

**برایم ئەحمەد**:

ژیام سەردەمێ بەکەیف و خۆشی
بەشادی کڕین بەخەم فرۆشی
تاکو پێم کرا روومەتم مژی
تاکو توانیم شەرابم نۆشی

**پ:مرۆڤ خۆشە! چۆن بژی؟**

**برایم ئەحمەد**:

ژیان بەلاتی و بێ دەسەڵاتی
هیچ درۆنەبێ سەد مەرگە ساتی
مرۆڤ بەدیلی بژی خۆشە یان
بمرێ بۆ بەرزی خۆی و وڵاتی

**پ:مامۆستا چۆن بژیم و چۆن قازانج دەکەم؟**

**برایم ئەحمەد**:

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لەزڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ



پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

**پ:مامۆستا مەبەستتە چۆن بمرین و چ بکەین؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێدابنیشین دووربین لەشادی
بمرین بەمەردی و گەردن ئازادی
بمرین لەرێگەی تۆڵە سەندنا
نەک لەسەر جێگە بەنامورادی

**پ:ئەوجا ئەوهابێ دەبێ خۆراك و خواردنەوەمان هەرخەم و فرمێسك بێت؟**

**برایم ئەحمەد**:

بادەی مەی دەبا فرمێسکی چەم بێ
خۆراکی ئێمە هەر دەرد و خەم بێ
دوایی لەخوێنی دوژمن تێر ئەخۆین
هەرچی چۆنێبێ هەرچەندە کەم بێ

**پ:مامۆستا لەبەرچی وابکەیت و چیت پێ دەکرێت؟**

**برایم ئەحمەد**:

لەبەرچاوی بەد لەترسی رۆژگار
دڵی خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی وشک بەناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

**پ:مامۆستا هیوا و ئاما نجت لەمەدا چی یە؟**

**برایم ئەحمەد**:

شێوەی شیرینی کەژی خوێنینم
شیرێکە لەسەر زامی برینم
ئازادکردن و بەرزی وڵاتم

هیوای گیانمە و ئامانجی ژینم

**پ:مامۆستا دەزانی شیرین یەك هیوای هەیە و بێزارە؟جەنابت چەند هیوات هەیە؟**

**برایم ئەحمەد**:

شیرین ئەزانم کە تۆش زاماری

وەک من عەوداڵی خونچەی بەهاری

هیوای تۆ یەکە هیوای من هەزار

من بێزار نەبم تۆ بۆ بێزاری

**پ:مامۆستا وەڕزبووم! خۆشی چی لەبەهارە؟**

**برایم ئەحمەد**:

بێدابنیشین دیدە پڕ ئەسرین

تۆ بگری بۆخۆت منیش بۆ شیرین

وا بەهاریش هات کەژ و کێو رەنگین

دڵەی عالەم.شاد دڵ خۆمان غەمگین

بەهارهاتەوە خۆشی لەیاران

خۆشی لەگوڵشەن خۆشی لەداران

خۆشی لەکۆڕی بادە گوساران

خۆشی لەبولبول خۆشی لەخاران

خۆشی لەعالەم دور لەدڵی من

شەونم بۆخاران دوور لەگوڵی من

زنجیر پیرۆزی دڵ مرودان بێ

با ئازاد بژی (بیری میللی) من

**پ:بەدەست خۆم نیە گریانم دێت؟**

**برایم ئەحمەد**:

چاوە وەک لێزمەی بارانی بەهار



فرمێسکی خوێنت بۆ پیا دێتەخوار؟

گریان کردەوەی بێدەسەلاتە

بێ دەسەلاتان ئەرزێن لەژێر بار

**پ:مامۆستا دەڵێن کاوەی ئاسنگەر کورد نەبووە، نەورۆز جەژنی کوردان نیە؟**

**برایم ئەحمەد**:

هەندێ کەس ئەڵێن کاوەی قارەمان

هیچ پەیوەندییەکی نیە لەگەڵمان

نەبۆ کورد بووە نەبۆ کوردستان

خوێنی زوحاکی رشتۆتە مەیدان

نە نەورۆز جەژنی گەلی کورد بووە

نەکوردیش هێندە زیخ و گورد بووە

کورد مێژووی نیە نوسین بهێنێ

چونکە هەمیشە پەیژە و پردبووە

**پ:مامۆستا پێت وایە : وایە یان وانیە؟**

**برایم ئەحمەد**:

من ناڵێم ئەمە وایە وانیە

ناشڵێم ئەوکەسە شارەزانیە

جارێ نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر

وابێ وانەبێ هیچی تیانیە

**پ:ئاخر کاوەی ئاسنگەر کوردبووە یان کورد نەبووە؟**

**برایم ئەحمەد**:

کورد بێ و کورد نەبێ کاوەی ئاسنگەر

کەم ناکاتەوە داخ و دەردی سەر

نان ئەو نانەیە ئیمرۆ لەخوانە

گەلی ژێردەست و خاکی دەستبەسەر

**پ:ئەدی کەی بلێین کاوە کورد بووە؟**

**برایم ئەحمەد**:

ئەو رۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری

لەگەڵ کاسبکار گشت خوێندەواری

هەموو دڵسۆزی دێهات و شاری

بڕیاری خۆیدا لەسەر رزگاری

بۆ سەربەخۆیی ئازادی ژیان

بۆ ژیانێکی خۆش و کامەران

بۆ هاتنەڕیزی گەلانی جیهان

پیکی کاوەیان نایەنەڕەی شان

ئەوسا کە بڵێ کوردە بۆت ئەلوێ

چونکە گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ

کوردیش نەبووبێ ئەو کاوەیەی کۆن

هەر کوردە بۆ خۆی کاوەیەکە نوێ

**پ:مامۆستا لەکەیەوە کورد هەیە؟ و ئێمە کوردبووین؟**

**برایم ئەحمەد**:

لەپێش ئاگر پەرستیدا

لەپێش موسڵمانیەتیدا

لەدیلی و لەسەربەستیدا

**پ:بەچی کوردی، یان نەتەوەیەکی دیکەنی؟**

**برایم ئەحمەد**:

نەعەرەبم نەئێرانیم

نە تورکێکی شاخساتنیم

نەک هەر من خۆم، مێژووش ئەڵێ



کە کوردم و کوردستانیم

نە نەنگییە و نەپیاوەتی

جیاوازی نەتەوایەتی

بڕیارە مێژوو داویەتی

کە کوردین و هەر کورد ئەبین

**پ:مامۆستا لەماوەت لە١٩٦٢/٧/١٠ سرودێکت بۆ پێشمەرگە دانابوو چۆن بوو؟**

**برایم ئەحمەد**:

من پێشمەرگەی کوردستانم

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەر و ماڵ و ژیانم

ئەیپارێزم نیشتمانم

دەست لەخەبات هەڵناگرم، یان سەرئەکەوم یان ئەمرم

**پ:چۆن بزانم دەست لەخەبات هەڵناگری؟**

**برایم ئەحمەد**:

بەو کوردستانە رەنگینە

کە بەهەشتی سەرزەمینە

بەو کوردەی بەشی لەم ژینە

چەوساندنەوە و سەربڕینە

دەست لەخەبات هەڵناگرم

یاسەرئەکەوم یا ئەمرم

**پ:مامۆستا لەساڵی ١٩٤٩ لەزیندانی ئەبوغرێب گیرای و دووساڵ حوکم درای لەسەر خەبات و کوردایەتی، چۆن رووبەڕووی ئەم بارە بوویتەوە؟**

**برایم ئەحمەد**:

دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن

دوا سەرکەوتنی تۆیە و دوا نوچی گەلە دوژمن

شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریک و روونە

بەئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن

چ گەوجی هەژبەسەر کەی خۆر بەهێلەگ پێشی گیراوە

وە یاخۆ چەرخی مێژوو کەی بە بەردی ئێوە وەستاوە

هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا

هەموو سەرکەوتنێکیشت بە وێنەی بڵقی سەرئاوە

**پ: پێت وایە گەلی کورد بەو هەموو شکست و کارەساتە کاروانی خەباتی بگاتە ئامانج؟**

**برایم ئەحمەد:**

لەلای ئێمە هەڵئەنگوتن، یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە.

لەنێو بۆتەی  خەباتا توانەوەو هەر شەرتی قاڵ بوونە

لەنوچدان و هەڵئەنگوتن نیە ترسی گەلی کوردان

وەکو رێگەی خەباتی خۆی شکانی تۆی لەلا روونە

لەگەڵ کاروانی رزگاری گەلان ئەڕوا بەچالاکی

لەسەختی رێ لەدووری جێ، دڕیی دوژمن نیە باکی

نەکوڵدان و نەلادان و نەوێستانی نیە هەرگیز

پشوو نادا هەتا نەبڕێ رەگی چەوسانەوە و ماکی

**پ:مامۆستا دەزانی رەنگە نەگەیتە ئامانج و بکوژرێی؟**

**برایم ئەحمەد:**

ئەزانم رەنگە نەشگەمە ئامانج

رەنگە لەیەکەم قۆناغا بکوژرێم

زۆری رێی تێ ئەچێ لەرێگا بمرم

بەڵام بمرم و بەرەو روناکی بڕۆم

لەهەزاران ژیانی ناو تاریکی چاکترە

بۆیە هەر ئەڕۆم بەرەو روناکی



**پ:مامۆستا بەتەنیا هەر خۆت دەڕۆی بەرەو روناکی؟ یان..**

**برایم ئەحمەد:**

نا..نا من هەر خۆم نیم بەتەنیا نەکەوتومەڕێ

هەزاران هەزاران هەزارین، هەموو کەرامەتی پلیشاوەمان هەستاوەتەوە

پشتی چەرم بەدار فڕێدراومان هاتۆتەوە سوێ

ئابڕوی تکێنراومان ئەنەڕێنێ بەسەرمانا

هەقی هەزارساڵ خوراومان تێمان ئەخوڕێت

ویژدانی نوێنراومان راست بووەتەوە، گیانی مرێنراومان ژیاوەتەوە

هەموو بەجارێک ئەڕۆین بەرەو روناکی!

**پ:مامۆستا لە پێناوی چیدا وادەکەی؟**

**برایم ئەحمەد:**

لەنێو مێژوودا لەگەڵ چاکانا

بۆ پشتاوپشتم لەناو پاکانا

ئەمێنێتەوە ناوی پیرۆزم

ساڤانام کردووە دڵەی پڕسۆزم

هەمووشت! هەموو گەردوونی مەزن

گلۆرئەبنەوە بۆ چاڵی مردن

خۆشە لام بڵێم ئەم مردنانە

تەنیا نیشانەی گۆڕیشیانە

گوڵی ئەمڕۆ کە سبەینێ گڵە

دڕکی سبەینێ دۆسیەی دڵە

**پ:مردن ناخۆش نیە؟**

**برایم ئەحمەد:**

مردن ناخۆشە، نەء، وا مەزانە

ناخۆشی مردن خڵتەی ژیانە

گوناهی ژینە مردن ئەزانیٚ،

تاوانی بوونە بردن ئەزانیٚ

دەبیٚ مردن بیٚ مەردانە سابیٚ

یا من یاخو تۆ من و تۆ نابیٚ

**پ:سوپاس مامۆستا ئیدی دەڕۆم و چ راسپاردەیەکت هەیە؟**

**برایم ئەحمەد**:

ئەوا تۆ ئەڕۆی بەخوام سپاردی

پێم نەکرا خۆم بێم دڵم بۆ ناردی

رێی ژیان سەختە بەترس و لەرزە

نابیٚ بترسی لەگەرمی و ساردی

دڵە شیرین رۆی برۆ لەشوێنی

کە شیرین رۆیی بۆ تۆ بمێنی؟

بەڵێن بیٚ ئیتر نەتناسم هەتا

مژدەی ئازادی کوردم بۆ دێنی



# دڵـــدار



**دڵدار ناوی یونس ڕەوف کوڕی مەلا مەحمودی مەلا سەعیدە، لەبنەماڵەی (خادم السجادە)ی کۆیەیە. لەڕۆژی ٢٠ی شوباتی ساڵی (١٩١٨) لەشاری کۆیە لەدایکبووە، لەساڵی (١٩٤٥) کۆلێجی حقوقی لەبەغدا تەواوکردووە، سکرتێری حیزبی (هیوا) بووە، لە (١٩٤٨/١١/١٢) لەتەمەنی (٣٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەشاری کۆیە نێژراوە.**

**پ: سەرەتا بەسروودە مارسلیزە کوردایەتیەکە دەستپێبکەین کە ئالآی کوردستانی پێهەڵکرا؟**

**دڵــدار**:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزوبان
نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خوێناویە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە، هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە
جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر
سا بەخوێن نەقشی بکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

**پ: لەبەرچی کوردستان بەقیبلەگاهی خۆتی دەزانی؟**

**دڵــدار**:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە
من درەختێکم لەو خاکە ڕووام



بەخۆشەویستی ولآت ئاودرام
بەڵێ کوردستان، تۆ منت خولقان
تۆ منت خولقان، پێت بەخشیم ژیان
خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە
ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە
چونکە کوردستان، کوردستانی جوان
قیبلەمی دینمی، خوامی بێگومان

**پ: کفر نیە بڵێی کوردستان خوامی، ئەی چی بەخوای خۆت دەڵێی؟**

**دڵــدار**:

ئەی خودایە حاڵی عالەم هەقی شایانی نیە
میحنەت و ئیدباری زۆر و شەهدی بێژانی نیە
سا ئەزانی بۆچ ئەمن وا مەعرەزی شەکوا ئەکەم
تابزانی قودرەتی تۆ حەددی ویجدانی نیە

**پ: بەچ بەڵگەیەك دەیسەلمێنی کفری وا دەکەی؟**

**دڵــدار**:

ڕێگەی بەشکردنی ڕزقی لەدونیا شاهیدن
هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نیە
ڕۆژی فەرموت (لیس للانسان الا ماسعی)
هیچ کەسێکیش هێندێ فەلاح ئیش و کێڵانی نیە
ئیش ئەکات و ڕەنج ئەدات و ڕووت‌وقووت و زگ بەتاڵ
ئاخری بێسود ئەمێنێ ساڵ کە بارانی نیە

پ: جا ئەمە چ پەیوەندیەکی بەخواوە هەیە؟

دڵــدار:

رائەمێنێ ڕەنجەڕۆ و دەست لەئەژنۆ قوڕبەسەر
ڕاستە شاهی بێشەریک باکی گەدایانی نیە
ڕۆژی هات و ڕۆحی دەرچوو لاشەکەی کەوتە (ثری)
لێئەدەن بەو گورزە گەورە وا کە ئیمانی نیە
بۆچ لەدونیادا ڕەنجەڕۆ بێ، بێنەوا بێ ئاخیرەت
چونکە وەک من غائیلەی دڵ عیزەتی گیانی نیە

پ: چۆن گلەیی لەخوا دەکرێ، وازبێنە لەسەر ئەو قسانە دەتکوژن؟

دڵــدار:

گەر لەئەفلاکا هەبایە حاکمێکی تر بەرقەرار
سا ئەچووم ئەموت (خودای من سودی ئینسانی نیە)
ڕەنگە کەمدیدە و مەلایان هانی خەڵقی وا بدەن
کوشتنی دڵدار حەڵاڵە چونکە ئیمانی نیە

پ: ئایا دەبێ چۆن خۆمان بەئاواتەوە هەڵبواسین؟

دڵــدار:

بەڵێ خۆشە ئەمەل گەربێ لەسەر ئەم ڕێگەیە ڕەنجەدەی
بەڵام گەر هەر خەیاڵات بێ ئەوی هەتبێ ئەویش دەڕوا

پ: خۆت بەڕۆڵەی کوردستان دەزانی ئامادەی چیت بۆی؟

دڵــدار:

من ڕۆڵەی کوردستانم
تازەڕۆڵەی کوردانم



تاکو وڵات سەرکەوێ
فیدایە ڕۆح و گیانم
وەتەن باغی جینانە
محتاجی بازوو و شانە
هەرکەسێ کۆششکەر بێ
لەم باغە باغەوانە

پ: چی بەلاوەکان دەڵێی؟

دڵــدار:

ئەرێ ئەی لاو لەهیچ وەختێ نەکەی مەئیوسی ژینت بێ
دەبێ هەردەم عەزمدار و دەوای دەرد و برینت بێ
لەمەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت (فیکرا) و (عیلم) ئاوزینگ و زینت بێ
بەڵێ دائیم هونەرمەندبە لەمەیدانی نەبەردیدا
بەهۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بێ

پ: وەك گەنجێکی کورد چ بکەم چاکە؟

دڵــدار:

نەکەی بۆ بەرزی ئامانجت برای خوێنیت لەبەندیکەی
بەبەرزی شاد و مەسرور بەنزمی ژینی شینت بێ
لەوەختی گەنجی گەنجیە کارە بێ ڕەنجێکی گەنجین دەی؟!
نەوەک وەختت برەنجێنی لەنێو جێگا و نوێنت بێ
ئەگەر لاوێکی کوردی تۆ دەبێ دڵپاک و باڵا بی
نەوەک دڵداری دڵپەروەر دڵت قورئانی دینت بێ

**پ: گەنجەکان مەی زۆر دەخۆنەوە وەك عادەت و پیشە ئامۆژگاریت چیە بۆیان؟**

**دڵــدار:**

مەی لەبەردەم بێ کە ئیمڕۆ عادەتێکی جاریە
عادەتی چی؟.. موئنیسی چی؟.. پیشەی بێکاریە
جامی یەکەم فڕێئەکەن و هەستی دڵشادی ئەکەن
شاد و نۆشی چی بێ یاران.. عیللەتێکی ساریە

**پ: هەیە پێی تەرك ناکرێ چارەی چیە؟**

**دڵــدار:**

هەرکەسێ ئیدمانی (مەی) کرد خۆی ئەخاتە داوەکەی
ئاخیری هەر ڕەنجەڕۆیە هەم لەعیزەت عاریە
چەند کەسێکم من ئەناسین خاوەنی جاە و شەرەف
ئێستە مەنکوبی شەرابن پیشەیان غەمخواریە

**پ: مرۆڤ بەدو ئەفسانە بکەوێت گوێنەداتێ چ بکا؟**

**دڵــدار:**

دڵ بەدوو ئەفسانە کەوت و وایئەزانی وائەبێ
ئیشی دنیا ڕەنجی پێناوێ بەخۆی کۆتائەبێ
نەیدەزانی ئەو بەئارەق داری ئومێد ئاوبدا
گەر بەخوێن پەینی بکا ئەوسا سەمەر پەیدائەبێ
لەفزی (نابێ) نابێ بیزانی کە لاوی کوردی تۆ
هەر بەکۆشش دێتەبەر باغی ئەمەل ئیحیائەبێ
ئەی برا لادە لەفیکری کۆن و زوو سا ڕاپەڕە
کارەکەت چا ڕێکبخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ
مردنە ژینت بەبێکاری، لەسستی لابدە
هەر لەڕەنجی لاوی وەک تۆ، نیشتمان ئاوائەبێ



**پ: ئەدی کورد چ بکا چاکە؟**

**دڵــدار:**

ئەرێ ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی
کە عالەم سەربەخۆن گشتی، ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی
دەسا بیرێ لەحاڵی خۆت بکە و هەستێ بەزیللەتکە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی، ئێستاکە بەخۆت ڕاوی
(کەمەربەستن) لەنێو گەلدا بناغە و پێشڕەوی ژینە
بەتیری کینەیە ئیمڕۆ لەژینا فەوت و کوژراوی

**پ: لەو بارودۆخە کورد بڵێ چی و داوای چی بکا؟**

**دڵــدار:**

لەساتێکی وەها شەنگ و لەکاتێکی وەها پەستی
کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەر تۆش لەخەو هەستی
بەچاوی ڕاستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لەژێر دەستانا ژێردەستی
لەگەڵ لاوی نەیێنی کورد بڵێ سەربەستی، سەربەستی

**پ: ئەو قسانەی بۆمدەکەی سوپاس، بەڵام چ ئامۆژگاریەکی دیکەت هەیە؟**

**دڵــدار:**

ئەو قسانەی من کەوا بۆت ئەکەم
بزرینگێتەوە لەگوێتا هەردەم
تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگبە
لەمەیدانی ژین ئامادەی جەنگبە
ئەوا پێت ئەڵێم چاکی بزانە
ژیانی مەردی باری گرانە

بیروهۆشی خۆت بەکاربهێنە

ئەم دانە و داوە یەک یەک بپسێنە

تاکو دەرکەوێ لەهەموو دونیا

چەندیان کرد بمرێ، کەچی کورد هەرما!

**پ: لەساڵی ( ١٩٣٥ ) گۆڤاری ڕووناکی لەهەولێر دەرچوو چ هەستێکت هەبوو بەرامبەر گۆڤاری ڕووناکی؟**

**دڵـــدار:**

ڕووناکی ناوت چەندە لام خۆشە

عالەم بەسایەت دڵی پڕ جۆشە

وا تاری ڕۆیی دەرکەوت ڕووناکی

بەعیلم و فەن و ڕووخساری پاکی

ئومێد پەیدابوو بلاوبێتن فەن

بنوێنین خزمەت گوڵزاری وەتەن

میللەت ڕووناکی مایەی ژیانە

نۆبەی چالاکی لاوی جوانە

خودا ڕووناکی دوورکەیت لەشیقاق

شوعلەبەخشی کەیت لەخاکی عێراق

**پ: دەڵێن لەسەر شیعری ( لالەباس ) وەخت بوو بتکوژن شیعرەکە چۆن بوو؟**

**دڵـــدار:**

ڕۆژێکی پایز وەختی نیوەڕۆ

لالەباسم دیت زەوی ئەداتۆ

ڕووت و زگ والاّ پیر و تێکشکاو

پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ

گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو



دەنگی نوسابوو بەهێ هێ و هۆ هۆ

ئاگری دڵی لەهەردوو چاوی

بڵێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ

**پ: لالەباس چی گێڕایەوە و چی وت؟**

**دڵـــدار:**

وتی لەهاوین کێخوا کاکە سوور

هاتە ماڵەوە پێیوتم لالۆ

شایەدی بدە زەوی (زێڕین دۆڵ)

کەوا هین منە قورئانیش بخۆ

وتم کاکەسوور بەم سەروڕیشە

ئۆباڵی خەڵقی ناخەمە ئەستۆ

وتی هەروەها بەسەری ئاغا

ئەتکەمە پۆڕی بەرچنگی هەڵۆ

بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم

ماڵیان دامە بەر شیلینگی برنۆ

سێ مانگام هەبوو بەتالاّنی برد

منالی هێشتم بەبێ ماست و دۆ

**پ: پێتگوتبایە هەندێ پارەی بدایە کارەکەت چادەبوو؟**

**دڵـــدار:**

وتی پارە و من هەی خاکم وەسەر

بریا ئەمزانی ئەی خودایە بۆ؟

ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم

فەلاحی ئەکەم هەتاکو ئیمڕۆ

نرخی عارەقەی ڕوونی ماندوویم

تیکە نانێکە چ نان نانی جۆ
ئەویش بەبێ دۆ، ئەویش بەبێ دۆ

**پ: قوربان دەرۆم بێتاقەت بووم؟**

**دڵــدار:**

دەستم دامەنت ئەچی بۆ کوێندەر
ناچی بۆ کۆیە مەئوای دڵبەر
وەک عارەب دەخیل گەر چووی بۆ ئەولا
مەوەستە تاکو بەردەمی لەیلا
مەوەستە تاکو لای شۆخێ کەوا
تیری نیم نیگای لەدڵدا ڕوا

**پ: بۆ جەنابیشت دڵداری ئەکەی و ئەڤینداری؟**

**دڵــدار:**

زەدەی تیری نیگاهی قینە پەردازی نیگارێکم
گیرۆدەی داوی زوڵفی مشکباری گوڵ عوزارێکم
ئەوی نەیبێ نێشی دڵ یا ئازاری دڵداری
چوزانێ من لەئێشانی چ سووتان و فگارێکم
ئەرێ ئەی دەستی دڵسۆزم بەبێ سۆز من مەرەنجێنە
سەبر دەرمانی دڵ ناکا من پەیوەندی بەیارێکم
ئەبێ چۆن پشت بەدڵداریم ببەستم تاکو ئێستێکە
گەلێ دوورین لەیەکتر ئەو لەبارێ من لەبارێکم
سەرومایەی جەوانی خۆم لەڕێگەی ڕازی ئەو دانا
لەدەرگانەی وەفای هێشتا هەژار و لێوبەبارێکم



**پ: کە دڵدارەکەتم بینی چی پێبڵێم؟**

**دڵــدار:**

پێیبڵێ قوربان لەم ڕێگەوبانە
لەم چەم و بێشە و هەردە و کێوانە
ڕوو لەخوێن خاکی زەعفەرانم دێت
چاوی لێڵوویڵ پڕ گریانم دێت
دیتم کە جار جار ئەو لێوبەبارە
دەست هەڵئەبڕێت و تۆی لێدیارە
چونکە خەیاڵی بەژن و باڵاکەت
تیشکی ڕووناکی شەوقی لالاکەت
کە لێی ڕوون ئەبێ بانگ ئەکا هەی یار
بەکوڵ ئەگریا، هاوار هەی هاوار

**پ: توخوا وەختی عاشقایەتیە ئەتو بۆ وادەکەی؟**

**دڵــدار:**

هەڵسە چاوەکەم یار وەعدەی جارانە
ئاسمان وەکو من ئەسیری تابانە
شایی و سەیرانە
لەناو ڕەزانە
ڕووی چەند جوانە
وێنەی گوڵانە
بەهارە ئەمرۆکە، جەژنی عاشقانە

**پ: ڕاستە دڵدارەکەت (بەهیە فەرجوڵڵای کوردیە) چ شیعرێکت لەدەروونی پڕ خۆشەویستیەوە بۆ هەڵقوڵاوە؟**

**دڵدار**:

لەئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پەیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بەئەسپایی
بەسۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕخوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستم
دە خێرا لادەری پەستی
وەرە تا من بەڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم

**پ:لە (١٩٤٨/٩/١٢) لەیانەی کۆیە بووی دڵزاری شاعیر و هاوڕێت نامەیەکی شیعری بۆ نوسیبووی گوایە قەرزاری گۆڤار و کتێب و ڕۆژنامەی لەکتێبخانەی کۆیە، چۆن وەڵامی نامەشیعریەکەت دابووەوە؟**

**دڵدار**:

دڵزار شیعرەکەت، دڵزار شیعرەکەت
دڵزار نامەکەی پڕ شعورەکەت
گەیشتە دەستم لەوەختێکی وا
کافر بەحاڵم نەبێتن بەخوا
ئەڵێ شەشسەد و کسوور قەرزاری
ئایا بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟
زرنگ و هوڕی درهەم و پارە
بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە
درهەم بزانێ لەجێیێ من هەم
بەگوڕ ڕائەکا لەم چەم بۆ ئەو چەم
بەڵام ڕۆژێک دێت دەردەستی بکەم
بەپەت وەکو سەگ دەسرستی بکەم
چەکمە حەساری ئەکەم وەکو شێت
ڕاکێشی ئەکەم ئەیخەمە ژێر پێت



# شیخ رةئوفی خانةقا



**(شێخ ڕەئوفی خانەقا، کوڕی شێخ سەعیدی شێخ محەمەد)ە، لەساڵی ١٨٨٦ لەشاری کەرکوک لەدایك بووە! ناو و نازناوی خانەقای لەدایکییەوە بۆ ماوەتەوە، چونکە دایکی خوشکی (سەید ئەحمەدی خانەقا)بوو! زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی زانیوە، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوك بووە لەیەکێتی نوسەرانی کورد، ئەندامی حزبی هیوا بووە! مولکداربووە! پاشان چۆتەسەر وەزیفەی میری، لە(١٩٧٣/٦/١) کۆچی دوایی کردووە. لە(بانە ڕەق) لەشارۆچکەی تەق تەق بەخاك سپێردراوە.**

**پ:یاشێخ هاتووین ئەمانەوێ لەکەرکوك کۆڕێکی شیعریت لەگەڵ سازبکەین؟**

**شێخ رەئوف**:

وەی کاکی خانەدانم
ئەی شاعیر و ئەدیبم
وەی لاوی نەوجوانم
بەدڵ ئەڵێم بەخێربێن
بەسەر سەر و گیانم
چاوم بەئێوە روونە
ئەو چاوە کوێرەکانم
ئەمرۆکە کوردەواری
شادان و بەختیارە
بەم کۆڕی شاعیرانە
لەم شارە سازگارە

**پ:توخوا یاشێخ قەسابخانەکەی کەرکوك کەی قەوما و چۆن بوو؟**

**شێخ رەئوف**:

لەچواردەی تەمموز ساڵی پەنجاونۆ
برینی کۆنەم دیسان هاتە سۆ
کوشتن، راکێشان، تالآنی عیباد
فتنەی ئاسووریی هێنامەوە یاد
چاردەی تەموزبوو وەختی ئێوارە
شار رازابووەوە ئەتگوت بەهارە
شەقام و کۆڵان پڕبوو لەئینسان
دەوڵەمەند، فەقیر، پیر و ناتەوان
گشتی پۆشیبووی بەرگی ئازادی
هەمووی نۆشیبووی بادەی دڵشادی



چەپڵەرێزان بوو بەزم و سەیران بوو
دەهۆڵ و زوڕنا و شایی لۆغان بوو
سافی مواکیب لەپیاو و ژنان
هیتافیان ئەدا بەدوو سێ زبان

**پ:هوتافەکان چ بوون و بەچەند زمان بوون؟**

**شێخ رەئوف**:

گشتی هیتافی وەتەن پەرستی
گشتی خیلافی کۆنەپەرستی
هیتاف یەکێتی گەل و سووپابوو
شوعوور چاکیبوو خراپ نەمابوو
گشتی بەزاهیر تێکەڵ یەک زبان
عەرەب، ئاسووری، کورد و تورکمان

**پ:هەراکە چۆن قەوما؟**

**شێخ رەئوف**:

لەپڕ دەنگێ هات، هاوارە قەوما
ئیتر کەس بەسەر، کەسەوە نەما
بووبە وای نەفسی هەرکەسە بەغار
گشت هەرای لێئەکرد بەگریە و هاوار
کاتێکمان زانی تەقە هەڵگیرسا
ئەرواحی بەشەر بوو بەقیروسیا

**پ:عەسکەرەکان زۆربوون چەکی چیان پێ بوو؟**

**شێخ رەئوف**:

عەسکەر رژایە کۆڵان و بازاڕ
نەک سەد و دووسەد بەدوو سێ هەزار

هەندێ بەرەشاش بەموسەللەحات
شەقام پڕبوون لەموسەففەحات
میللەت وای زانی عەسکەری وەتەن
ئەکوژێنێتەوە ئاگر و فیتەن
باوەڕ وانەبوو کە جەیشی ولآت
ببن بەجەللاد ببن بەئافات

**پ:نزیکەی چەند کەس کوژران لەکەرکوك؟**

**شێخ رەئوف**:

٣٠ یان، ٣٢ لەم شارە کوژرا
خوێنی زۆربەیان لەقشڵە رژا
قشڵە نیشتەگای قائید فیرقەبوو
ئەم شوێنە جێگای ئەم تەفرەقەبوو
خەڵقیان ئەهێنا لەم ماڵ و ئەوماڵ
بەئەمری فیرقە (انریدک تعال)

**پ:ئەو خەڵکە هەمووی لەقشڵە کوژران؟ تالآنی نەبوو جگە لەکوشتن؟**

**شێخ رەئوف**:

قیسمەن لەڕێگا لەکووچەی شارا
ئەکوژرا و لاشەی ئەکرا بەدارا
هەندێ بەساغی یا نیوە حەیات
ئەهێنرایە پێش ئامیر ئینزیبات
لەبن بەیداغی رەمزی عەدالەت
خوێنیان ئەرژایە رێگەی سیاسەت
فڕکان فڕکانی تالآن و بڕۆ
لەبەرچاوی عام رۆژی نیوەڕۆ



**پ:هۆی ئەو فیتنەیە لەسەرچیبوو، کێبوو؟**

**شێخ رەئوف**:

ئەسبابی فیتنە چۆن لەسەرچیبوو؟
لای من وەهایە تەبەقچەلی بوو
لەشێنەییدا شێرێکی نەڕبوو
کە شەڕ دامەزرا کوک و بێفەڕبوو
کاتێ لەکەرکوک قائید فیرقەبوو
مەیلی لەسەورە و لەتەفرەقەبوو

**پ:تەفرەقەی نێوان کێ و کێ، بۆچی؟**

**شێخ رەئوف**:

یەعنی تەفرەقەی کورد و تورکمان
بەکاری بهێنێ رۆژێ لەڕۆژان
بۆ ئەم مەتڵووبەی سەریهێنا و برد
ویستی رێک کەوێ لەگەڵ قەومی کورد

**پ:ئەوە راستی قەسابخانەکەی کەرکوك بوو؟**

**شێخ رەئوف**:

مەزبەحەی کەرکوک بەم جۆرە سووڕا
بەلآم حەقیقەت لەخەڵقی گۆڕا
دیعایەی درۆی پیاوی بێئیمان
کردی بەشەڕی کورد و تورکمان
ئێستاش تروسکەی ئاگری بن کا
باریکە، دوکەڵ جارجار دەرئەخا
ئاگری بن کا نەکوژاوەتەوە
باریکە دوکەڵ هەرماوەتەوە

**پ:ڕێنماییت بۆ برا کەرکوکی‌یەکان چی یە؟**

**شێخ ڕەئوف**:

برای کەرکوکی کورد و تورکمان

گوێ بگرە لەمن بەدڵ و بەگیان

بگرە ڕێگەی عەقڵ و کیاسەت

بەردە بەرۆکی پیاوی سیاسەت

گوێ مەدە قسەی مەسڵەحەت پەرست

پیاوی موشاغیب بەد و بەدسورشت

هیچ دەسنەکەوتووی مردو لەداخا

دەستی من و تۆ ئەکا بەزاخا

**پ:ئەدی سەرگوزەشتەی ساڵی بەعسیان لەچ ڕۆژ و ساڵێك بوو؟**

**شێخ ڕەئوف**:

ڕۆژی هەشتی شەش، ساڵی شەست و سێ

مێژووی دەرناچێ لەبیری کەسێ

مێژووی ئەو ڕۆژە پڕ لەبرینە

ڕۆژی مەعرەکەی مردن و ژینە

بەڵێ هەشتی شەش، مانگی حوزەیران

کوردستان کەوتە بن بۆمب و بۆردومان

هێرشیان هێنا بۆ شار و لادێ

وەک گورگی برسی بۆسەر بەرخی مێ

**پ:ئەو هێرشە بۆچی بوو؟ کێیان هێنا و چیان کرد؟**

**شێخ ڕەئوف**:

بۆ تواندنەوەی ئیحساسی قەومی

هێنرایە وجود حوراسی قەومی



ئەمانە زومرەی هەرچی و پەرچی‌بوون

شەللاتی و لوّتی یا کەللەچی بوون

تەسلیح کرابوون بەتۆپ و ڕەشاش

بەردران لەبۆ تالاّنی بەلاش

هەرئەمانەبوون لەگەڵ عەسکەرا

تالاّنییان ئەکرد هەر بەئاشکرا

بەتالاّن ڕۆیی ئەشیا و مەڕ ە ماڵ

لەتەشت و مەنجەڵ جاجم و بەرماڵ

**پ: پەلگیرانی خەڵك لەسەرچی بوو؟**

**شێخ ڕەئوف**:

حەپسی ئەوانە لەسەر ئەوەبوو

گوایە خزمیان لەپێشمەرگەبوو

ئیتر ناپرسی لەحەق و ناحەق

ئەمری ڕەوایە لێدە بەمەترەق

شاری کوردستان هەمووی وەهابوو

حاکم تەحقیقی بۆ دانرابوو

**پ:جەنابت چۆن گیرای؟**

**شێخ ڕەئوف**:

ئینجا باس ئەکەم لەئیعتیقالم

کەچیم بەسەرهات هاوار بەماڵم

هەشتی حوزەیران سەرلەبەیانی

خەزعەل پەیدابوو کاتێکم زانی

بەگورجوگۆڵی گرتی لەباڵم

هاوارکەوتە ناومالٌ و مندالٌم

زایەڵەی شیوەن مندالٌ و ژنان

دەنگی گەیشتە خودای تەوەققوف

لەئەمنی کەرکوک خرامە مەوقیف

چی خۆشیم دیبوو هەمووم دایەوە

شیری بەردایکم هەڵێنایەوە

**پ:کەرکوك بۆتە شاری برایەتی ئەو نەتەوانە چۆن بژین پێکەوە؟**

**شێخ رەئوف**:

تەفرەقەی عەرەب، کورد، تورکمان

ئیتر تێپەڕی تائاخیر زەمان

مادام لەم خاکە ئەژین پێکەوە

ئەبێ تێکۆشین هەموو پێکەوە

ئومێدەوارم گەلێ لەمەولا

ئیتر لەیەکتر نەبن بەبەلا

**پ:بێ گومان سێ زمان دەزانی، فارسی، عەرەبی، تورکی. دەتوانی ئەو دێڕە شیعرە فارسی یە بکەی بەکوردی؟**

از ضعف بهرجا که نشستیم وطن شد

وزگریه بهرجا که گزشتیم چمن شد

**شێخ رەئوف**:

پیری نیشتەگای کردم بەوەتەن

گرین گوزەرگای کردم بەچەمەن



**پ:ئەدی ئەو دێڕە شیعرە عەرەبیەی (موتەنەبیی)؟**

الظلم من شیم النفوس فأن نجد

ذی عفة فلعله لایظلم

**شێخ رەئوف**:

پیشە و خووی بەشەر ستەمکاریە

ئەوی کە نەیکا لەناچاریە

**پ:شێخ رەزای تاڵەبانی هەجووی والی کەرکوك دەکا بەفەردێکی تورکی دەڵێ:؟!**

نسبتی یوق بابی غالیدن گلان والیلره

بویله بربوق والی انجف بابی سفلی دن گلیر

دەتوانی بیکەیتە کوردی؟

**شێخ رەئوف**:

مەخرەجی والی لەپێشا دائیما هەر بابی عالیبوو

مەخرەجی والی وەها گواوی ئەبێ هەربابی سوفلابێ

**پ:دەڵێم کوڕێکی زۆر قۆزت لەحەوزی (فەرقان) خنکا و کچێکی زۆر جوانیشت بەئاگر سووتا لەگوندی (عەلی غێر) چۆن شیوەنت بۆکردن؟**

**شێخ رەئوف**:

هەمیسان هاتەگوێم ناڵە و چریکەی شیوەن و گریان

هەمیسان بەندی دڵ پچڕا لەسۆزی داکی دڵ بریان

هەمیسان زایەڵەی ژن، دەنگی هەی وەی شێرە پەیدابوو

هەمیسان کۆمەڵێ خزم و رەفیقم چوونە قوڕپێوان

لەباوەش داکی لادەبرێ دەچێ بۆ قەعری گۆڕستان

عەزیزم، نوری چاوم، گیانی بابت، چیم لەدەست بێ من

بەغەیری ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و سووتن و بژان

هەموو خونخواری ئەولادی منن، چارم چیە چیبکەم
تەبیبی هیچ نەزان و ئاگری گەرم و ئاوی بێسامان!

**پ:بۆ وەفاتی (شێخ قادری سیامەنسوری تاڵەبانی)، چ سۆز و ئاگرێکی خستە دەرونتەوە؟**

**شێخ رەئوف:**

مەرگی درکێکی چەقاندە دڵم
دەرنایێ مەگەر لەگۆڕ و گڵم
کوورەی دەرونم واهاتۆتە تاو
بۆم ناکوژێتەوە بەفرمێسکی چاو
گەرمی کورەی دڵ لەسینەی پڕدەرد
فێنکی نایێ بەهەناسەی سەرد

**پ:یاشێخ راستە قومارت وازلێهێناوە؟ لەبەرچی؟**

**شێخ رەئوف:**

خەڵقە عەهدم بێ کە ئیتر تۆبە من پۆکەر نەکەم
چی کرا، چوو، تێپەڕی، ئەمما ئیتر خۆکەرنەکەم
چەند گوتت ئەم مەبلەغەش قیروسیا بۆی دائەنێم
گەرنەیە شەرتبێ ئیتر فلسێکی ئەحمەر دەرنەکەم
پارەچوو، سیمعەت نەما قەرزیش نەبوو، روویشم شکا
باعیسی فەوتانە ئەم گۆبەندە گەر سەردەرنەکەم

**پ: پێت خۆشبوو چۆن خەڵك هەڵسەنگێنی؟**

**شێخ رەئوف:**

سەد خۆزگە بەشەر لەناوچەوانی
هەرکەس ئەنوسرا دین و ویجدانی



تا دەرکەوتایێ مەرد و نامەردی
بخرایە مەیدان رازی پەنهانی

**پ:لەساڵی ١٩٤٧ لەقەزای زێبارەوە گوێزرایتەوە تەق تەق پێت خۆش بوو؟**

**شێخ رەئوف:**

لەئەشغال دەرکرام چیم پێکرا وەک (حاجی لەق لەق)، لەق
ئەمێستا عاجزە لێی وەختە بکادڵ لە(تەق تەق) تەق

**پ:باشە شاری کۆیە چۆنە؟**

**شێخ رەئوف:**

داخەکەم کۆیە ئەمێستا زەوقی جارانی نیە
زەمزەمە و سەیران و بەزم و کۆڕی یارانی نیە
کوشتن و سوتاندن و تاڵانی ساڵانی بەعس
وای بەسەرهێناوە ئێستا رەنگی شارانی نیە
نوکتە سەنج و مەجلیس ئارایی لەکۆیەدا نەما
کۆمەڵی پڕ شەوق و زەوق و بەزم و سەیرانی نیە
ئەو هەموو قۆناغ و دیوانەی لەکۆیەدا هەبوو
داخەکەم ئێستا بەجارێ ناوونیشانی نیە
خەڵقی ئەم شارە لەپێشا روو وەکو گوڵ خونچەبوون
ئێستە نابینی یەکێکی شاد و خەندانی نیە

**پ:راستە چاوت ئاوی سپی هێنابوو، بەدیداری یاران شاد نابی؟**

**شێخ رەئوف:**

دڵ پەرۆشی دیتنی دیداری ئەو دڵدارەیە
دیدە نابینێ کە پێشانی بدا بێچارەیە

پ:دەڵێن لاقەکانت سڕن، (د. عومەر دزەیی) لەمیسرەوە گۆچانێکی بۆ هێناوی و پێی ئەگەڕێی، گوتویەتی دەبێ گۆچان هەڵبگری، دێڕە شیعرێکت بەسەر گۆچان گوتوو، چییە ئەو دێڕە؟

**شێخ رەئوف**:

وەرە ئەی رەهنماکەم دەست و پێچی و چاوەکەی چاوم

ئەگەر یاریم نەدەی گۆچانەکەم یەک خەتووە ناهاوم

**پ: پێت چاکبوو مردی؟**

**شێخ رەئوف**:

گەلێ چابوو مردم لەدەردی زەمان

خەلاسم بوو ئیتر لەسەختی ژیان

سەعادەت لەمردن ئەزانم بەچاک

هەتا رۆژێ زووتر بگۆڕێم بەخاک

من و گۆڕ و لێ نوستن و راکێشان

لەشوێنێکی بێدەنگ و ئەمن و ئەمان

کەوا بەگورجی ئەوا چوومە خاک

لەپیسی وجووم ئەگەڕێم بەپاک

من و گۆڕ و راحەت ئەمان و سەلام

لەدەشتی عەدەمدا بەئەرکی کەلام



# قانع



**قانع ناوی (محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادری شێخ سەعیدی دۆڵاشی مەریوان)ە لەنەوەی (کابل)ن، دایکی لەساداتی (تەراتەوەن)ە، لە(١٥/٩/١٨٩٨) لەئاوایی (ریشێن) لەدوای چوارده خوشك لەدایك بووە! لەتەمەنی (چل) رۆژیدا باوکی مردووە! بەدبەخت و لادێنشین و ئاشەوان و مەلا بووە. لە(٧/٥/١٩٦٥) کۆچی دوایی کردووە، لەگوندی (لەنگەدێ) بەخاك سپێردراوە!**

**پ:مامۆستای شاعیر ناو و نازناوی جەنابتان و خەڵکی کوێن؟**

**قانع**:

لەئەسلاْ خەڵکی دۆڵاْشم     مەریوان شوێنی ئەژدادم
محەمەد (کابلی)م ئەمما!     تەخەلووس (قانع)م ناوە

**پ:واتا نازناوی شیعریتان قانعە؟**

**قانع**:

رۆڵەگیان بەڵێ (قانع)م ناوە     بۆخۆم و بۆتۆ جەرگم سوتاوە

**پ:باشە مامۆستا قانع لەکوێ لەدایکبووی؟**

**قانع**:

لەتەکیە و دیوەخانی بابی خۆم ئاوارەبووم بۆیە
لە(ریشێن)ی بناری شارەزوورا هاتمە دنیاوە

**پ:راستە ئاغا سەید حسێنی چۆڕی جەنابتی بردە بەر خوێندن؟**

**قانع**:

هەزار رەحمەت لەئارامگاهی بەرزی سەیدی چۆڕی
کە مناڵبووم بەلوتفی خۆی! مەساری ژینمی گۆڕی

**پ:ئەوکاتی فەقێ بووی لەکۆیە؟ بیروهۆشت لە چ جێگایەك ئەکردەوە؟**

**قانع**:

((مەریوان)) فیکر و هۆشم هەر بەتۆیە
دەروون رێش و سەراسیمەم لەکۆیە

**پ:بۆ مامۆستا مەریوان هەندە خۆش بوو؟**

**قانع**:

برا خۆشبوو مەریوانم، کە جێگەی جانی جانان بوو
نەجێگەی خەڵکی بێکار و! نەجێگەی جەوری دەوران بوو



مەساحەت گاهو مەیدانی (دەرەتفێ) (جنت المؤی)
زەل و زوزی (زرێبار)م بەعەینی باخی ریزوان بوو
گوڵاڵەی دەشتی (دۆڵاْش) وەنەوشەی (گوێزەبەیخان)م
لەچاوی بەد بەدووریکەی، وەکو فیردەوس و غیلمان بوو
لەبۆ ئەربابی تەوقیع و بەجێهێنانی موحتاجی
درۆناکەم ئەگەر بێژم، لەدنیا (کانی سانان)بوو

**پ:مامۆستا پێت خۆشە کوردی؟**

**قانع**:

بەدەستی خۆم نیە وەڵلاْ، لەدیوانی خوا کوردم
لەناو شێخ و بەگ میر و مەلا و شاهو گەدا کوردم
تەماشای جەوهەری من کەی، ئەزانی ئاشکرا کوردم
بەکوردی و بووم و خولقاوم هەتا رۆژی جەزا کوردم
هەوای سەرشاخ و کوێستانم پزیشکی دەرد و عیلمەتمە!

**پ:بۆ چاوبەگریان و جەرگی بریان و سووتاوی بۆ کورد؟**

**قانع**:

وەرن تەماشاکەن، لەچاوی پڕ لەگریانم
چلۆن قرچەی دەروونم دێ، چلۆنە جەرگی بریانم
ئەترسم گەر بڵێم شێرم نەماوە کەس نەکا باوەڕ
ئەگەرچی شاهیدە بۆمن خرۆشی بێشەڵستانم

**پ/باشە بۆ وادەکەی خۆ تۆ مەحوی و نالی نیت؟**

**قانع**:

کە من بۆم دەست نەدا رەندی، دەسا تەقوانەکەم چیبکەم
قورپی ئەم خاک و سەحرایە، بەسەرخۆدا نەکەم چیبکەم

نەامەحوی‌ام تا کە مەحوۆو بم، نەانالی‌ام تا بنالێنم

بەشۆری شیعری شیرینم، فەلەک شەیدا نەکەم چی‌بکەم

**پ/مامۆستا بۆ بەکوردی شیعر دەنوسی؟**

**قانع**:

با بنووسم شیعری کوردی، تاکو خەڵکی تێبگات

شیعری کوردی شیرینترە! تا شەکر و هەنگوین و نەبات

قانعا گەرتۆ بەڕاستی خزمەتی هۆزت ئەکەی

چاوەڕوانی قەت نەکەی بۆ بەخشین و موچە و بەرات

**پ/کۆمەڵەی گەلان لەوبارودۆخە ئەبێ شتێك بەهەق بۆ کورد نەکەن؟**

**قانع**:

(عصبە الامم) ئەگەر هەقدارە

لەحاڵی عالەم چاک خەبەردارە

بۆچی لەئەحواڵ کوردان ناپرسێ؟

مەگەر لە لەعنەت تەئریخ ناترسێ؟

**پ/ئەو دەوایانە چین بۆ چارەی دەردی کورد؟**

**قانع**:

سەیری ئەم پێنجە دەوایە بۆ دڵی کوردی هەژار

ئەفسەر و پێشمەرگە و ئاڵا و تفەنگ و خواربار

کورد هەتاکو خاوەنی ئەم پێنجەبێ قەت نانەوێ

لاو و خوێن گەرمی و چەک و فیکرە و سوپاهی بێ‌شومار



**پ/مامۆستا ئەدی ئەو شتانە چین بوونەتە نەگبەتی کورد؟ یان دەردی تۆن؟**

**قانع**:

چوار شتن ئەمڕۆ کە بوونە، نەگبەتی کوردی هەژار

جەهل یەک، بێئەقڵی دوو، دڵ پیسی سێ، داوا چوار

مەنعی پێشکەوتن ئەکەن، لەم خاکمانە چوار گرۆ

خان یەک، سەردار دوو، بەگزادە سێ، ئاغا چوار

من لەداخی سەرکزی ئەم میللەتە چوار دەردمە

سیل یەک، مالاری دوو، چاوکوێری سێ، ئیسقا چوار

چوار سیفەت مەوجودە بۆ من  بۆیە هیچ کەس نایەوێم

قانع یەک، شیعر دوو، روخۆش سێ، مەلا چوار

**پ/مامۆستا ئەوی بێتە سەرزارت نایگێڕیتەوە خۆ بەتەمانی ولات بەجێبهێڵی؟**

**قانع**:

ئەگەر خوێنم برێژن شەو لەسەر جێم

زمانم دەربکێشن تاکو بەر پێم

بەزستانا لەناو بەفر و سەهۆڵا

فەلاقە و ئەزیەت و دارکاری بکرێم

بەهاوینا بەبێ ئاو و بەبێ نان

بەکوێری بمخەنە سەحرایەکی دێم

بەدەرزی کێوی گۆیژەم پێبکێڵن

ئەوەی هاتۆتە سەر زاری هەر ئەیڵێم

لەوەم پێچاترە بچمە ولاتێ

کە کەس نەمناسێ خۆم کێم و کوڕی کێم

**پ:مامۆستا بەڕای جەنابتان کورد چ بکا و دروشم و ئامانجی چی بێ؟**

**قانع**:

هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بێجیاوازی لەسەر ڕەمزو نیشان
هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم
هەر لەرەوشەنبیر هەتا شوان و سەپان
هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە
دابرێژن کۆشکی یەکسانی ژیان
ئێوە شۆڕشگێڕبن پێشڕەوتان هەیە
یەکێتی چەند کۆشکی شاهانەی رمان

**پ: پێت چاکە ئەم نیزامە بڕووخێ؟**

**قانع**:

بابڕوخێ ئەم نیزامە بۆگەنە فاشستیيە
پشتیوانی گەل برایی و یەکێتی و سەربەستیيە

**پ:مامۆستا گەر شارەزابیت و سنوری کوردستان کوێیە؟**

**قانع**:

بەڵێ سنوری بەبێ زیاد و کەم
بۆت بەیان ئەکەم بەبێ دەردو خەم
بەپێی نوسینی جوگرافیاکان
تەرەفی غەربی بۆت ئەکەم بەیان
لەکێوی توورۆس تا ئەسکەندەروون
هەتا بەحری رەش بەبێ چەندوچوون
تەرەفی شیمال هەر لەبەحری رەش
هەتا ئاردەهان بەبێ غەل وغەش



لەئاردەهانۆ بۆ ئاوی ئاراس
ئەمە شیمالە بەعیلمی قیاس
تەرەفی شەرقی لەکێوی ئەڵوەند
تا گۆلی ورمێ بەبێ چوون و چەند
لەکێوی ئەلوەند تا جەبەل حەمرین
ئەهواز و شەنگار پارچەی نەسیبین
ئەمە جنووبە چاکی بزانە
ناو ئەم سنووره خاکی کوردانە

**پ:مامۆستا کوڕێکی چۆنت ئەوێ و، چۆن کوڕێکت ناوێ؟**

**قانع**:

کوڕێکم ئەوێ وریا و زانابێ
رۆژی تەنگانە و زۆر بەتوانابێ
لەرێی نیشتمان سەری دانابێ
ئەگەر وانەبێ لەگەڵما نابێ
مردن و ژیان لەلا یەکسان بێ
کوڕێکم ناوێ شێت بێ بۆ دۆلار
روبکاتە دەرگای پیسی ئیستعمار
بۆ چڵکاو خواردن بێ بەخزمەتکار
پێکەوە بنێ هەیوان و تەلار
هەموو خەباتی بۆ بەرگ و نان بێ

**پ:ببورە مامۆستا تا چەند خۆت بەعیزەتی نەفس ئەبینی؟**

**قانع**:

لەسایەی عیزەتی نەفسم مەرحەبا لەپاشا ناکەم
لەئەربابی کەرەم دوورم بەکەس خۆم ئاشنا ناکەم

کراسی چەرمی خۆم ئەدڕم سواڵی سەر کەوا ناکەم

**پ: باشە ناشکور و ناڕازی نیت لەو هەژاریەت؟**

**قانع**:

خوا، کەیبێ کەوای تازە لەبەرکەم!
وەیا، پارەم ببێ عەزمی سەفەرکەم
خوایا تۆ کە قازانجت نەدا پێم
بەناهەق بۆ ئەبێ دایم زەرەرکەم

**پ/ئەی باشە ئەڵێن ئەسپێکت هەبووە چۆن وەسفی ئەکەی؟**

**قانع**:

ئەی برادەر گوێگرن بۆ تاریفاتی ناتەواو
یابوێکم هەس، چ یابوو؟ مۆخ و قووەتیا نەماو
پاشوو دیبەک، چاو تەنوور و گوێ وەکو گوێدرێژی پیر
کەللە دێو و بێدیان و سینە وەک دەربەی شکاو
قەت لەعومری خۆی سەعاتێ قاڵبی ساغی نەبوو
ناوکەرێش و هاڵەدار و جەوشەن و کەللەمقاو

**پ/تەپ وتۆزی ئاشت پێخۆشە؟**

**قانع**:

لەتۆزی ئاشەدا غەرقم، لەتەوقیسەر هەتا ئەژنۆم
بەڵام چەند خۆشە ئەو تۆزە، کە هەر خۆم ئامیرم بۆ خۆم
نەترسی ئەمری مافەوق و نە مەحکومی بەراتی تۆم

**پ/لەماڵ و حاڵ چت ئەوێ؟**

**قانع**:

ماڵ و حاڵم بۆچییە گەر میللەتم زیللەت بژی
تاجی سەرشۆڕی فرێدە تۆش وەکو میللەت بژی



**پ/بەو عومرە ئارەزووت چییە؟**

**قانع**:

عومرەکەم باریک و کورتە، ئارەزووم پان و درێژ
فیکرەکەم فیکری ئەدیبە، سوورەتیشم گێژ و وێژ

**پ:لەشکری یۆنان چی لەخاکی ماد کرد؟**

**قانع**:

شەپۆلی لەشکری یۆنان کە خاکی "ماد"ی یەغما کرد
تەبەسوم غەرقی خوێناو و سەروسامانی بەربا کرد
لەڕووی دوانزە هەزار پێستەی وڵاخ نوسرابوو (ئاوێستا)
ئەوەی فەنی پزیشکی و فەلسەفی بوو بردیان باقی لەناوا برد

**پ:مامۆستا ببوورە ئاوێستا چییە؟**

**قانع**:

کتێبی زەردەشت، کە ئاوێستایە
وەک باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بەزمان هەورامی هاتەسەر بەشەر
یانێ های زەردەشت بووی بەپێغەمبەر

**پ:بۆ بەزەردەشت و ئاوێستا بنازی؟**

**قانع**:

بەئاوێستا، بە زەردەشت یان بەئاگر چۆن نەنازم من
بناغەی وەحدەت و ئەفکاری ئینسانی کە دامەزران

**پ:چۆن؟**

**قانع**:

زەردەشت مامۆستای گەورەی ئینسانە
ئاوێستا خەڵات بەرزی ئاسمانە

**پ:مامۆستای تێکۆشەر بەو ئـاخیرەت عـومرەت لەسـاڵی ١٩٦٣ زینـدانی کـرای لەسـەر کوردایەتی، زیندان بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ چییە؟**

**قانع**:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵ وێرانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرزرەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن وەک زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس، بۆ دەست وپێ
حەلقە حەلقەی پێوەنم بۆ پلپلە و لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم (قوتابیخانە)یە
بیری ئازادیم لەزیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕبەسەر ئەو دژمنە هیوای بە بەندیخانەیە

**پ:وەسیەتی چت کردووە بۆ رۆڵەکەت؟**

**قانع**:

رۆڵە وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارەکە
هەفتەی جارێک تەماشای شۆڕی ئەم گوفتارەکە
بابی خۆت رەفتاری چۆن بوو تۆش هەر ئەو رەفتارەکە
روو لەقازانجی عومومی و پشت لەخاوەن پارەکە
بێرە مەیدانی دلێری هەروەکو شێری ژیان
جەرگی دژمن هەڵدڕە و ببڕە وەکو تیغی دەبان

**پ:مامۆستا چۆن لەدایکبوویی و چۆن مردی؟**

**قانع**:

لەسەدەی نۆزدە کە لەدایک بووم
تا سەدەی بیستەم ژیام و دەرچووم



نامیانە ناو گۆڕ کاتێ کە مردم
زۆر بەئاسانی تەسلیمیان کردم

**پ:مامۆستا جەنابتان مەلان و شارەزای دینن چۆن تەڵقینت بدەین؟**

**قانع**:

با بەکوردی بێ دەنگی یاسینم
با سارێژ ببێ پەترۆی برینم
ئەگەر مەڕنەمووک بێتە سەرینم
بەزمانی کوردی بکا تەڵقینم
ئەگەر بەکوردی بپرسێ لەدین
جواب ئەدەمۆ بەزمانی شیرین
ئەڵێم مەڕنەمووک خوام خوایە
محەمەد گەورەی هەموو دونیایە
ژنی کورد خوشک و پیاوی برامە
کوردستان بەهەشت ئەوە دونیامە
ئێستەش هەرچەندە جێم تەنگەبەرە
خولیا و کەڵکەڵەی کوردم لەسەرە

**پ:مامۆستا ئەمرێکتان نییە؟ بەجێتان دێڵین و خواحافیز**

**قانع**:

خوا حافیزتان بێ ئازادکەن گەردن
وا من رێکەوتم بۆشاری مردن
کاکە سەلامم لەهاو دڵدارم
لەمام و کەس و گەورە و سەردارم
بەخوات ئەسپێرم دەروون پڕ لەزام
وا چاوەڕێتم زووکە! بێ بۆلام!

# کامەران موکری



**کامەران موکری ناوی (حەمەی ئەحمەد تەها)یە، لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەسەر خەبات و کوردایەتی حەڤدە جار گیراوە، ئەویش ناوی لەسلێمانی ناوە شاری هەڵمەت و قوربانی، لەڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٧ کۆچی دوایی کردووە!، لە سلێمانی نێژراوە.**



**پ: مامۆستا لەکێ بپرسین جەنابت کێی؟**

**کامەران موکری**:

لەزیندان و لەبیابانی سەلمان
لەنیشانەی برینەکانی سەرشان
لەساڵانی لاویی-تەمەن پشکووتن
هەلی عومرم گوڕی هەوڵی پێشکەوتن
لەو ساڵانەی لەگەڵ زنجیرا ژیام
لەم هەرەسەی ژیان بەسەریاهێنام
لەو کەسانەی تا دوێنێ بوو وەک دوژمن
کۆتیان کردە پێی سەدانی وەکو من
لەکۆتی پێ، کەلەپچەی دەست بپرسن
من چیم و کێم، ئەوان چاکم ئەناسن

**پ: بۆ هێندە قارەمان و بەناوبانگی؟**

**کامەران موکری**:

قارەمان نیم، بەناوبانگ نیم، گەورەنیم
شاعیرێکم بۆ نەتەوەی کورد ئەژیم
چیم لەدەستهات کردم بۆ نەتەوە و خاک
چیم بەسەرهات دام بەخەندە بەبێباک
ئارامی خۆم، تاسەم کرد بەقوربانی
سەرم بەرزە سەرشۆڕبوونم نەزانی

**پ:چۆن خولیای کوردایەتیت کەوتەسەر؟**

**کامەران موکری**:

چاوم هەڵهێنا دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە

گوێم بەدەنگی ئاخ زرینگایەوە
دەمم بەهاوار هەڵهێنایەوە
بۆیە هەرئەبێ پشکۆی تۆڵە بم
قوربانی خاک و هی ئەم خۆڵە بم

**پ: دوژمن دڕندەیە، جەنابتان گەشبین و دڵنیان، بەئاوات دەگەین؟**

**کامەران موکری**:

هەرچی درەختە گڕی تێبەردەن
پەپوولەی هیوای من ناسووتێنێ
بای پایز هەمووی بەجارێ هەڵکەن
ئەم خونچە وردەی من ناوەرێنێ
چۆن ئەوە ڕۆژە ئەبینم هەڵات
ئاواش دڵنیام ئەگەین بەئاوات

**پ: قەت پێیان نەوتووی ئەو ڕێیە نەگری و دەفەوتێی؟**

**کامەران موکری**:

وتیان ئەو ڕێیەی کە تۆ لەسەری
مانای ئەوەیە بەلاوی ئەمری

**پ: تۆ چیت پێوتن؟**

**کامەران موکری**:

منیش پێموتن ئەو ڕێیە نەگرم
بەگەردن کەچی و کەساسی ئەمرم



**پ: وا خۆت بەکوشت دەدەی بۆ گەل و نیشتمان، ئەی دایکە کلۆڵەکەت جەرگی ناسوتێ؟**

**کامەران موکری**:

دایە تۆ منت بۆ پەروەردە کرد
بۆ خۆشی خۆت بوو یا نەتەوەی کورد
وا من بۆ گەلم خۆم ئەدەم بەکوشت
خوای ئەکرد دەریای فرمێسکت ئەڕشت

**پ: مامۆستا پەشیمان نیت، دەتزانی تووشی ئازار و هەژاری دەبیت؟**

**کامەران موکری**:

هەرچیم کردووە لێی پەشیمان نیم
هەرزوو ئەمزانی وا هەژار ئەبم
لەگەڵ خەباتدا من بێپەیمان نیم
ئەمزانی تووشی سەد جەخار ئەبم
چونکە لەلای من تەنیا قوربانی
بەژین ئەبەخشێ ڕووناکی و جوانی

**پ: ئەوە بەکێ دەکرێ ژیان و تەمەن هەر خەبات بێت؟**

**کامەران موکری**:

ژین لەلای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە
خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن
ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد
لەچوار پێنج ساڵێ تێپەڕی ئەکرد

**پ: جا ئەوە ژیانە؟ خەبات نرخی تێدایە؟**

**کامەران موکری**:

ئێستا ئەزانم ژین ئەبێ وابێ
تەنیا خەباتە کە نرخی تیابێ

**پ: مامۆستا گیانی خۆت لەلا شیرین نیە ببیەخشی بۆ کورد؟**

**کامەران موکری**:

ئەی کورد گیانی خۆم لەلا شیرینە
وا ئەیدەم بەتۆ نەڵێی بەخشینە
چونکە هی خۆتە کوا گیانی منە؟
تۆ نەبی ژینی ئێمە مردنە
با ئەو لاشەی من بێتە خۆڵەمێش
گڵێنەی دوژمن بهێنێتە ئێش

**پ: مامۆستا ناتەوێ دەوڵەمەند بی؟**

**کامەران موکری**:

نامەوێ هەرگیز من دەوڵەمەند بم
وەکو ئەوانە ڕیسوا و بەپەند بم
چونکە بەتەنیا ڕەنجی هەژارە
ئەبێ بەزێڕ و سامان و پارە

**پ: مامۆستا بۆ کورد بەچی دڵت ئاودەخواتەوە؟**

**کامەران موکری**:

بەپەیژەی هەورا بچم بۆ ئاسمان
مانگ و ئەستێرە بۆ کورد داگرم



وەک شاخی سەختی گمۆ بەسنگم
وروژمی گوللەی دوژمن ڕاگرم
هێشتا هەردڵم ئاوناخواتەوە
تا ئاواتی کورد ڕۆژ نەکاتەوە

**پ: مامۆستا کوردی ئازات دیوە لەبەردەم مردن؟**

**کامەران موکری**:

کوردێک کە ئەچووە بەردەمی قەنارەکە
ئەمەندە مەرد بوو، ئەو بەمردنی ئەوت دەڕامەکە!

**پ: مامۆستا قەیناکە بەسەردەمی لاوی گەرمی، خەباتیش بکەی بەلأم بەو پیریە تین و تەوژمت تێدا ماوە؟**

**کامەران موکری**:

ئەگەرچی دڵی سەردەمی لاویم
بڵێسەی بەرزی کوردستانم بوو
بازووی بەهێز و چنگی خوێناویم
نیشانەی زەبری تێکۆشانم بوو
بەلأم پیریەکەم سوتێنەرترە
چونکە نەک هەردڵ، بوونم ئاگرە

**پ: مامۆستا هەوێن و هۆ چیە هێندە شیعر بەسەر کوردستان هەڵدەڵێی؟**

**کامەران موکری**:

بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە
خوێناوی کوردی پیانەڕژابێ
یا چیایەکی ئەم کوردستانە
هەزاران مێشکی تیا نەپژابێ

بۆیە بەتەنیا هەردڵۆپی خوێن
بۆ شیعرەکانم ئەکەم بەهەوێن

**پ: پێت وایە کورد بەئامانج بگات و سەرکەوێت؟**

**کامەران موکری:**

کاروانی ئێمە کەوتۆتە ڕێگا
بەئامانجی خۆی هەرئەبێ بگا
ئەگەرچی شەوی خەباتی ژیان
گیانی زۆر لاوی وەک گوڵ هەڵوەران
بەڵام هەرئەبێ شەفەق دەرکەوێ
کورد لەم هەورازە سەختە سەرکەوێ

**پ: وەڵاهی خۆم حەزم لەخەبات نیە کاسبی دەکەم چاکترە، ئەی جەنابت؟**

**کامەران موکری:**

بۆ تۆ ئاڵتوون و تەلار و سامان
بۆ منیش ڕێگەی سەختی تێکۆشان
تۆ بۆ خۆت ئەژی بۆ خۆشت ئەمری
من بۆ گەلی کورد خاکی کوردستان

**پ: واتە بەوشێوەیە دڵخۆشی بەخەبات؟**

**کامەران موکری:**

لەگەرووی شەوا لەکوردستان
هەزاران مۆمم داگیرسانەوە
تۆ لەپێناوی زێڕ و سامان
مۆمی هەژارت زۆر کوژانەوە



بۆیە دڵی تۆ شادی نەدیوە
بەڵام من خۆشی دڵمی تەنیوە

**پ: مامۆستا نرخی دڵداری و گەلپەرستی چییە؟**

**کامەران موکری:**

ڕەنگە دڵداری نرخی هەرزان بێ
بزەی گەرم‌وگوڕ نەختێ گریان بێ
بەڵام ئەو عەشقەی گەلپەرستیە
نرخی ئەبێ خوێن، خۆبەکوشتدان بێ

**پ: مامۆستا شەڕ و خەباتت پێخۆشە وازناهێنی؟**

**کامەران موکری:**

ئەوکاتە خۆشە ئاگربارانە
لەژێر پێمانا دیلی ئەنێژین
لەسەر بستێکی ئەم کوردستانە
بێپەروا خوێنی دوژمن ئەڕێژین
لەلوتکەی کەژا ئاڵا هەڵئەگرم
بەڵێن بێ، ئەبێ بەپێوە بمرم

**پ: مامۆستا توخوا حەز لەو هۆنراوانە ناکەم؟**

**کامەران موکری:**

برام ئەمەوێ هۆنراوە
بنوسم بۆت بەم خوێناوە
بەخوێناوی دڵ بەخوێنی چاو
خوێنی سنگی برا کوژراو

بەخوێنی هاوڕێیەکی شەنگ

کە بوو بەنیشانەی تفەنگ

**پ/ مامۆستا شیعرێکی بەلەزەت و خۆش بەسەر جوانی کچانمان بۆ بڵێ؟**

**کامەران موکری**:

بۆت بڵێم شیعرێک بەجۆش بێ

ئێجگار بەلەزەت و خۆش بێ

باسی گۆنا بێ هی پەنجە

هی باڵاکەی لارولەنجە

ڕوومەت و سنگ و چاو و دەم

سەرلەوحە بن بۆ شیعرەکەم

بەڵام لەکوێ بێنم شیعرێ

وەسفی شێوەی ئەو هەڵبگرێ

گەواتە ها دڵی ئاگر

لەجیاتی یەک دوو دێڕ شیعر

**پ: مامۆستا کچێکی جوان و نازدار تێپەڕی، چیت لەدەستدێ؟**

**کامەران موکری**:

من هەرئەوەندەم لەدەستدێ

کە دێت وەک کەو تێپەڕ ئەبێ

پێشکەشیکەم یەک هەناسە

پڕ لەپەرستن، لەتاسە

**پ: مامۆستا چۆن لەهۆنراوەی جوان دەگەی؟**

**کامەران موکری**:

هۆنراوەی جوان لەگوڵاڵە جوانترە

لەکەژاو و لەڕووبار ڕەوانترە



لەلوتکەی کێو بەرز و گەردن کەشترە

لەبڵێسەی گڕی ئاگر گەشترە

وشەی ناسک، ڕستە شیرین و بەتام

شیعری ڕووناک، وەک مانگە شەوی هیوام

**پ: هۆنراوە بۆ کچ و گوڵ و دەشتودەر و چیای کوردستان دانانێی، ئەی تەنیا بۆ کێی دادەنێی؟**

**کامەران موکری**:

بەڵێن بێ ئەی کچ، بەڵێن بێ ئەی گوڵ

ئەی دەشتودەر و چیای کوردستان

من جارێکی تر نە بەدەم نە دڵ

بۆ ئێوە نەڵێم هۆنراوەی جوان جوان

تەنیا هۆنراوە ئەڵێم بۆ هەژار

هەر لەگەڵ ئێوەم ئەی هەژارینە

تەنیا هۆنراوە ئەڵێم بۆ هەژار

هەژار هەوێنی شیعری خوێنینە

**پ: مامۆستا شیعرێکی بەتامی وا وەك دڵ و دەروونی خۆت بێ؟**

**کامەران موکری**:

خۆزگە ئەمتوانی شیعری وام

ئەوت پڕبیوایە لەتام

شیعرێ بێ لەعەزرەتا خۆم

بتوێمەوە هەروەکو مۆم

خۆزگە یەک هۆنراوەم ئەوت

وەکو خۆم بوایە کتومت

وەک دڵی خۆم وەک دەروونم
وەکو هەستی پاک و ڕوونم

**پ: لەهەژار و شیعری خوێنین گەڕێ؛ چ دیمەنێکی کاریگەری نازدارانت لەلا جوانە؟**

**کامەران موکری**:

پەنجەی نەرمی برد بۆ دوگمە
ترازانی بەندی سوخمە
بەرگی شاڵی پولەکەچن
لەرزی وەک پەڕەی دڵی من
کاتێ خۆی گوشی مەمکی ڕووت
تەزوو لەدەماریا بزووت
ژین هەرچی تیا هەیە جوانی
ناگا بەسنگی نیانی

**پ: ئەو نازدارە دەربارەی ئەو سوخمە ترازانە چی وت؟**

**کامەران موکری**:

وتی سوخمەی ئاوا تەسک
قوماشەکەشی وا ناسک
بۆ سنگم نابێ زوو ئەپوێ
بۆم بدروو یەکێکی نوێ
ئەمجارە لەسەر ئەندازە
بۆم بدروو سوخمەی تازە



**پ:ئەی بۆ ڕۆژی نەورۆز چ دەکەیتە دیاری بۆ گەلی کورد؟**

**کامەران موکری**:

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک
لەنێرگز و گوڵی ناسک
ئەکەم بەدیاریەکی جوان
بۆ گەلی کوردی قارەمان

**پ: ئەو سێ چەپکە گوڵانە چین؟**

**کامەران موکری**:

ئەم گوڵانە ئەم سێ چەپکە
کە پەڕیان تەڕ، ناسکە
لەیەک دەشتا، یەک چیمەنا
لەناو دەروونی وەتەنا
هەرلەیەک جۆگەلەی یەک شوێن
مژیویانە دڵۆپی خوێن

**پ: دوای پێشکەشکردنی دیاری چ دەڵێی؟**

**کامەران موکری**:

دوای پێشکەشکردنی دیاریم
ئەڵێم (بێشک) کوردەواریم
ئەی نەورۆزی هەزار ساڵە
لێی هەڵدێت، شەبەقێک ئاڵە

**پ: ئەدی شەهیدەکانی کورد ناوناهێنی؟**

**کامەران موکری**:

مەگەر هەر من ناوی شەهیدانی کورد
جارجار بێنم بەسۆزی هۆنراوەی ورد

**پ:مامۆستا کە مردیت لەکوێ بتنێژین؟**

**کامەران موکری**:

کە مردم
مەمنێژن
با لاشەم بێتە پێشێلی لەشکری سەرکەوتوو
هێزی برسی و هەژار
سوپای بۆ ئازادی تینوو
چەند بەرزییە مەرگی پیرۆز


**پ: دوا وتەت و سوپاس؟**

**کامەران موکری**:

هەزار سڵاو لەخاکەکەم
کە خۆمی بۆ والێئەکەم
بانگئەکەم بەوشەی پەتی
بژی بژی کوردایەتی



# هێمـــن



**هێمن ناوی (سەید محەمەد ئەمینی سەید حەسەنی شێخ لئیسلامی موکری)یە، لەبەرەبابی (مەلا جامی چۆریە)، لەبەهاری ساڵی ١٩٢١ لەگوندی (لاچین)ی نزیک سابڵاخ لەدایک بووە، لە١٧ای نیسانی ساڵی (١٩٨٦) لەمهاباد کۆچی دوایی کردووە.**

**پ: نامەیەکم بۆی نوسی بوو، بۆم بنوسی جەنابت چی؟**

**هێمن**:

بۆت نوسیوم بۆت بنوسم ئەمن چیم

دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم

بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم

خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

**پ: ئەوە گەورەیی خۆتە، بەڵام بەڕاستی دەتوانی پێمان بڵێی چی؟**

**هێمن**:

کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم

تاکە داری کڕووزی بێئاوم

دەفتەری شیعری شاعیری رووتم

شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم

ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم

شاعیری پیری تووڕە و زیزم

چۆن دەتوانم بەتۆ بڵێم من چیم

خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم

**پ: ئەو لەکوێ و ئەتۆ لەکوێ نەمانزانی کێی؟**

**هێمن**:

ئەو لەزۆزان من لەئارانێ دەژیم

کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم

**پ: مام هێمن شیعری خۆش وجوانم لێت دەوێ، بەڵام بەو پیریەت نازانم بڵێم چۆن شیعرێك؟**

**هێمن**:



شیعرت دەوێ لەمنی پیر

لەمنی پیری گۆشەگیر

لەشاعیری زمان بڕاو

لەشاعیری دەفتەر دڕاو

لەشاعیری بەساڵاچوو

لەشاعیری وشک هەڵاتوو

شیعرێکی تەڕ شیعرێکی خۆش

شیعرێکی دڵان بهێنە جۆش

شیعرێک وەک خوناوەن باران

شیعرێک وەک سرتەی دڵداران

**پ: دەمەوێ رازی دەروونتم پێ بڵێی؟**

**هێمن**:

چت لەوەیداوە دەس هەڵگرەلێم

رازی دەروونم بۆ بەتۆ بڵێم؟

**پ: دەستهەڵناگرم بەخوای، تا پێم نەڵێی؟**

**هێمن**:

دەس هەڵناگری گوێ ڕاگرە بۆم

تاکو پێت بڵێم دەردی دڵی خۆم

ئەمن لەخاکی کوردی رواوم

بەئاوی ساردی کانی دێراوم

دەروونم رەشە جەرگم سووتاوە

وەتی کوردستان داگیر کراوە

**پ: هەچ پرسیارێکت لێ بکەین دەوێری بەبێباکی جوا بمان بدەیتەوە؟**

**هێمن**:

هەرچێکی پێتە سەر زارم

ئەگەرچی بێکەس و زارم

ئەمن دەیڵێم بێ باکم

**پ: مام هێمن گەرچی تووشی حەسرەت و دەردی! ئەدی قەت نابەزی هەر لەشاخ وداخە دەبی، ئاشقی جوانان نابی؟**

**هێمن**:

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمند

قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم

ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

**پ: گەر لەو شاخانە رەق بوویەوە لەسەرما و لەبرسان سەر بۆ بێگانە شۆڕ ناکەی؟**

**هێمن**:

گەر لەبرسانا و لەبەر بێبەرگی ئەمرۆ رەق هەڵێم

نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

من لەزنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە

لەت لەتمکەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

**پ: مامۆستا هێمن لە چ وەختێکدا نیشتمانت لەبیرە؟**

**هێمن**:

لەشایی‌دا لەوەختی هەڵپەڕینا

لەخۆشی‌دا لەکاتی پێکەنینا

لەکۆڕی ماتەم و گریان و شینا



ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

**پ: لە چ وەختێکی دیکەشدا؟**

**هێمن**:

لەو دەمەیدا گڕدەگرێ مەیل و تاسە

لەو دەمەیدا تێک هەڵدەنگون هەناسە

**پ: زۆری ماوە چەك دابنێی و گۆچانەکەت هەڵبگریتەوە ببیەوە شوان لەبەر شەنگە بێریان؟**

**هێمن**:

زۆری نەماوە بێتەبەر نەمامی هەوڵ و خەباتم

لەداگیرکەر پاکبێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم

چەک دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە

تۆ هەر بێری بە، من هەر شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم

**پ: دووری لەژن سەخت نیە؟ دەبێ لەژن خۆشەویستر چی بێ؟**

**هێمن**:

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە

دووری لەژن، نامرادی

بەڵام لەژن خۆشەویستر

لەلای من ئەتۆی ئازادی

**پ: مام هێمن لە پێناو ئازادی دەردەسەری زۆرت چەشتووە؟**

**هێمن**:

شینم گەلێک گێڕا و شادیم کەم دیوە

خۆشی دەڵێن هەیە، بەڵام نەمدیوە

هەڵوەدا بووم لەدووی پەری ئازادی

تووشی نەبووم نە لەودیو نە لەمدیوە

**پ: پێت وایە، هێندە نەگبەتی؟**

**هێمن:**

هەر بەڵایەک لەئاسمانەوە بێ
با لەوێش ڕانەهاتبێ بۆ من
کە گەیشتە زەوی دەکا پرسیار
ئەرێ لەکوێیە ماڵی مام هێمن؟!

**پ: بۆ پەنا بۆ مەی دەبەی و دەخۆیتەوە؟**

**هێمن:**

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لەهەرلایەک دەکەم ناسۆرە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونە لانی خۆم
ڕوو لەهەرلایەک دەکەم بێگانەیە
ژین لەنێو بێگانەدا تەنگانەیە

**پ: لەبەر چ هۆیەکی دیکە دەخۆیتەوە؟**

**هێمن:**

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو
لێی حەرامکردم قەرار و خورد و خەو



**پ: ئەی کە مەست بووی چ دەکەی؟**

**هێمن:**

جا کە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی
بشنوزاش چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند

**پ: لەبەرچی شیعر و مەی و ناڵەت تێکەڵ کردووە، لەو شیعرانە گەڕێ؟**

**هێمن:**

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
لێمگەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێمگەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانیە
شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشادەکەن لێی و هەشە

**پ: ئاخر مەی حەرامە هەق نیە بخۆیتەوە؟**

**هێمن:**

مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین
بۆ منی دڵ پڕ لەناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن
بلبلی بێبەش لەگوڵزار و چەمەن

**پ: نەختێ ماڵ بۆخۆت پێکەوە بنێی بەختەوەر نابی؟ هونەر و شیعر چیت بۆ دەکات؟**

**هێمن:**

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟

کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر!

زێڕ بەلایە، بێوەفایە دەوڵەمەند

هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند

**پ: مەی بۆ جەنابت حەلاڵ بێ ئەی بۆ کێ حەرامە؟**

**هێمن:**

مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێخەمان

مەستی بێخەم بۆچی بگرن ئێخەمان

ئەو شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە

لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە

**پ: پێت سەیر و کفرە ئەو کوڕەی خۆشەویستی هەبێ بخواتەوە؟**

**هێمن:**

ئەو کوڕی هێشتا لەژوانێ ڕێی هەیە

سەیرە زۆر سەیرە کە ئالودەی مەیە

ئەو کەسەی ڕاوینەنێن لێرە و لەوێ

ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەستکەوێ

ئەو کەسەی (دەستی لەمەمکان گیربێ)

ئەو کەسەی تفلی دڵی بۆ ژیربێ

ئەو کەسەی پەنجۆلە بگوشێ جاروبار

ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار

ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس‌ولووس

ئەو کەسەی تێیهەڵنەدابێ چارەنووس



ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ

کفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ

**پ/ مامۆستا هێمن هەقە هێمن بی هێندە نەناڵی؟**

**هێمن:**

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من

چۆن لەئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من

چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە

بەرد لەبەردێ بێتەوە دەنگی هەیە

ژانی ناسۆری و جودایم چێشتووە

هەرچی خۆشمویستوە جێمهێشتووە

**پ: جەنابت هێندە عەشقی کوردەواری و یادی برادەران دەکەیتەوە گەر بچیتەوە دەبێ بتناسنەوە؟**

**هێمن:**

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم

ڕۆڵەکەم خێزانەکەم باوانەکەم

ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە

ئێستا بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە

ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد

هێز و توانای لێبڕیووم دەردەکورد

**پ: ڕاسپاردەت بۆ ڕەفیقان و عەزیزان چیە؟**

**هێمن:**

ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات

ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات

گەر دەناڵێنم، ئەمن پەکەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم
کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا!

**پ: مام هێمن ڕێگا و بوارت بدەن دەچی بەرەو کوێ؟**
**هێمن:**
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە
دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو هۆبە و هەواری با سەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگای وەفا

**پ: جەنابت هەردەڵێی دێم، ئاخر بۆ کوێی دیکە دێی، گەر مردی؟**
**هێمن:**
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لەپەرژینی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تابمێنێ نوری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم



دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش

**پ: کوانێ هێندە لەسەر تاقەت و شنگی بتوانی ئەو بەزمە بکەی؟**
**هێمن:**
کوانێ ئەو پەنجەیەی کە توندی دەگوشی مەمکی توند
کوانێ ئەو پێیەی کە بۆ ژوانێ دەچوو، گوندا و گوند

**پ: ئاخۆ دەبێ وەختی خۆی چیت بەو پەنجە و لێو و چاوەت کردبێ؟**
**هێمن:**
ئەو پەنجەی وا لەبێهێزی دەلەرزێ
گوشیویەتی مەمکۆڵەی بالابەرزێ
ئەو دوانەی ئێستێ نەماوە تاقی
گەستویەتی زۆرجار چەنەگەی ساقی
ئەو چاوانەی سۆمای لێبڕاوە
هێند لەجوانان ڕاماو و داگیراوە
ئەو لێوەی وا ئیستێ باری گرتووە
کوڵمەی نەرمونۆڵی یاری گرتووە

**پ: مام هێمن بەو زستانە ئەگەر یارت لەگەڵ بوایە، وەزعت چۆن دەبوو؟**
**هێمن:**
بەهار بوو فەسڵی زستانم، ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتویانە بەخونچێکی بەهار نایە

**پ: پەیامت بۆ دڵبەری نازدار چی یە؟**

**هێمن:**

پەیامی من بەگوێی ئەم دڵبەرە نازدارە ڕاناگا

نەسیم بێسیم دەبێ، شل دەبێ، بەم کارە ڕاناگا

هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ

ئیتر دەستم بەداوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا

**پ: مامۆستا هێمن شەو درەنگە توخوا چی دیکە مەخۆوە؟**

**هێمن:**

ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر

کەوا ئەمشەو لەناخمدا سەریهەڵدا غەمێکی تر

بە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینوی جگەرسوتاو

بەچی دیارە کە دەبینم شەوێکیتر، ژەمێکیتر

**پ: ئێستا خەوت نایە وا بەیانی داهات؟**

**هێمن:**

بەیان ئەنگوت و شەو ڕابورد و من هێشتا خەوم نایە

دەخوێنن بولبول و قومری، بەڵام قاسپەی کەوم نایە

خەیاڵ دەمباتە جێژوانی شەوانی لاوەتی ئەمما

خرینگەی بازنە و خرخاڵ و بەرمووری ئەوم نایە

**پ:ڕات بەرامبەر شاری کۆیە و حاجی قادری کۆیی چیە؟**

**هێمن:**

چلۆن بۆ سورمە نابێ خاکی شارێک

کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێک



**پ: بۆ شەهید شەهابی شێخ نوری چیت گوتووە؟**

**هێمن:**

نالی لەکوێ ببینێ کە پایتەختی شارەزوور

ئەستێرەکانی ڕادەکشێن وەک شەهابی نوور

**پ: لە پاش مەرگت کە کوردستان ئازاد بوو، وەسێتت بۆ کوڕ و کچی کورد چیە؟**

**هێمن:**

کیژ و کوڕ بگرن لەدەوری گۆڕی هیمنی ڕەشبەڵەک

من کە شینگێڕی شەهیدانم لەکوێ شینم دەوێ

# طــؤران



**گـــۆران ناوی عەبدوڵا بەگی کوڕی سـلێمان بەگی عەبدوڵا بەگە، باوك و بـاپیری لەشـیعر و ئەدەبــدا بــەهرەیان هــەبووە لەســاڵی ١٩٠٤ لەهەڵەبجە لەدایکبووە، لە ١٩٦٢/١١/١٨ کۆچی دوایی کردوە.**



**پ: مامۆستا گـــۆران سەرەتا شیعری جوانمان ئەویٚ؟**

**گـــۆران:**

شیعری جوانت ئەویٚ، قوربان، شیعری جوان
شیعرێک گەشە و زەردەخەنە با بەژیان

**پ: شیعرێك وشەكانی گوللەبیٚ هێند كاریگەربیٚ داگیركەران بتاسێنیٚ؟**

**گـــۆران:**

قوربان ڕاستیت دەویٚ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵیٚ، کوجا مەرحەبا

**پ: ئاخر قوربان لەبەرچی؟**

**گـــۆران:**

لەپێش هەموو شتێکدا چونکی کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم

**پ: ئایا ئەتوانیت شیعر بخەیتە سەربالٚی خەیالٚ؟**

**گـــۆران :**

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێیمەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەرون، قسەی زمانم
بۆچی وەها لێک دوورن لەیەک، نازانم

**پ: مامۆستا ببورە دەتوانی شیعرێکی داهێنان و نوێتر دابنێی؟**

**گـــــۆران:**

کەڕوی لێنیشت گەردی شیعرم

هەی جوانەمەرگ خۆم، هەی بمرم

**پ: هەندێ شاعیر و ئەدەبزان پێیانوایە جەنابت پێشڕەوی تازەگەری شیعری کوردی نیت و شتی نوێ و داهێنانت نیە؟**

**گـــــۆران:**

منیش هەندێ کەس، پاشملە

لێم کەوتونە تەقەی زلە

بەڵام من وەک حەوزێکی مەنگ

هەرگیز لێیان نایەمە دەنگ

**پ: ڕات بەرامبەر ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی چییە؟**

**گـــــۆران:**

لەباخێکدا فرمێسکی (خانی) ئەرژا

دڵی (حاجی) لەئاگرا ئەبرژا

**پ: ڕات بەرامبەر فایەق بێکەسی شاعیر چۆن بووە؟**

**گـــــۆران:**

شاعیرێک بوو فەنان بوو

ئەدای خور، خرۆشان بوو

بۆ باخچەی کزی کوردی

بولبول بوو نەغمەی وردی

سەرەڕای بەهرەی فەنی

دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی



**پ: پێت وایە کورد ڕێز لەداهێنەر و بەهرەمەندەکانی خۆی ناگرێت؟**

**گـــــۆران:**

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعاتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

بەڵام تەختی ڕەفاهو تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار

بەئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا

**پ: مامۆستا وەك شاعیرێکی هەست ناسك و جوان پەرست، لەئاسمان و ئەستێرە و باخ و گوڵ و بەهار و شەونمی درەخت و پەلکەزێڕینە و هەتاو و خوڕەی قەڵبەزە و میوە و جریوەی شاخ و گەرووی شمشاڵ و تەلی کەمان کامیان جوانترن؟**

**گـــــۆران:**

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن

ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز

بێڕووناکیە بێبزەی ئازیز

**پ: مامۆستا لەوانە جوانتر؟**

**گـــــۆران:**

ئەوەندە جوان، لەوە جوانتر

لەشنەی بای شەو ڕەوانتر

بەئاهەنگتر بەخرۆشتر

بەگوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا

جوانی لەبەژنێکی بەرزا

**پ: مامۆستا گـــــۆران دەڵێن قەت لەیارەکەت ناڕەنجێی؟**

**گـــــۆران:**

کفرە لای من لەیار ڕەنجان
پێی لێئەنێم ئەی زوهرەی جوان
چۆن ئەتوانم بڕەنجێم لێت
هەی خاک بەسەر ئینسانی شێت؟

**پ: ژنە هەورامی چۆن وەسف دەکەی؟**

**گـــــۆران:**

ژنی هەورامان سەرتاپای خشڵ
سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ
تابڵێی تەڕپۆش، ئاڵاواڵا جل
بەژن و باڵا جوان، بەدەن نەرموشل

**پ: بۆ هەورامان هێندە سەرنج ڕاکێشە؟**

**گـــــۆران:**

سیاچەمانە سیاچەمانە
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە

**پ: مامۆستا گەشتی هەورامان و قەرەداخت کردوە بەدەیان گوند تێپەڕیوی، لەلادێدا کانی ژنان چۆنە؟**

**گـــــۆران:**

سەرچاوەی ئاوێک، کەڵەکێک لەسەر
ژنێک تێیئەچێ، ژنێک دەێتەدەر
ئەمەش لەدێدا کانی ژنانە
قەیبلەی دڵداری هەرزەکارانە



**پ: وەختێ نازداری بەگۆزەی ئاوەوە لەسەر کانی بەرەو ماڵ شۆڕدەبێتەوە سەرنجت چیە و چی پێدەڵێی؟**

**گـــــۆران:**

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ
ئەگریجەی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەتوخاڵ
شەڕیانە شەماڵ پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەشوئاڵ
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەی تازە
ڕێی کانی قوربان مونەتەزیری جیلوەی نازە

**پ: لەو دەشت و مێرگوزار و گوڵە کێوی و گوڵە سروشتی سەرکانی و دەم ئاوان، چ گوڵێکت بەدڵە؟**

**گـــــۆران:**

لەناو هەزار و یەک گوڵا
من هێرۆم زۆر چووە بەدڵا

**پ: قوربان لەو هەموو گوڵە لەبەرچی گوڵە هێرۆت پێپەسەندە؟**

**گـــــۆران:**

هێرۆم بۆیە لا پەسەندە
لەسەر ڕەگێکی قوڵ بەندە
بەسەر دڕکی ژیندا زاڵە
تا ئەمرێ سەرلقی ئاڵە!

**پ: مامۆستا دەربارەی کوردستان و خاکی خۆت چی دەڵێی؟**

**گـــــۆران:**

کوردستان، جێگامی، جێی هەزار ساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەر لوتکەی یاڵەم

هەناسەم تێربووی بای کوێستانە

دوو لێوم پاراوی بەفراوانتە

**پ:نەبوونی سنوری دەریایی بۆ کوردستان کێشەی کوردی سەختتر نەکردووە؟**

**گـــــۆران:**

کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو

لەبنیا بلەرزیٚ مرواری زیخ و چەو

جوانترە لەلای من لەدەریای بیٚسنوور

شەپۆلی باتەبەر تیشکیخۆر، شڵپ و هوڕ

**پ: کاتیٚ هیوای کوڕت بەکۆرپەیی گریابووچیت بۆ وتبوو؟**

**گـــــۆران:**

چیە توخوا چ سرِێکە وەها مەحکومی گریانی

کە تۆ هێشتا لەخەم ناگەیٚ لەمەعنای گریە نازانی؟

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت ژەهرت بچێژایە

زەمانە گەردی ئەمەلتی بەدەم باوە بیێژایە

حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بەناڵەی ڕۆحی پڕ ئێشت

لەئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت

**پ: مامۆستا جگە لەکوڕ دەتوانین بزانین چەند کچت هەیە؟**

**گـــــۆران:**

کچێکم بوو، کچیٚ تەنیا کچیٚ بەس

ئەویش ئاخری کوشتی چەرخی ناکەس

چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم

چ زوو مردی، چ زوو کەوتیتە بن گۆم



**پ: مامۆستا دەڵێن بۆ نەخۆشیەکت چوویتە مۆسکۆ و کرملین، چۆن چووی؟**

**گـــــۆران:**

فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا

بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا

تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرملین

ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لینین

**پ: مامۆستا گـــــۆران مۆسکۆت چۆن هاتە بەرچاو بەچی دەشوبهێنی؟**

**گـــــۆران:**

ئەی مۆسکۆی جوان، گەورەی کچی ئۆکتۆبەر

حەوت ئەستێرەی یاقوت کە داوتن لەسەر

لەناو زیوی تەما گەش ئەجریوێنن

هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهێنن

(میترۆ)ت ئەڵێی نیونیگای نیگارە

(مەیدانی سوور) جێی هەزاران هەزارە

**پ: بۆ یادی لینین چیت وتوە؟**

**گـــــۆران:**

بژی یادی پیرۆز و بەرزی لینین

بژی داس و چەکوش، بژی حیزبی چین

**پ/ مامۆستا گـــــۆران کاتیٚ ڕاکشابووی لەنەخۆشخانەی کرملین، دکتۆر و سستەرەکان چۆن بوون لەگەڵتا؟**

**گـــــۆران:**

ڕاکشابووم لەسەر پشتم

دکتۆرەکەم

ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم
ناڵێم وەک دایکێکی دڵسۆز
فرمێسکی بۆ هەڵئەڕشتم
بەڵام تەواو وەک کچی خۆم
دەستی ئەخستە ناو مشتم
بەچاوی پڕ لەهەستی جوان
ئەیکرد تەماشای سروشتم

**پ: مامۆستا گـــــۆران پەیامت بۆ لاوی کورد چییە؟**

**گـــــۆران**:

بەلادا بکە چەکی مەردایەتی
درێغی مەکە گیان لەکوردایەتی
بگرمێنە وەک شێر، بچۆرە نەبەرد
بڵێ: کوا حەقی ژینی ئینسانی مەرد
درشت تاکو ورد
نەکەین دەستوبرد
بەحەق چۆن ئەگەین
پشوو چۆن ئەدەین

**پ: قوربان دوا وتەت بۆ گەلی کورد؟**

**گـــــۆران**:

کوردستان، کوردستان
نیشتمانی جوان
هەر بژی بەشادی




سەربەستی و ئازادی
هەربژی! هەربژی! هەربژی!

**پ:مامۆستا گـــــۆران زۆر سوپاس پرسیارم تەواو ئیتر ئەڕۆم؟**

**گـــــۆران**:

ئەڕۆی ئۆغر؟ ئەڕۆی ئۆغر؟ نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر
حەیام، عەقڵم، دڵ و دینم هەدەرناکەی ئەڕۆی ئۆغر

# سەید کامیلی ئیمامی



**سەید کامیل کوڕی سەید عەبدولحەکیمی کوڕی سەید عەبدولکەریمی زەنبیلە، لەساڵی ١٩٠٣ لەگوندی زەنبیلی نزیك بۆکان لەدایك بووە، هەر لەگوندی زەنبیل لەخزمەت مەلا رەشە خوێندویەتی، نازناوی (ئاوات)ی هەڵبژاردووە! لەزەمانی شادا دووساڵ زیندانی کراوە، هەر لەلادێ ژیاوە و خەریکی کشتوکاڵ بووە، لە (١٩٨٩/٨/٢٦) کۆچی دوایی کردووە، هەر لەزەنبیل نێژراوە.**



**پ:مامۆستا دەمانەوێ چاوپێکەوتنێکی شیعریت لەگەڵ ساز بکەین، بێینە کوێ و چەند دووره گوندەکەت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

وەرن توخوا کە چاوم وا لەمەڵبەند و گوزەرتانە
وەرن روحم وەکو پەروانە دایم دەوری سەرتانە
وەرن (تورجانی) و (زەنبیلی)ی و (جەمیانی) خێرایەک
موفەرەح کەن دڵم هەر چاوەڕێی باس و خەبەرتانە
مەڵێن باریوە هەرمایە، ئەویش نەیماوە و سەرمایە
هەمە گەر ئێوە غەواسن ئەشک بەحری گەوهەرتانە
لەزەنبیل تاکو ئێرە نیوسەعات نابێ بەمەعلومی
دەسا تەی کەن بەغار ئەورێ نزیکەی وا لەبەرتانە
وەرن گیانە وەدەرخەن گەوهەرێ لەم بەحرە تاماوم
نەوەک بمرم دەس و برد کەن کەسم رۆژی زەفەرتانە

**پ:دەمانەوێ بێینە کوێستان لەهەواڵت بپرسین، ناوونیشانت چییە و لەگەڵ ناوی راستەقینەت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

لە ئەهواڵی ئیمامی گەورە دەپرسن چۆنە بێ ئێوە
سەرم سوڕماوە لەم کوێستانەدا بێ هەردەم و ئێوە
بکەن روحمێ بەحاڵی هەر بەحاڵ هێزی لەبەردایە
عەجایب گری گرت لەم سەر زەمینە پڕ کەژ و کێوە
مەڵێن کوێستانە جێگای لێی گەڕێن قشلاق و بژوێنە
بەئینسان چی؟ کە حەیوان تێر ئەخوات و خەلقی بێشێوە
فیداتان بم وەرن لوتفو هەبێ رۆژی هیلاکەتمە
نەیەن بێ نێونیشانم، بێنەلام هەر (کامیل)م نێوە

**پ:مامۆستا نامەم بۆ نوسیبووی بەدەستت گەیشت؟**

**سید کامیلی ئیمامی**:

نامەکەت هات و دڵ گەشایەوە

ئاگری دەروونم بەو کوژایەوە

یەکجار گرنگ بوو گرێ پوچکەی دڵ

بەوتەی خۆشی تۆ کرایەوە

**پ:گەر لەرابردووی ژیانت بپرسین؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

لەرابردووی ژیانم گەر دەپرسن

ئەگەر بڵێم دەترسم لێم بترسن

بڵێن چۆن بەو هەموو دەردانە هەرما

ئەگەر دێو و درنج بێ، کابرای وا

**پ:بۆ مامۆستا ژیانت چۆنە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

توخوا ئەمە ژینە کە وەها کەوتمە شەشدەر

رێی چوونەدەرم هەربەخەویش نایەتەوە بەر

هەرکەس بەهەواڵێک و بەسازێ لەسەمایە

ئەمنیش نەهەوام ماوە نەسازو نەهەم ئاوەر

**پ:گەر لەباری دەروونی و تەندروستیت بپرسین چۆنی؟!**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

گەر دەپرسی چۆنە کامیل کاکە دەردی کاریە



برسییە، بێهێزە، گێژ و وێژە، کاری زاریە

نان دەخۆم ئەمنیش بەقوڵزەڵقورتە، چا، زوخاومە

گەر دەپرسی چۆن دەژی (کامیل) ئەویش بێ عاریە

**پ:بۆ مامۆستا قەت عاشق بووی؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

بەرێگای عیشقدا رۆییم بەسەرسەنگی، خەیاڵاوی

بەدڵتەنگی، بەبێ دەنگی، بەبێ رەنگی، بەداماوی

لەدەریای قووڵی بیر و خەم، دەبێ کەنگێ دەرم بێنن

بەرەشپۆشی، بەبێ هۆشی، بەناخۆشی، بەخنکاوی

دەنا خۆ بسوتێم من بە ئاوری عیشقی یار ئاخر

بەڕیز ئەگرن وەکو هیند و برا تەرمم بە  سوتاوی

**پ:بەو پیری یە دڵت موبتەلای چ یارێکەوە و چۆنەیار؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

دڵی من موبتەلای باڵا بڵندی، نەو جوانێکە

لەدەوری دێودەچێ دایم، عەجایب پاسەوانێکە

بڕۆی چەشنی کەوان، برژۆڵەی تیرە، بسکی زنجیرە

ئەسیری تەپکەیی بسک و کوژەی تیروکەوانێکە

**پ:مامۆستا چی بەیار دەڵێیت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

نوری روخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو

زوڵمەتی زوڵفت لەسەر رووتە لەرۆژ مێوانە شەو

**پ:چاوی چۆنە یار؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

دوو چاوی مەستە کێشاویانە ناز لەیەک
عەجەب نیانە دوو بەد مەست ئیعتراز لەیەک
کە خەوتی تێک ئەڕژێ لەشکری موژەت تێکرا
هەڵێنە چاوی جیا کە سپاهی ناز، لەیەک

**پ:جا یار پێت رازیە و دەتناسێ و پێت گووتووە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

گوتم یار و لەیار و ئاشناکەم
کە بەشکم دەردی دڵ تۆزێ دەواکەم
بەڵام یارم نەیاربوو ئاشناشم
دەڵێ نەمدیوی ناتناسم براکەم

**پ:مامۆستا دەتەوێ دڵ چۆن بێ چ دڵێکت ناوێ؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

دڵێکی وام ئەمن ناوێ بەناڵەی بێدڵان نەگری
وەکو شەونم لەسەر خونچەی گولاْن و بولبولان نەگری
وەکو بولبول نەبێتە عاشقی گوڵ دڵ بەکار نایە
ئەگەر شێتانە سبحەینان نەچێتە سەرخێلاْن نەگری

**پ:هەر لەلادێ ژیاوی! یارت چۆن تەشی دەڕێسێ؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

کوانێ خوری شەکی کاڵ، بکرم بەروحی شیرین



بیدەم بەدەستی یارم، بایدا بەناز و تەمکین
شیکاتەوە بەشانە! بەقامکی نەرم و رەنگین
بیدا ئەویش بەنوکی، تەشی وا جوان و نەخشین
بۆ پارچەیەکی پەشمین! یارم تەشی دەڕێسێ
ریسی مەحەبەت و مەیل! خاوبوو بەکرژی رستی
گریێی دلاْن پساندی، بەلێو و دەستی بەستی
تولی ئەمەل درێژبوو، سەنگینی کرد و خستی
بۆی دانەوی بەچوستی! یارم تەشی دەڕێسێ

**پ:مامۆستا بەو عومرە فکری چ دەکەی؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

فکری چ بکەم ئێستە لەپاش عومری درێژم
بڕوانە لەدەست و سەری لەرزۆکم و گێژم
ئەو ئارەقی دەرژێ بەسەر رووم بەحەقیقەت
دوای رۆینی یاران هەموو جواناوە دەڕێژم

**پ:سۆز و خەم و حاڵ و رازت کێ دەیزانێ؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

**بەتەنیا گیانەکەم سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ**
**خەمی دڵ بولبولێکی بێ گوڵ و بێلانە دەیزانێ**

**پ:جا بەمافی خۆتی دەزانی وابێ؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

مافی خۆمە لێم گەڕێن، هەروەها بێچارەبم
مەسخەرەی دۆم و دوراجی ئەم سەر و ئەو خوارەبم

تاوەکو کوێر و شەل و نوقسان و بێ ماوەو هەژار

تاکو دەمرم چاوەڕێی ئینسان و پول و پارەبم

بەم هەموو  تەبحە ڕەوانە بەو هۆنراوە وە

چاکە نابمە شوهرەیی ئافاق و هەر ئاوارەبم

تۆ کەگۆت برودۆتە دەر ( کامیل ) لە گوڵزاری ئەدەب

حەقتە فەرمووی هەر ئەمن بە شێتی ئەو گوڵزارە بم

**پ:مامۆستا وەك شاعیرێكی پیر و بەئەزموون وەك جاران شیعری جوانت هەیە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

هۆنەرێکی پیری وەک من کوا وتەی جوانی هەیە؟

کوا گوڕ و تین و توانای جاری جارانی هەیە؟

گوێم خەریکە گوێ نەداتە بەندوباو، چاویش ئەوا

کەم کەمە بێنور دەبێت، حاڵی بوحرانی هەیە

**پ: دیارە لەژێر كاریگەری حەزرەتی ( نالی )ت، بەچ شیعرێك دەردەكەوێت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

چیە گوارە بەگوێ هەڵت واسیوە

سەرەوژێرە و موعلەق لەو نەدیوە

زەعیف و بێکەس و بێیارو هاودەم

بەبێ دەنگ و سەدا هەروەک هەتیوە

بەگوێ گیراوە وا زەرد هەڵگەڕاوە

وە یا لەو دەرک و بانە کوێت بڕیوە

لەترسی ماری زوڵفت هەڵدەلەرزێ

لەبۆیە زەرد و زار و راچەنیوە



عەجایب گیری کرد لەو جێگە سەختە

بەجێ ماوە بەتەنیا لەو پەسیوە

**پ:لەشیعرێكی دیكەتدا كتومت لەحەزرەتی نالیت وەرگرتووە. وەك:**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی سروەکەی سەحەر

ئەی شارەزا و بەلەد بەهەموو دەشت و دەر

**پ:نەك هەر حەزرەتی نالی، كاریگەری ( سالم ) شت لەسەرە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

چ خۆش بوو قاسیدی یار شیعری ئاودار و تەڕی هێنا

ژیاوە باغی هیواکەم ئەوا بەرگ و بەری هێنا

لەجوانی شیعری ئاودار و تەڕو پاراوی تۆ (شاعیر)

بچووکی خۆت بەسەد زەحمەت دوو سێ شیعری شڕی هێنا!

**پ:هەڵبەستەكانت بەشیعری كام شاعیر دەچێ؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

ئەو هەڵبەستانە چەشنی وتەی (حاجی قادرن)

هەرچەند ئەمانە شیعرن و ئەو خوو موخەممەسە

شیرینی زمان و ئەفسەحە ئەو بۆیە (کامیل)یش

جوانە وشەی زمانی بەمەدحی مولەببەسە

**پ:لەنێوان تۆ و عەقڵدا چ مشتومڕێك هەیە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم

عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی

من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە دەچم

ئەو دەڵێ نا، ڕەشە جێ ڕاوگەیی شەیتانە نەچی

من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم

ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی

**پ:ئێستا دەچی یان ناچی؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

لەم هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕما (کامیل)!

من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ جوانە نەچی!

**پ:شای ئێران دووساڵ زیندانی کردی، کە شا هەڵات و ڕۆیی چۆن سۆزی نیشتمانت دەربڕی؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

سەد بەهار ئێستە بەقوربانی چلەی زستانە

ڕۆژی ئازادی هەڵات، کاتی لەخەو هەستانە

نیشتمان بۆتە بەهەشت، سەوزە وڵات دەرودەشت

گەرچی زستانە، بەڵام چەشنی بەهارستانە!

کەوتە دووی تەرمی ڕەزاخانی کەسیف بابی

لێگەڕێن خوێن مژە، هەر جێگەیی گۆڕستانە!

**پ:بۆ شەهیدانی ( بانە ) چ شیوەنێکت کردووە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

نیشتمان ئەمڕۆکە ڕەشی پۆشی شەهیدی بانەیە

داغداری کردەوەی ئەو تاقمە خوێن ڕێژانەیە

تانک و تۆپی ڕژێمی شای بێشەرم، هەمبانەیە



**پ:مامۆستا سەید کامیل، لەخەزانی ژیان چت چووە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من گوڵپەڕیشم چوو

گوڵم چوو، سونبولیشم چوو، دڵم چوو، دڵبەریشم چوو

**پ:مامۆستا خەفەتم پێخواردووی، زانیوتە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

وەکو بیستم خەمت خواردم، ئەویش بۆ من خەمێکی دی

دڵت بۆ ماتەمم سوتا، ئەویشم ماتەمێکی دی

دەمێ نەمدی لەدنیا هاودەمێ غەیری خەم و دەردم

لەکوێ پەیدا بکەم یارەبی ئاخر هەمدەمێکی دی

**پ:مامۆستا هەست بە پیری دەکەیت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

لەناکاو پیریم لێوە دەرکەوت

بەختیش هەروەک خۆم هات و لێی خەوت

ڕۆژی روناکم تاریک بوو وەک شەو

چرای ژیانم ماوە بێنەوت

فتیلەی حەیات بەحاڵ رووناکە

هەر بینا ئەویش لەسووتان کەوت

**پ:لەگەڵ پیریت بیر لەمردن ناکەیتەوە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

پیری واهات و ئەجەل لێم دیارە

ڕەنگە رامکێشێ بەرەو ئەوخوارە

کوێیە ئەو خوارە؟ دەڵێن جێم قەبرە

گۆڕە خۆفناکە، گیان بێزارە

**پ:مامۆستا زۆر ژیای؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

**ماوەیکی لەمێژ ژیام تەمەن دوایی هات**

**کاتی سەفەرم هاتووە دەڕوا ئاوات**

**پ: پیری و مردن چۆنە؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

**ریشت سپیە، ددان نەماوی و نەمای**

**تاکەی لەجیهانی فانیا هەر بەتەمای**

**کاتێ وەخەبەر هاتی لەگۆڕا خەوتووی**

**(کامیل) ئەوە تۆ بویەوە خاک ئەلحەملای**

**پ:مامۆستا لەناو گۆڕا چۆن دڵت خۆش دەبێت؟**

**سەید کامیلی ئیمامی**:

**وەی کە هەرکاتێ شین ببێ گوڵی من**

**کە بپشکوێ چ خۆش دەبێ دڵی من**

**رابوەستن هەتا دەگاتە بەهار**

**جا دەبینن گوڵیش لەسەر گڵی من**

**ئەو کەرەت کیژ و کاڵ لەمن بپرسن**

**تێدەگەن باش، کە قەبرە مەنزڵی من**

**مەنزڵی چی، پڕە لەخێز و بەرد**

**پاکی هەر درک و داڵە باخەڵی من**

**کەسێ بچێنێ گوڵێک لەسەر گۆڕم**

**سەری خەرمان، جەفایە حاسڵی من**



# شیخ رةزای تالَةبانی



ثةيكةرى شيخ رةزاى تالَةبانى لة ضةمضةمالَ

**شێخ رەزای تاڵەبانی لەساڵی ١٢٥٣ای کۆچی لە دێی (قرخ) ی نزیك شاری چەمچەماڵ لەدایکبووە. جگە لە کوردی شارەزاییەکی زۆری لەزمانی تورکی و عەرەبی و فارسی هەبووە. لەساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووەو لە بەغدا بەخاك سپێردراوە.**

**پ: مامە شێخ چۆن خۆت دەناسێنی؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

شێخ رەزام بەفەساحەت لە جیهاندا مەشهوور
پسەری پیری نەزەر کردەی قوتبی لاهوور

**پ: چۆن دەتوانی بیسەلمێنی کە رەگ و ریشەی تاڵەبانیان دەگەڕێتەوە سەر ئێلی زەنگەنە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

خوداوەند حەز بکا وەقتێ بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنوود
لەرێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی قاسیدی مەقسوود
لەهیندستانەوە شەش مانگەرێ تا خاکی کوردستان
خوا شێخ ئەحمەدی هیندی رەوانکرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگەنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد
لەدەوری مەرقەدی هەردەنگی یاهوو دێت و یامەعبوود

**پ: یەعنی جەنابتان تاڵەبانین و لەبەرەی مەلا مەحموودی زەنگەنەن؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

(رەزا)ش لەو نەسلەیە ببەخشە یارەب چونکە قەت نابێ
گوڵی بێ خارو بەحری بێ بوخارو ئاگری بێ دوود

**پ:چەند عەشیرەت بوون بەگژ تاڵەبانیدا چوون و دەیانویست نەسڵتان ببڕنەوە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

سێ عەشیرەت بوون بەیەک تارپشەمان دەرکەن بەیەکجاری
جەباری و داودەو کاکەیەکانی دایە رێزواری



قەسەمیان خوارد بەروحی سەید براکەو گۆڕی خان ئەحمەد
بەکەللەی خووگ و شاخی گاوە حۆل و گۆشتی مرداری
دەبێ ئیمڕۆ بەجارێ قەتعی نەسلی تاڵەبانی کەین
تەق و تۆقیان کە هەستا گوللە وەک تەرزە دەباری

**پ: تاڵەبانیەکان لەو شەڕەدا چۆن بوون؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین وەک رۆستەمی دەستان
فیراریان ئیختیارکرد سەیدەکانی باوە یادگاری
فیراری کاکەیی هەرنەیسە ئەمما گوێی فەلەک کەڕبوو
لەجرت و فرتی ئاغایانی داودەو ساداتی جەباری

**پ: هەر لەبەرئەوەی مخالیفی بەرامبەر سادات؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

موخالەفەم نیە من ساعاتێکی میقاتم
غولامی حەلقە بەگۆشی جەمیعی ساداتم

**پ: دەزانی شەڕە شیعری ئێوەو شوکری فەزلی بە پشتیوانی شێخەکانی سلێمانی بوو؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

من دەزانم کێ لەخشتەی بردووە ئەمما چ سوود
سەیدە سەید، قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بڵێ با مونتەبیە بێ تۆش گەن و گوبەس بخۆ
با سولیمانیش بەجارێ کافری موتڵەق نەکەم

**پ: چۆن دڵت دێ سلێمانی کافری موتڵەق بکەیت، جەنابتان مەربووتن بەسلێمانی هەرلەبەر مەرقەدی کاك ئەحمەدی شێخ؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

مەربووتە حەیاتم بەسلێمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قەدواتی ساداتە کەسوکانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سوجدە لەبەر مەرقەدی پاکی

**پ:مامە شێخ ئەو شوکری فەزلیە کێ بوو، لەمەیدانی هەجوودا بەرامبەرت وەستاوەتەوەو تیغی زمانی لێ بەکارهێناوی؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

عالەم ودونیا دەزانن شوکریە کوێر خەرجی منە
شۆخ و شەنگە هەروەکو ڕەقاس ئەڵێی موتڵەق ژنە

**پ: مامەشێخ جەنابتان زۆر بەعومرن لە سلێمانی چیتان بەبیردێ؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

بەبیرم دێ سولەیمانی کە دارول موڵکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

**پ: پاشای بابان عەسکەرو لەشکری زۆر بوو؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

لەبەرتابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆسیقاو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو



**پ: ئەو زەمانە سلێمانی خۆش بوو؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

درێخ بۆئەو زەمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریت بازی لەدەوری کانی ئاسکان بوو

**پ: بەرای جەنابتان سەلاحەدینی ئەیوبی کورد بوو یان عەرەب؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین کە دونیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو

**پ:مامە شێخ سلێمانیتان وا بیر بێ، ئەو وەختە عومرتان چەند بوو؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

کە عەبدوڵلا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عەمری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو

**پ:مامە شێخ جەنابتان کەرکوکین بەتەما نین بچنەوە کەرکوك؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیی تر بچمەوە کەرکوک
مەعلومە بە مەردی نەرواوە لەسەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکوکی قورمساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکو ئاوی حەمامۆک

**پ: غەریبیت پێ خۆشە، قەناعەت دەکەی بەهەژاری و موفلیسی بژی؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

پێم خۆشە لەبەر جەوری براو لۆمەیی ئەقوام
سەدجار لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک
شاهی کە نەبێ، رادە بوێرین بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لەپڵاو خۆشترە دانرۆک

**پ:ئەی لە کەرکوك بۆ هاتی بۆ کۆیە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

ئەو رۆژە کە تۆرام و لە کەرکوک سەفەرم کرد
مانەندی عەقاریب لە ئاقاریب حەزەرم کرد
گەردوون سنگی گرتم و هێنامیە کۆیە
مێوانی لەکن مامە غەفوری لەجەرم کرد

**پ: بۆ لەکۆیە مایتەوە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

خواستم کە برۆم بۆ سەفەری رۆم بەسیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد
دانیشێ نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی
ئەو تالیبی دونیایە ئەوا موعتەبەرم کرد
چوورسا لەبەرم جوببەو فیسا لەسەرم فێس
نەفێسی لەسەر نام و نەجوببەی لەبەرم کرد
شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی داومەوە لای خۆی
نەمزانی ملم بشکێ، تیاچووم زەرەرم کرد



**پ: شێخ عەلی برا گەورەتە بۆ ناچیەوە لای با جنێوشت پێ بدا؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب کە لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد
هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕیە بێکارە کە من لێرە دەرم کرد

**پ: شاری کۆیەت پێ چۆنە، کچی جوانی لێیە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

شاری کۆیە کەلەبالەب لەبۆنی غونچەلەبە
گەر فەلەک لێ بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە
دڵبەرانی بەمەسەل هەروەکو ئەشعاری منن
کامی لێ ئەگری ئەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە

**پ: راستە لەکۆیە بەتەمابووی دوکان بەکرێ بگری؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

خواستم لەکوڕی حاجی بەکر کۆنە دوکانێ
بۆ تەجروبە نەیدا بەمن دای بە دیانێ

**پ: خۆ ئەو رۆژە قازی کۆیە ئیشەکەی بۆ نەکردم؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

شێخ رەزا بێت لەسەرتۆ هەجووی قازی کۆیە بکا
سەیریکە چی پێ بکا دۆم بێ کڵاش بۆ خۆی بکا

**پ: بۆ ڤینت لە حوسنی پاشای فەرماندەی سوپای عوسمانیيیە لە کەرکوك؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

بە سەگم وت عەجەبا خزمتە حوسنی پاشا؟

توورەبوو کلکی لەقاند وتی: حاشا حاشا

**پ: ئەمین بۆقە خەڵکی بەرتەکیە لە کەرکوك چەند پیاوێکی نارەسەنە، عەبەی کوڕی بەراستی کوڕێکی ڕێکوپێکە سەیرە ئەو کوڕە لەو باوکەیە؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

سەیریکە زبڵ ئەسڵی گووە، گوڵ ئەڕوێنێ

باوکی وەک ئەمین بۆقە کوڕی وەک عەبە دێنێ!

**پ: عادیلە خانم خێزانی وەسمان پاشای جاف لە هەڵە بجە ئەو هێستەرەی بۆی دانابووی تۆپی، ئێستا جوابی ناردووە هێستری مردووی دەوێ یان زیندوو؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

ئێستری زیندوو بڵێم، بۆم چاکە یا مردووم دەوێ

ئیحتیاجم زۆرە خانم با بڵێم هەردووم دەوێ

**پ: مەلا ئەسعەدی جەلیزادە لەکوێیە، کەیفی جوانڕۆیی دەرکرد لەسەر جەنابت رات بەرامبەر کوڕەکەی حاجی مەلا عبداللەی جەلیزادە چۆنە؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

حاجی عەبدوڵڵا لەئادەم فیلترە

با موجودی مەرتەبەی پێغەمبەری

ئەم بەسەد شەیتان لەکوێیە دەرنەچوو

ئەو بەشەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی



**پ: میرانی بایز بەگ میری شەقڵاوە قەول بوو هێسترێکت بۆ بنێرێ بۆی نەناردوی؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

میر بەسەد منەت هەناردی هێسترێکی روتوقووت

دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەک عەنکەبوت

**پ: یانی خاوەنەکەی ئالیك و جۆی زۆر نەداوەتێ؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێی نەداوە موتڵەقا

داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قوتی لایەمووت

پووش لەلای حەڵوایە حەتاکو پەلووشەی چەنگ کەوێ

بای ئەدا لولی ئەدا قووتی ئەدا مانەندی حوت

گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕوکەم قوەتە

دەنکە جۆیەکی نیشان دەی، تا قیامەت دێ لەدوت

**پ: رۆژێ مەیتەرەکەت بنێرە بزانە بۆ ناتوانێ ببزوێ؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

(سەی فەتاحی) مەیتەرم رۆژێ بەحجەت لێ ی نەوێ

کلکی دەرهێنا لەبن ئەمجا بەئاستەم گوێی بزوت

**پ: چاوەکەم هێستری وا شایانی تۆ نییە چت بەمیران بەگ نەگووت؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

لایقی شانی من و شایانی شەئنی ئەو نەبوو

چاوەکەم چی بڵێم چارم نیە غەیری سکووت

**پ: مامە شێخ بەیارمەتیت دەچم دەرگا دەکەمەوە پێم وایە کاك شێخ ئۆمەرە لەدەرگای دەدا؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

هەرلەناکاو زرمەیەک هات کێی کورە (شێخ هۆمەرە)
شێخی چی مردوت مرێ بۆچی نەتگووت جاشەکەرە

**پ: وتیان کوێخا عەلی ماینێکی بۆ ناردبووی سمتی شکابوو یا ملی؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

کێ چوزانێ کۆچەڵەی سمتی شکاوە یا ملی
وا لەحاڵی حەلوەلادا ماینەکەی کوێخا عەلی
چووم بزانم ماوە یاخوود مردووە وەختێ کەدیم
شادەماری سستە نابزوێ رەگی قاچ و قولی

**پ: مامەشێخ، لە کەرکوك قەت میوانی مامت شێخ ساڵحی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی دەبی، چونکە پیاوێکی فەقیرو بێ دەرامەتە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

گەرچی فەقیرو موفلیسە شێخ مامە ساڵحم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو صاحێبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنونی ئەو کەرەم

**پ: ئەرێ ماڵی دەروێش ئەفەندی مفتی لە کەرکوك لەکوێیە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

ماڵی مفتی لەم بەرە، مەعولمە قازیش لەوبەرە
من فەقیرم کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەوبەرم



**پ: لەو شارانەی گەڕاوی کام شوێنت زۆر پێ خۆشترە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

گەر بڵێم (بەغدا) لەجەننەت خۆشترە هێشتا کەمە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخیو ئیمامی ئەعزەمە

**پ: ئەی شاری قەڵادزە ئاووهەوایەکی چۆنی هەیە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

بەدە ئاووهەوای قەڵادزە
کەسەگیش لەعومری خۆی وەرزە

**پ: خانوو بۆ ئاوارەکانی کەرکوك دەکرێ؟ جەنابت خانووت هەیە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

حوجرەیێکم هەیە بەقەدەر لەپێ
رۆژ عیلاجی ئەکەم بەشەو ئەتەپێ
مەنفەزو درزو ئاودزی هەرچەند
دەیگرم، دەیکوتم بەدەست و بەپێ
شەو کەدێم، دەم دەکاتەوە وەکو هار
وائەزانم سەگە بەمن ئەحەپێ
سەرو ڕیشم لەتۆزو قسڵ و گەچا
وەک پەڵاسێکە پڕ لەرشک و ئەسپێ

**پ: مامەشێخ، شیعری رووهەڵماڵراوو هەجووت زۆرە ئەم شیعرە کوردیانە قیمەتیان چییە؟**

**شێخ رەزای تاڵەبانی:**

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعرە کوردیە
هەرزانە، بێ موبالەغە، حەرفی بەگەوهەرێ

**پ: مامە شێخ ئێستا شوکری فەزلی و مەلا حەمدوون و حیماری و حەمادی و مفتی زەهاوی.. بانگ بکەین تاقەتی مەجلیسی شەڕە شیعری ئەوانت هەیە؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

شێخ ڕەزا پیربووە رووی مەجلیسی یارانی نیە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نیە
دەس بەگۆچان دەگەڕێ ئێستە لەبەر ضوعفی وجوود
مەترەقە سەر زلەکەی قوەتی جارانی نیە


**پ: قوربان بێ تاقە تمان کردی بەشیعرە مەدحەکانت، گەر رازی بی بەتەماین دیاریەکت پێشکەش بکەین و بۆت بنێرین؟**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:

جائیزەم مەتلووبە ئەم مەدحەم بەخۆڕایی نیە
هورتمانیش بێ ڕەزام، گەر هیچ نەنێرن یا ستار



# شێخ نوری شێخ صالح



**شێخ نوری شێخ صالح شێخ غەنی سەید عەبدولقادر تا دەگاتە سەید بابە ڕەسولی گەورە لەساداتی بەرزنجەیە، لەساڵی ١٨٩٦ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، ساڵێکیشی لە(روشدی)یەی عەسکەری خوێندووە، زمانی تورکیو عەرەبیو فارسی باش زانیوە، لەژیانیدا وەزیفەی جۆراوجۆری بینیوە، سەرۆکی شارەوانی سلێمانیو یاوەری تایبەتی شاهانی شێخ مەحمودی نەمرو نوسەری خەزێنەو ژمێریارو بەڕێوەبەری ناحیە بووە، شاعیرێکی ڕەوشەنبیرو تێگەیشتوو بووە، لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر بووە جێی متمانەی بووە، بەپێشڕەوی نوێ کەرەوەی شیعری کوردی دائەنرێتو ڕۆژنامەوان بووە، لە٢٠/١٢/١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە، لەگردی سەیوان نێژراوە.**

**پ:مامۆستا شێخ نوری حەزدەکەین یادت بکەین و گوێت لێ ڕاگرین؟**

**شێخ نوری**:

وادیارە حەز لەبیستنی فەریادی من ئەکەی
بەو هۆیەوە ئەگەر نەبێ چۆن یادی من ئەکەی
گوێ ڕاگری ئەگەر لەنەوای کارەساتی من
سەرسام ئەبی لەبیستنی هەوڵو خەباتی من

**پ:دەمەوێ لەحاڵت بپرسم و خەریکی چیت؟**

**شێخ نوری**:

لەحاڵم گەر ئەپرسی، ڕۆژو شەو، مەبهووتو حەیرانم
لەبەحری واریداتو مەسرەفا، غەرقو پەرێشانم
بەڕۆژ دائیم خەریکی جەدوەلو جەمعی حساباتم
بەشەو خۆ خەونیە! خولیا زەدەی ئیشی سبەینانم!

**پ:دەردی دڵ چۆن باسی دەکەیت بۆمان؟**

**شێخ نوری**:

دەردی دڵی خۆم جوملەیێکی بێنمە تەقریر
ئنسو مەلەکـو جنو پەری دێنمە گریان

**پ:ئاخر بۆو لەدەست کێ؟**

**شێخ نوری**:

ئەی فەلەک دیسان لەدەست تۆ، شینو واوەیلا ئەکەم
ژەهری قەهری تۆ لەگەڵ دەردی دڵم ئەفشا ئەکەم
وەختە یەکجاری لەدەست ئاشوبی فیتنەت شەق بەرم
من قسەی راستو رەوانو خۆشو بێ پەروا ئەکەم

**پ:غەمی زەمانە چی لێ کردووی؟ بۆ دەخۆیتەوە؟**

**شێخ نوری**:

غەمی زەمانە وەکو پەردە وا دڵی پۆشیم
بەغەیری غوسسەو گریانو خەم نەما خۆشیم!



**پ:یا شێخ گوێت لەناڵینی کچێ بووە لەسەر پەچەو ڕووپۆش ئەوە چۆن بوو؟**

**شێخ نوری**:

گوێم لەناڵینی کچێ بوو، دوێنێ ئەیلاوانەوە!
وابەتەئسیرو بەسۆز، دڵی ئەتوانەوە!
دەنگـو رەنگی وانەبیستراوەو نەبینراوە لەکەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە!

**پ:چی دەویست و چی دەوت؟**

**شێخ نوری**:

ئەیووت: ئەم ڕووپۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشینو بەس
ڕووبەڕووی خۆمان، حقووقی نایە ناو نسیانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەربەستی حەقێ داوا بکەین
بۆبەشی خۆمان بچینە ساحەو مەیدانەوە
ئەوەڵو ئاخر، خەتای ئەم ڕوو ڕەشەی ڕوو پۆشە بوو
بوو بەمانعمان! نەچوینە کۆمەڵی پیاوانەوە.
دایگرن توخوا فڕێی بدەن، بیخەنە تەندورەوە.
حەیفە ڕۆژی رووئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە

**پ:مامۆستا شێخ نوری چۆن شیعرەکانت هەڵدەسەنگێنی؟**

**شێخ نوری**:

هاوزوبانم، زوبانی لاڵی منە
بێ زوبانی زوبانی حاڵی منە
لەفەزای ئاسمانی ئەشعارا
فکری ورد، ڕۆژی بێ زەواڵی منە

**پ:مامۆستا بە پێشەنگ و رابەری شیعری نوێی کوردیت دادەنێن و لە پێش گۆرانەوە، بەکام شیعر؟**

**شێخ نوری**:

لەناو شەپۆلی خەما، سەرەنگوونو بێ ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا، بەپێو چنگەکرێ
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگاتە مەرام
لەپڕ نشێوی کڵۆڵی، بواری لێ ئەتەنێ
بەداوی جەورو خەفەت، تاروپۆی لەئێش و زام

**پ:یاشێخ پەپوولە بەڕۆژ لەسەر چڵ و گوڵانە، بەشەو پەروانەیە خۆی بەگڕو ڕوناکیدا دەداو پەروباڵی دەسوتێنێ، رات چییەو چ بە پەپوولە دەڵێی؟!**

**شێخ نوری**:

باڵداری باڵ ڕەنگاو ڕەنگ
دەم بەهاواری بێ دەنگ
خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ
واخۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ!

**پ:مامۆستا چۆن گوزارشت لە( شەو ) دەکەیت؟**

**شێخ نوری**:

خۆت بپارێزە لەئاهی دڵبریندارانی شەو
نەک خودا ناکەردە گیرابێ دوعای نالآنی شەو

**پ:یاشێخ چۆن لەجوانی دەگەی؟!**

**شێخ نوری**:

برا من حەز لەشیرینی جەمالی ئاشکرا ناکەم!
پڕوپوچە لەلای من مەزاهیر قەت ریا ناکەم
جەمالی نەفسە! مەحبووبی حەقیقی گەر تەماشا کەی
بەغەیری ئەو، تەمەننای وەصڵی مەحبووبێ لەخوا ئەکەم!



**پ:مامۆستا دەڵێن ( شوشەو ماری ) دوو کچە گاوری جوان بوون، جوانیەکەیان کاری تێ کردبووی؟!**

**شێخ نوری**:

(شووشە) چ بەشووشە، قەدی شوشە وەکو شمشاڵ!
چاوی مەستو دەهەند خونچەو پڕ عیشوەو لێوئاڵ
(ماری) کەدوو ماری سەری زولفی لەملم دا
جولآیەوە کەوتم بەدەما بێ خودو بێ حاڵ.

**پ:سلێمانی چ وەختێک خۆشە؟!**

**شێخ نوری**:

سلێمانی چ خۆشە نەوبەهاران
بەلەنجەو لارەوە دێن گوڵعوزاران
بەچاوێکی لەشەرما کەم هەلآتوو
ئەپچڕێنین هەناوی دڵ نیگاران

**پ:کوێی خۆش و جێی سەیران بووە؟**

**شێخ نوری**:

چ خۆشە گردی یارە، نەوبەهاران
کەتیپی گوڵعوزاران، ئەچنە سەیران
وەکو پۆلێ پەپوولە دابپۆشن
لقوپۆپی گوڵاڵەی جوێباران

**پ:سلێمانی بە چ مەشهوورە؟!**

**شێخ نوری**:

ئەو شارە کە مەشهوورە بەکاشانەیی بابان
یەنبووعی ئەدەب، کانی گەوهەر مەڵبەندی عیرفان
هەم لانەیی شێران

**پ: لەسلێمانی گەڕێ! ئەو ماوەیی لەهەولێر بووی ، کوێ و پێ خۆش بوو چۆن بوو؟**

**شێخ نوری:**

دڵ لەشەقڵاوە مەگەر تۆزێ حەیاتی بێتەبەر

سەر لەعەنکاوە، مەگەر نەختێ خەیاڵی بێتەسەر

**پ:گوایە مەلا مەحموودی بێخودی خاڵت هاتووە بۆ هەولێرو سەردانی نەکردووی! گلەییت لێ نەکردووە؟**

**شێخ نوری:**

خاڵە بیستم هاتیە هەولێرو نەتپرسی لەکەس

خۆ لەباخا! هەر گوڵە دایم ئەنیسی خاروخەس

چی ئەوقەما! گەر بفەرمووی خوشکەزاێیکم هەیە

بەندی بەندیخانەی هەولێرە، وەک (مرغی) قەفەس!

**پ:لەهەولێر پەیوەندیت لەگەڵ مامۆستا گیو هەبوو سێ کچی هەبوو ناویان چ بوو چۆن بوون؟!**

**شێخ نوری:**

(غونچە)و (شیرین)و (کاڵێ) سێ کچی ئەولادی گیو

قابیلن هەرسێ وەزن بکرێن بەئاڵتوونو زیو

(غونچە) واتازە خەریکی پێکەنینە بۆ فنوون

عیشوەی (شیرینێ) سەد فەرهاد ئەخاتە بێستوون

چاوی مەستو کاڵی (کاڵێ) پڕ لەبادەی عیسمەتە

رەبی هەرسێ تاجی بەرزی بن لەبۆ ئەم میللەتە

**پ:کە گوێزرایتەوە بۆ تەق تەق وەك بەڕێوەبەری ناحیە نیگەران نەبووی؟!**

**شێخ نوری:**

گێژەڵووکەی بای بەتینی پێچەوانەی رۆژگار

کارەساتێکی بەمن کرد! ئێسکی کردم بەپوار



خستمیە (تەق تەق) بەناهەق دەستی پڕزۆری قەدەر

(ژاب قلبی فی العژاب، گار فکری فی انکسار)

**پ:شیعرێکت بۆ مامۆستا گۆران ناردبوو لەمەڕ گەشتی قەرەداخ شێخ جەنابی کوڕت راسپاردبوو کە چی پێ بڵێ؟!**

**شێخ نوری:**

بڵێ ئەی نازری ئەو دیمەنە جوانەی قەرەداخ

دور لەدەردو پەژارە، لەخەمو میحنەتو ئاخ

باوکم ئەو وەختە ئەدیبێ بوو لەڕیزی ئودەبا

مەلەوانێکی بەقودرەت بوو لەدەریای ئەدەبا

ئەو دەمە شیعری دەوت! هۆشو شعورێکی هەبوو

سەرودڵخۆشو رەحەت، کەیفو سرورێکی هەبوو

ئێستا کۆماوەتەوە پشتی بەسەر جەدوەلدا

قیسمەتی خۆی ئەمە بوو هەر لەدەمی ئەوەلدا

**پ:یاشێخ، فائق بێکەس چۆن شاعیرو تێکۆشەرێك بوو؟**

**شێخ نوری:**

بێکەس لەڕێگای بەرزی میللەتا

ملی بکرایا بەدارو پەتا

لای وابوو روتبەی شاهانشاهییە

ڕێی وەتەن نەبێ، ڕێی گومراهییە

بەندیخانە لای کۆشکی وەزیر بوو

گۆرانیو بەستەی زڕەی زنجیر بوو

**پ:لە نەورۆزی ساڵی ( ١٩٤٥ ) خۆت لەوێ بووی، بێکەس چۆن پەنجەی کێشایە ناوچاوی ئەدمۆنس هەڵسایە سەرپێ، چۆنت بینی؟!**

**شێخ نوری:**

سەرنجم دا، دان، جیر ئەکاتەوە

لەداخی (ئەدمۆنس) پیش ئەخواتەوە

لەپڕ هەستایە سەرپێ ئازانە
رووی کردە ئەدمۆنس ووتی مەردانە
پەنجەی کێشایە ناو هەردوو چاوی
ووتی لەدەس تۆ من بۆ کوێ بڕۆم
بیستو حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
ئەو هەڵبەستەی خۆی جوان بۆ خوێندەوە
ئەدمۆنس هەروەها تاس ئەیبردەوە

**پ: مامۆستا، نەورۆز چۆن یادی بکرێتەوە، ئاگرێکی وای بۆ خۆشبکرێت نەکوژێتەوە؟!**

**شێخ نوری**:

ئاگری نەورۆز بەشاپلیتەو پەڕۆ ناکرێتەوە
زوو ببێتە خۆڵەمێش‌و تینی دابمرێتەوە
ئاگری نەورۆز بەگیان‌و دڵ ئەبێ واخۆش کرێ
گەر بەخوڕ دیجلەو فوراتی بێتەسەر نەکوژێتەوە

**پ:شێخ بابەعەلی داوای لێ کردبووی شیعرێك بنووسی بۆ کێلی قەبری شێخ مەحمودی باوکی چ شیعرێکت بۆ دانا؟!**

**شێخ نوری**:

ئەو شاهەیە ئاواتی کوردی پێوە ئاڵابوو
کەخاکی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخی بەمەئوا بوو
لەکاتی نەوجەوانی تامردن بەدڵ‌و گیان
بەشوێن ئامالی پڕ ئالامی کوردا وێڵ‌و شەیدا بوو
بنوسە تۆش لەخوێنی دیدە ساڵی مەرگی شێخ مەحمود
کەڕۆژێ بوی لەئاسۆی کوردو کوردستان ئاوا بوو

**پ:شێخ پەیامت بۆ کوردان چی یە؟**

**شێخ نوری**:

وەرە بادی سەبا، تۆ قاسیدی منبە مەردانە
لەپاش عەرزی دوعا گۆیی، بڵێ بەم ئەهلی کوردانە



لەبۆ ئینشای مەکتەب، سەرفی غیرەت لازمە زینهار
کە مەکتەب مایەی ژینە، کەمەکتەب روحی ئینسانە
قسەی راستت ئەوێ، وەڵڵا ئەگەر بشم کوژن دەیڵێم
نەبوونی عیلم‌و سنعاتە، کەمیقرۆبی هەموومانە!

**پ:یاشێخ مردن چیە؟!**

**شێخ نوری**:

مردن چیە کێ بۆم تەعبیری کا؟
مەگەر هەر مەرگی یار تەفسیری کا
ئێسک‌و پروسکی لەشت تێک هاڕێ
ژەهری دوپشکە دەرد ئەکا کاری

**پ: یاشێخ ئەگەر مردی لەکوێ قەبرت بۆ هەڵکەنین‌و دەبێ مردن چۆن بێت؟!**

**شێخ نوری**:

هەڵکەنن خزمینە بۆم قەبرێ لەدوری شارەوە
بمخەنە ناوی بەکۆڵێ رەحمەت‌و زینهارەوە
خۆشە تاریکی قەبر بۆ راحەتی قەلبی زەبوون
نامەوێ ڕوناکی دنیا من بەدەم ئازارەوە
دەست لەمل بەردێکی ئەلحەدکەم لەلای من چاترە
لەو دەستی پڕ لەزێڕە بینێمە دەمی ئەغیارەوە

**پ: یاشێخ دەمەوێ بێمە سەر قەبرت، بەلاَم لەکوێیە؟و چۆن قەبرەکەت بناسمەوە؟**

**شێخ نوری**:

ڕۆژێ بەهەوەس وەرە سەرقەبران
بێ ئەرخەوانێ، لەگردی سەیوان
بەدوکەڵی ڕەش،. دڵەی سوتاوم
ڕەنگی سووری خوێناوی چاوم
کێلی قەبرەکەم سوور هەڵگەڕاوە
ڕەنگی خۆڵەکەی، ڕەش داگیرساوە

هەرتاقە تۆزێ وورد ببیتەوە
قەبرەکەی نوری ئەناسیتەوە
لەناو سەد قەبرا قەبری من دیارە
خاکـو خۆڵەکەی ماتو غەمبارە
خۆی هاوار ئەکا من قەبری نوریم
کوژراوی ئێشی زامی رەنجووریم.



# عوسمان عةونی



عـــەونی، نـــاوی (عوسمـــان کـــوڕی حـــەبیب عەبدوڵا)یە، لەساڵی (١٩١٤) لەشاری کۆیـە لـەدایك بووە، لەڕۆژی (٢٠/٧/١٩٩٢) لەشاری کۆیە کۆچـی دوایی کردووە، هەر لەشاری کۆیەش نێژراوە.

**پ: کاک عەونی سەرەتا لەکوێوە دەردی دڵ هەڵڕێژین؟**

**عــەونــی:**

ئەگەر دەردی دڵی خۆم هەڵبڕێژم
دەزانم زۆر غەم و ئازار دەچێژم
بەڵام من لێبڕاوم وا لای تۆ
هەموو راز و نهێنی خۆم دەبێژم

**پ: لەو رۆژگارە بەختت چۆن دەبینی؟**

**عــەونــی:**

گوڵ و لالە لەباخ و جۆیە باران
بەشەونم مەست دەبن وەرزی بەهاران
گوڵی من وا دەبارێ غەم بەسەرما
لەپاییز وەک گەڵاڕێزانی داران

**پ:یەعنی خەم ئاشنای بەختتە؟**

**عــەونــی:**

ئاشنایەکم هەبێ لەم عالەمە تەنها غەمە
ماڵی ئاوابێ وەفاداری وەها ئەمرۆ کەمە
من کە کوردم عزەتی نەفسم ئەبەد لێم ناگرێ
خزمەتی بێگانەکردن لام شتێکی ئەستەمە

**پ: باسی وەفات کرد ئێستا وەفایی ماوە؟**

**عــەونــی:**

سەری هەڵداوە شێوەی بێوەفایی
نەما لای کەس نیشانەی ئاشنایی



دەبێ مل کەچ بکا ئیمرۆ هونەرمەند
لەبەر دەردی هەژاری و بێنەوایی

**پ: وەک شاعیرێکی هەست ناسک حەز لەچ ئاوازێ ئەکەی؟**

**عــەونــی:**

گۆرانی بێژێک گەرەکمە نایێ
بچڕێ قەتارێ خاوکەر نەوایێ
یان هۆرەی جافی یان ئەڵڵاوەیسی
لاوک، (حەیرانێ)، (راسێ)، سەبایێ
دەشتێ، پایزێ، سوارۆ، سەحەرێ
بەیات، (ماهۆرێ)، (شورێ)، سێگایێ
شمشاڵێ، (زیلێ)، (عودێ)، کەمانێ
نەیێ، (بلورێ)، (پێکێ)، زوڕنایێ

**پ: تایەر تۆفیقی هونەرمەند، شیعری جەنابتی زۆر کردۆتە گۆرانی و مەقام کامەیانت زۆر پێخۆشە؟**

**عــەونــی:**

لەم کولبەیی ئەحزانە عەشقی سەنەمێکم بوو
لەم چۆڵ و بیابانە باخی ئیرەمێکم بوو
ئەی دڵ بەختەتا تاکەی مایل بەخەتاکاری
دوێنێکە دەمێکم بوو ئەمرۆ نەدەمێکم بوو

**پ: تایەر تۆفیقی نەمر پێت وایە نامرێ؟ پاش مەرگی چیت هەڵگرتووە؟**

**عــەونــی:**

سەد دەرد و سڵاوم بێ لەگیانی پاکی ئەو
دەستەیێ گوڵ پێشکەشی سەر گۆڕەکە و سەرخاکی ئەو

ئافەرین سەد ئافەرین بۆ هەست و نەستی چاکی ئەو

خوایە رەحمەت رێژیکا سەر گۆڕی باوک و دایکی ئەو

نامرێ، دەنگی دەمێنێ، تایەری خۆش خوانی من

**پ: ئەدی رات بەرامبەر سێوەی هونەرمەند؟**

**عــەونــی**:

دەنگی خۆشە خاڵە سێوە

سەدای دەداوە لەو کێوە

کراسی شەنگی (شەنگـ)مییرەم-ە

مەقامێکە وێنەی کەمە

**پ: ئەودەم سەیرانگاکانی کۆیە کوێ بوون؟**

**عــەونــی**:

(ئۆمەر خۆچان)، باخی شەمە

سەیرانگای شار بوون ئەو دەمە

(شاخی مشکە) وەک کێوی توور

ئەدرەوشایەوە دوور بەدوور

(سەرقونگرە) و (کانی بسکان)

(کەندەکۆخ) و (سەر پلووسکان)

لە(حەمامۆک) تازە یاران

دەبو بەکۆڕی شایەران

هەیبەسوڵتان) تا (پوور تاوس)

جوانتر لەشاری کەیکاوس

ناوباخەکانی (تۆبزاوە)

وێنەی بەهەشت بوو رازاوە



**پ: حەمە بەگرەزی دەنگ خۆش شیعرێکی جەنابتی کردۆتە مەقام، کام شیعرە؟**

**عــەونــی**:

بەقەد شمشادی بوستانەبەروو باخ و گوڵستانە

بەلێو کەوسەر (بەچاو ساقی) بەوێنەی حوور و غیلمانە

لەسەر کێوی دڵمدا دایم وەکو موسایی عیمرانە

بەشوعلەی شەمعی روخساری هەموو دنیا چراخانە

تەماشای دولبەری من کەن سوپاسالاری خووبانە

**پ: کاك عوسمان عەونی ئەو کچە لێقـەوماوەی لـەو گەشـت و دەشـتە توشـی بووبـووی چیت پێ وتبوو؟**

**عــەونــی**:

گوتم ئەی کچ لەگەشتی

شارستانی یان دەشتی

وا جوان و پاک رەوشتی

مەسیحیی یان زەردەشتی

**پ: ئەی کچە لێقەوماو چی وت؟**

**عــەونــی**:

گوتی ئەی برا کوردی من

گەر بزانی دەدری من

هیچ جاریتر ناپرسی

مەلوولی و رەنگ زەردی من

**پ: جەنابتان دنیاتان زۆر دیوە لە کچە کورد جوانتر هەیە؟**

**عـــەونـــی:**

جیهانم پشکنیوە–نازدار و جوانم زۆر دیوە
بەلاّم وەک ئەو نازەنین–نەمدی لەسەر ڕووی زەمین

**پ: دۆستایەتی و برایەتی کورد و عەرەب چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

**عـــەونـــی:**

دەمویست لەگەلّ عەرەب برابم
لەم نیشتمانە وەک هاوبەش وابم
بەلاّم ئەو ویستی کە من بێبەش کا
هەلّەی کرد منیش وا رازی نابم

**پ: پێت وایە کورد واز لەخاکی خۆی بهێنێ و لەو شوێنە کوردیانەی تەعریب کراون؟**

**عـــەونـــی:**

گەلێک کە رۆلّەی لەنزیک و دوور
بست بست بناسێ هەرێم و سنوور
چاوی ناپۆشێ لەبستێ زەوی
لەبۆی دەڕێژێ خوێنی گەش و سوور
نابێ داگیرکەر پێی دلّنیابێ
دەبێ جێی بێلّی راست و چەپ و ژوور

**پ: پێت خۆشبوو کوردت بەئازادی دیت؟**

**عـــەونـــی:**

خواست و گەرەکم بوو کەبینیم لەحەیاتم
ئازادی و رزگاری گەل و خاکی ولاّتم



**پ: ڕات بەرامبەر نەوتی خۆمان و ئاوی خاپوور و بەرد و چیای کوردستان چۆنە؟**

**عـــەونـــی:**

نەوتی خۆمانە گڕی گرتووە دەمسووتێنێ
ئاوی خاپوور و فورات هاتووە دەمخنکێنێ
دەستی ناگاتە سەرم هێندە بلّند وەستاوم
بەردی ئەلّوەند و حەسارۆستە سەرم دەشکێنێ

**پ: پێت وایە کێ وای لە ئێمە کردووە وابین؟**

**عـــەونـــی:**

هەرچی کردی لەگەلّ ئێمە بەنەزانی بوو فەلەک
دەستی بەستم منیدا دەست تورک و وەلەک

**پ: پشت بەکێ دەبەستی و گوێ لەچی دەگری؟**

**عـــەونـــی:**

پشت بەکێ بەستم کە بڕواییم لەهیچ لایێ نییە؟
گوێ لەچی بگرم کە دەنگی من لەهیچ لایێ نییە

**پ:سرودێکت بۆ شەهیدان وتووە دەتوانی کۆپلەیەکمان بۆ بخوێنیتەوە؟**

**عـــەونـــی:**

ئەی شەهیدانی ڕێگەی نیشتمان
خۆتان بەخت کرد کران بەقوربان
لەڕێی ئازادی و سەربەستی ژیان
لەبیر ناچنەوە بەدرێژایی زەمان
مێژوو دەنوسێ یەک یەک ناوتان

**پ: کەی بوو پێشەوا قازی محەمەد لەسێدارە درا و لەکوێ؟**

**عــەونــی:**

لە سی مارتی چل وحەوتا
لەچەپ گەردی چەرخی چەوتا
لەمەهاباد لەچوارچرا
داری بێدادی هەڵکرا
ئەو دارەی پێش نیوە شەوا
وەستا لەژێریا پێشەوا

**پ: پێشەوای نەمر لەبەردەم مردن و لەژێر قەنارە چی گوت؟**

**عــەونــی:**

گوتی ئێستا دەڵێم کوردم
لەڕێی ئازادی کورد مردم

**پ: پێت وایە کورد زۆر شەهیدی دابێ لە پێناوی چیبوو؟**

**عــەونــی:**

ژێر هەر دارێک سەر هەر بەردێک
سوور بووە بەخوێنی کوردێک
بەم خوێنە وەها نوسراوە
بۆ ئازادی کورد رژاوە!

**پ: پەیامت بۆ دۆست و ئاشنایان چییە؟**

**عــەونــی:**

برایان، ئاشنایان دۆست و یاران
دەناڵێنم وەکو هەوری بەهاران



لەسۆزی سینە و جەرگی بڕاوم
کە خوێن سەرکا لەچاوم عەینی باران
مەکەن لۆمەم کە بێ ئارام و سەبرم
وەکو شێت گەر بکەومە کۆهساران

**پ: زۆر لەشیعرەکانی هێمن مهابادیت کردووە تەخمیس لەکام تەخمیست رازی؟**

**عــەونــی:**

بەهیوا بووم کە شادی بێت و خەم بڕوا دەمێکی تر
پزیشکم ساز بکا بۆ چاری زەخمم مەرهەمێکی تر
لەناکاو ئاسمانی گرتە بەر تۆز و تەمێکی تر
ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو لەناخمدا سەری هەڵدا خەمێکی تر

**پ: جەنابتان چوارینەکانی خیامتان وەرگێڕاوەتەوە کوردی کامیانت بەدڵە؟**

**عــەونــی:**


کە مردم بمشۆن بەئاوی ترێ
چوار مەست و سەرخۆش تەرمم هەڵگرێ
بەهەشت و هیوای غیلمان و حۆری
دڵنیام هەرگیز بەکەس نادرێ

**پ: کاک عوسمان عەونی دوا پرسیار، شیعرەکانی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**عــەونــی:**

شیعرەکانم وەک شعوورم کرد بڵاو
ئێستە چەند راویان دەکەم ناکەونە داو

# مفتی ثینجوینی



**مفتی پێنجوێنی ناوی مەلا عەبدوڵایە کوڕی مەلا کەریمە لەساڵی (١٨٨١) لەدێی بێستانەی پێنجوێن لەدایکبووە، لەشاری پێنجوێن دوکانی جگەرەفرۆشی هەبووە و پێی ژیاوە، بەمەلا عەبدوڵای توتنچی ناسراوە، لەڕۆژی ١٩٥٢/٦/١٥ کۆچی دوایی کردووە، بەگوێرەی وەسێتەکەی دەبوو لەگردی سەیوان لەشاری سلێمانی بەخاک سپێردرابا، بەڵام لەگۆڕستانی حاجی شێخ لەپێنجوێن نێژراوە.**



**پ: سەرەتا هەر پرسیارێکت لێبکەین بەئاشکرا پێمان دەڵێی؟**

**مفتی:**

ڕۆڵە گوێبگرە هەرچی ئەیزانم
ئاشکرا پێت ئەڵێم هەی بەچاوانم

**پ: خۆ مامۆستا زویر نابیت هەر پرسیارێکت لێبکەین؟**

**مفتی:**

چۆن زویر ئەبم لەهەر پرسیارت
زۆر لام شیرینە وردی گفتارت
پێویستە جوابت بەڕۆح و بەگیان
تۆش بیگریتە گوێ وەک مەردی مەیدان

**پ: مامۆستا چۆنت بناسین؟**

**مفتی:**

کوردم و ئەولادی کوردم بشمرم وەسیەت ئەکەم
پێم بڵێن ئەی کوردە هۆشت بێ لەجێی تەڵقینمە
گەر ئەپرسن شۆرەت و ناوم بڵێن عەبدولکەریم
بێچوە توتنچی، نەوەی مفتی، وەتەن پێنجوێنمە

**پ: لەبەرچی مەلایەتیت نەکردووە؟ دوکانی توتنچیت هەبووە؟**

**مفتی:**

لەسایەی کەسب و سەنعەت من بەنێری هاتمە دنیاوە
لەبۆ نانێ منەتباری ڕیا بازیم فرێداوە
نەمن زگ پڕدەکەم بۆ کەس، نە دێو و جن ئەسوتێنم
نە کۆتی ڕیشی بێئیش و نە مەندیلم لەسەرناوە
نە شێخم بەیعی جەننەتکەم، نە کەس داخڵ بەدۆزەخ کەم
وەک عەهدی خوا ناکەم بەناوی زەهد و تەقواوە

لەچڵکی پرچ و پەلکەم چی لەکەشکۆڵ و عەبا چیبکەم

کەسێ ناوی بەشەر بێ حوڕ بژی مەردانە تا ماوە

**پ:دەزگای جگەرەی دوکانەکەت چۆن بوو؟**

**مفتی:**

دەزگای جگەرەی دوکانەکەی من

تەختەدارێک بوو چاکتر لەئاسن

رزگاریکردم لەڕاتبەکردن

بوو بەدەستگیرم تا وەختی مردن

**پ: باوکت مەلا بوو خۆشت مەلایەتیت تەواوکردووە چۆن ڕازی و شوکری بەدوکانی جگەرەفرۆشتن؟**

**مفتی:**

ئەگەرچی لەحزەیەک دەرد و قەهر و خەمم بەبا ناکەم

ئیلاهی زۆر شوکر ئومێدی نانێ من لەشا ناکەم

لەسایەی زەحمەتی قاچ و سەر و شان و دەس و ئەژنۆم

لەبۆ کەس چاولەبەر نیم و خەیاڵی ڕێی ڕیا ناکەم

لەبەر تاڵی زەمانە و شەربەتی ئەشعاری شیرینم

هەتا ئەو دوو تەعامە بێ خەیاڵی شەکر و چا ناکەم

بەشاڵی خاکەکەم ڕازیم و ئەیپۆشم هەتا مردن

لەفاسۆن و گەبەردین تا ئەبەد سەڵتەوکەوا ناکەم

مەلایی و خوێندەواریی خوڕەوشتی خۆم و باوانمە

کەچی من ئارەزووی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم



**پ: ڕەنگە کەواوسەڵتە و جلکی مەلایانەت جوان لێبێت؟**

**مفتی:**

ئەمە چەند ساڵە تەقەلا ئەدەم

تانە لەشێخ و لەمەلا ئەدەم

داخی کەوای شۆڕ سەڵتەی تاقمکار

دایم لەدڵما پێچئەدا وەک مار

عەبا و فەقیانە لفکەی شان و مل

بۆ کوێستان زەمین لەکوێ بوون بەجل

**پ: مامۆستا پەشیمان نیت کە مەلایەتیت نەکردووە و بوویت بەتوتنچی؟**

**مفتی:**

هەر لەمناڵی هەتاکو پیربووم

خۆمن لەلای خۆی هوشیار و ژیر بووم

لەڕاتبەکردن بووم بەتوتنچی

ئەگەر شێت نەبم لەتوتنم چی

بۆ بەدەستی خۆم خۆمم کردە پەند

بووم بەشەریکی خەمی دەوڵەمەند

**پ: چیت خوێندوە لەمەلایەتی؟**

**مفتی:**

ئەوەی خوێندم لەعیلمی زوو سەراپا دەرسی مردن بوو

حەدیقە و مەنزەرەی خۆشم هەموو کۆڵان و قوژبن بوو

بەغەیری دەقنە و ڕاتوو نەکەوتە دەستی من کارێ

تەرەقی قەومی غەربی سنعەت و تەحسیلی خوێندن بوو

**پ: ئەمەنت چەند بوو ژنت هێنا؟ چەند منداڵت پەیداکرد؟**

**مفتی**:

بیستودوو ساڵ بووم چووم ژنم هاورد
بێ پارە و بێ پول بەبێ بەراورد
هەر لەپرێکا هەروا دەستوبرد
کاتێکم زانی هەشتم دروستکرد

**پ: نەدەکرا خۆت ڕاگرتایە؟ درەنگتر ژنت بهێنایە؟**

**مفتی**:

خۆم ڕاگرتایە هەتا چل ساڵی
لەژینی دنیا چاک ئەبووم حاڵی
ئێستا کە پیربووم لەبەر بەتاڵی
گیرفانم مێشکم هەردووکی خاڵی

**پ: گەر خودا بیدا ژنی باش چۆنە؟**

**مفتی**:

گەر خودا بیدا بەچاکی دەوڵەتی شاهانە ژن
نیعمەتێکە وەک بەهەشت و هاودەمی پیاوانە ژن
باعیسی ئارامی قەلب و مەرهەمی دەرد و برین
بۆ هەموو دەردێ دەوا بەخشێکە وەک لوقمانە ژن
دەوڵەتێکی پڕ لەشەوق و زەوقە بۆ بەشەر
نیعمەتێکی خۆشەویستی و بێسەروسامانە ژن
کەی گوڵ و گوڵزاری باخاتی ئیرەم وەک ئەو ئەبێ
باخی ساحێب زینەت و پڕ لئلوئی مەرجانە ژن



**پ: ئەدی گەر خودا نەیدا ژن چۆنە؟**

**مفتی**:

گەر خودا نەیدا بەچاکی دوژمنی ئینسانە ژن
مار و دوپشک و پڵنگی شاخی هەورامانە ژن
گەر نەخۆشیت نەبێ سیلداری و دڵ پڕ لەغەم
چۆتە ناو جەرگت بەدایم ئێش و دەرد و ژانە ژن
گەر لەگەڵ ئەودا بەهەشتت پێبدەن لێی ڕائەکەی
تاوەکو مردن عەزیزم دەردی بێدەرمانە ژن
گەرچی شێوەی شۆخ و شەنگ و دوورکوژ و پڕ عیشوە بێ
تۆ لەبەر چاو و دڵت شێوەی وەکو شەیتانە ژن

**پ: ڕات چییە بەرامبەر ئەو پیاوانەی لەژنێك زیاتر ئەهێنن؟**

**مفتی**:

داخی دووژنە لەسێ هەتا چوار
دایم لەدڵما پێچئەدا وەک مار
هەرچەندە من خۆم دوچاری نەبووم
توشی ئەزیەت و ئازاری نەبووم
هەر ماڵێ تیابێ دوو ژن وەک دوژمن
دیواری پۆڵایین دەردێنن لەبن
(لا حیاء فی الدین) بۆ تاقە پیاوێ
ژنێکی بەسە و سێ چواری ناوێ

**پ: مەلا قادری ئارمردەی لەشاری بانە نامەشیعرێکی کۆنە پەرستانەی بۆ نوسیوی بەو شێوەیە:**

پرسێکم هەیە لەڕێی شەرع و دین
سا تۆش بنوسە جوابێکی شیرین

وەک بیستومە لای ئێوە کچان
ئەچن بۆ مەکتەب بۆ ئابڕووتکان
زۆری نەماوە کە قەهری یەزدان
ئاگر بارێنێ لەجیاتی باران
ژن هەقیان نیە لەماڵ بێنەدەر
دین پایەماڵ بوو هەی قوڕمان بەسەر
کاغەز نوسینیش کوردی زمانە
دیارە نیشانەی ئاخرزەمانە

**پ: جەنابت چۆن جوابت دابووەوە؟**

**مفتی**:

ئەو پرسیارانەی کە تۆ لێتکردووم
جوابت عەرز ئەکەم تاکو نەمردووم
عالەم بەسنعەت چوون بۆ ئاسمان
تازە تۆ ئەگریت بۆ ئاخر زەمان
فەرمووتە کچان بۆ مەکتەب ئەچن
کەی خوا فەرموویە خوێندەوار نەبن
ئەوانیش وەک تۆ ئادەمیزادن
شەریکی پیاو و حوڕ و ئازادن
نوسین بەکوردی تاکەی کوفرە لات؟
بۆچ لات ناخۆشە زبانی وڵات
مەلا عەبدوڵای توتنچی پێنجوێن
جوابی دایتەوە بەزوبانی دین

**پ: مامۆستا جیاوازی کوڕ و کچ دەکەی؟**

**مفتی**:

کوڕ بێ یا کچ بێ هەردوو ڕۆحانین
عالەمی زەوق و ئەهلی نەقسانین



**پ: لەبەرچی کچێکت کردبووە دوکاندار؟ توانجت لێناگرن؟**

**مفتی**:

لەبەر بێکەسی کردوومە بەپیاو
بۆ یاریدەی خۆم هێناومەتە ناو
کەچی گوێئەگرم وەک تۆپی دە تیر
تەقەم لێئەکەن هەرزەکار و پیر
ئەڵێن بەڕاستی حەیای ئەم شارە
ئەم پیاوە بردی بۆ پول و پارە
کێ بێ کێ بیستی لەدێهات و شار
کچ لەجێگەی کوڕ بێ بەدوکاندار
دیارە نیشانەی ئاخر زەمانە
کەوابێ ئابڕوو ڕووی لەنەمانە

**پ: ڕات چی یە ئەو شاعیرانەی بەسەر جوانی و بەژن و باڵای نازداراندا هەڵدەڵێن؟**

**مفتی**:

عەیبە شاعیر لەم زەمانە یاری زوڵف و شانە بێ
یا سوپاسی قامەتی گوڵزاری ڕووی جانانە بێ
هەر ئەو ببێ خوی لەسەر خاڵ و خەت و ئەگریجە
من لەهەق داوائەکەم خوا بیبڕێ هەر با نەبێ

**پ: مامۆستا جەنابت چ کەسێکی و عاشقی چیت؟**

**مفتی**:

کەسێکم عاشقی خاکی وەتەن من
هەزار کەس گەر لەمن بووبن بەدوژمن
نیە باکم لەلێدان و لەکوشتن
خەریکی خزمەتم تا وەختی مردن

**پ: لەکەیەوە خەیاڵ و خولیای نیشتمانت هەیە و خۆت بەقوربانی دەکەی؟**

**مفتی**:

مودەتێکە من بەمەخفی شیوەن و گریان ئەکەم
هەر خەیاڵی خاک و قەومی میللەتی کوردان ئەکەم
بۆ کەسێکی عاشقی خاکی وەتەن گەر بێتە لام
گەر کەبابی مەڕ نەبێ جەرگ و دڵم بریان ئەکەم
دەوڵەمەندی خێڵی کوردن خێر و قوربانی ئەکەن
من کە بێپارەم سەرم بۆ قەومەکەم قوربان ئەکەم

**پ: هەیە لەو سەربەستی و ئازادیە بێزارە؟**

**مفتی**:

لەسەربەستی و لەئازادی کەسێ بێزارە نامەردە
لەوەختێکا کە بێدەنگە یا دارە یا بەردە

**پ: ڕات بەرامبەر دەمانچە و تفەنگ چییە؟**

**مفتی**:

لەکوردستانا دەمانچە و تفەنگ
خۆزگە نەمئەبیست نەمئەدی بەڕەنگ
ئاخ ئەمدی تفەنگ کۆئەکرایەوە
شەڕ و کوشتن و شین ببڕایەوە

**پ: بۆ ڕزگاری کوردستان لەجیاتی جەنگ و تفەنگ چی بکەین؟**

**مفتی**:

کوردە لەمەولا هۆشێ بێنەسەر
لادە لەبەزمی بێهودە و سەمەر
تا ئێستا ئاخر بەجەنگ و بەشەڕ



چی کەوتە دەستت بەغەیری زەرەر؟
لەجیاتی تفەنگ بەنوکی قەڵەم
هاوارکە بۆ خۆت دانیشە بێخەم
گەر لەهۆزەکەت پیاوی ژیرت بێ
قەڵەم تفەنگ و تۆپ و تیرت بێ

**پ: چ گەورەیەکت ناوێ؟**

**مفتی**:

گەورەیەک بۆ کەس نەبێ سێبەری
خۆم بۆ بگێڕم لەدەوری سەری
بەوشکی بۆچی بم بەمەیتەری
وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری
ڕەنجی هەر بۆ خۆی بۆ بەرگ و نان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

**پ: کەی پیاوی گەورەمان دێتە بەردڵ؟**

**مفتی**:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ
تاکو ئەو ڕۆژەی دەچێتە ژێر گڵ
ئینجا بۆی ئەگرین بەجۆش و بەکوڵ
قەبرەکەی ئەکەین بەباخچە و بەگوڵ

**پ: خەڵك بۆ پیاوێکی باشت دەناسێ؟**

**مفتی**:

مفتی لەخولقا تۆ بۆیە خاسی
حەقیقەت بێژ و نیعمەت شوناسی

**پ: لەساڵی (١٩٤٧) بومەلەرزە لەشاری پێنجوێنی دا و بووە هۆی دەربەدەریت و لەدوورەوە چۆن سۆزت بۆ دەربڕی؟**

**مفتی**:

داخەکەم پێنجوێن کەوا ئەمڕۆ لەتۆ دوور و جیاین
تۆ بەهەشت و ئێمە وەک ئادەم لەناوتا دەرکراین
گەر بەجارێ قەسری لوبنان بێ بەجێمان دۆزەخە
چونکە فێری ئاوی ساردی تۆ و هەوا و شاخ و چیاین
هێندە لەرزی بووین لەترسی بومەلەرزە و زەلزەلە
بێلەرز یەکسەر گرفتاری نەخۆشی لەرزوتاین
چاوی بەد بوو هێزی گەردوون هێرشی هێنایەسەر
تۆی کتوپڕ تێکشکاند ئێمە وەک لەشەکر شکاین
گەر فەلەک ڕەحمی ببێ بەم حاڵە بتهێڵێتەوە
چش کە وێرانی بەبەرد و خاک و خۆڵیشت ڕەزاین

**پ: بۆ پێنجوێن هێندە خۆشە وا غەریبی بکەی؟**

**مفتی**:

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
تازە بوکێ بووی بەسەر چیاوە
ئەهاتنە سەیرت لەملا و لەولاوە

**پ: پێنجوێن چی هەیە تا باسی بکەی؟**

**مفتی**:

گردێکی لێیە پێی ئەڵێن گەڵکە
هەوارگەی هاوین بۆ شار بەکەڵکە
جێی وەسمان پاشا و مەحمود پاشا بوو



هاوین و پایز زۆر دڵگۆشا بوو
تەیارەخانە هەتا بەربووبان
بکرایە بەشار بازاڕ و دوکان
ئاو و چەشمەکەی وێنەی کەوسەرە
زیخ و بەردەکەی زێڕ و گەوهەرە
ئاخ ئەگوێزراوە بۆ ئەو پێدەشتە
ئەوساکە ئەموت پێنجوێن بەهەشتە

**پ: پارەت هەبوایە بەچ پڕۆژەیەکت ئەدا لە پێنجوێن؟**

**مفتی**:

ئەمدا بەبەرد و کەرەستەی ڕەنگین
پردێکم ئەکرد لەرێگەی پێنجوێن
تا ئاخر زەمان بۆ دونیای ڕوناک
شوهرەت و ناوم نەئەچووە ژێر خاک

**پ: ئەی شیعر چی پێ بەخشیوی؟**

**مفتی**:

دیوانی (عورفی)م بەهۆی شیعر دی
کێ من ئەناسێ گەر شیعر نەبێ
شیعر لەدنیا تۆ چیت پێکردم
یان چیم پێئەکەی وەختێ کە مردم

**پ: گەر مردی چۆنت بەخاک بسپێرین؟**

**مفتی**:

ڕۆڵە من مردم لەژێر باری گرانی زوڵمەوە
ئێستا موشتاقی تەنافێکم کە بێتە ملمەوە
ئاگری قەهر و زەلالەت چۆتە جەرگ و دڵمەوە

بێکفن بێ داخڵ بەخاکم کەن بەخۆم و جلمەوە

**پ: ئاخۆ دوا مەنزڵ و گۆڕت لەچ گۆڕستانێك بێت؟**

**مفتی**:

ئەگەر مردم تکایە گردی سەیوان ماڵ و قەبرم بێ

گەلأی ئەو دارە جوانانە لەجێی سابات و کەپرم بێ

تکاکارم لەئاخردا لەقاپی حەزرەتی یەزدان

لەگەڵ یارانی هاودەم هەر ئەوێ مەیدانی حەشرم بێ



# حەزرەتی نالی



**نالی ناوی خدر (خضر) کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکایەڵیە، لە گوندی (خاك و خۆڵ) لەدەشتی شارەزور لەدایك بووە لەساڵی ١٨٠٠ز، ٥٨ساڵ ژیاوە، زمانەوان و ئێجگار وردەکاربووە.**

**پ: ببوره هێنده شارەزاو قوڵ نیم، خۆم لە قەرەی شیعرت بـدەم دەمـەوێ گفتوگۆیـەکی شیعریت لەگەڵ بکەم؟**

**نالی:**

(گێل) ئەگەر تورکی، (تعال) ئەر عەرەبی

(بێ) ئەگەر کوردی، ئەگەر فورسی (بیا)

**پ: جەناب ناوی راستەقینەت چییە؟**

**نالی:**

لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خۆم

فەیضی تۆ رەحمەت و، من سەوزە گیا

**پ: قوربان نازناوتان (ناڵی)یە یان (نالی)یە؟**

**نالی:**

وەرە سەیری خیابان و بەیاچی دەفتەری (ناڵی)

کە صەف صەف مەصرەعی بەرجەستە ریزی سەری مەوزوونە

**پ: ئەوجا ئاسوودەی ناڵی؟**

**نالی:**

(ناڵی) ئاسوودە نییە گولی نەمامی عومرت

بەنەفەس دێت و دەچێت ئەصڵی لەسەر بایێکە

**پ: شاعیری دیکە هەیە بەناو نالی ئاشنای قەڵەم بێ غەیری جەنابتان؟**

**نالی:**

ظاهیرو باطین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

ئاشنای سیری قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نییە



**پ: قوربان چۆن نالیت؟**

**نالی:**

(نالی) و میثلی حاڵی لەئەشکەنجەیی غەمدا

وەک ناڵە لەنەیدا، وەکو نالە لە قەڵەمدا

**پ: چ نهێنیی و ئاشکراییەك هەیە لەنازناوت؟**

**نالی:**

نەظمی (نالی) میثلی ئاوو ئاوێنە رەنگی نییە

دوو رووە بۆ سەیری خاطر: یەک خەفی و یەک ئاشکار

**پ: حاجی قادری کۆیی گوتویەتی (بەجێ ما نـالی وەك نـاڵی، دواکـەوت کـوردی وەك گەردی) وەك دیارە ناڵەکەت دەبێ بە (نالی)؟**

**نالی:**

برق البصر لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالی

(خسف القمر) لەئیشراق قیامەتی جەمالی

روخی تۆ گوڵێکە صەد وەک هوزاری عاشق، ئەمما

لەهەموو چەمەن دیارە بە ئوصولی ناڵە (نالی)

**پ: شیعرە کوردیەکانت جـوانی و وردەکارییـان زۆرتێدایـە، بـەڵام لێکدانـەوەی قـوڵی ئەوێ ئایا بەقەستی وادەکەی؟**

**نالی:**

طه بعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی لە (عمدا) وادەکا

یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهسەوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکا

کەس بەئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردیە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

**پ: چۆن دەیسەلمێنی کە شیعرەکانت لەگەڵ شاعیرانی دی هاوتای نیە؟**

**نالی:**

بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بەرۆح

هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟

کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!

**پ: دەمێکە شیعرەکانت نایابن گەوهەریان لێ دەبارێ بەلام کێ تێی دەگا؟**

**نالی:**

عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

شێخە و سەراپا دەڵەک و رێوی دەپۆشێ

(نالی)م بەرووتی لەهەموو دیدە دەپۆشم

**پ: بەچەند زمان شیعر دادەرێژی؟**

**نالی:**

فارس و کوردو عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

(نالی) ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە

**پ: سیحرو قودرەت و قوەت و حیکمەتت چییە؟**

**نالی:**

(نالی) نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نیەتی قوەتی دڵ، قودرەتی ئینشا



**پ: قوربان نوکی خامەت بەهەرسێ زمان وا سوارەو دەچەسپێ و مانا جوانە داوای چ دەکا؟**

**نالی:**

ضابیطە ی طە بعم سوارە، ئیدیعای شاهی هەیە

موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا

نوکی خامەی من کەبێتە مەعنا ئارایی کەمال

خەط بە خەط ئیظهاری نەقشی صورەتی (مانی) دەکا

ئیستیطاعە وقووەتی طە بعم، بەکوردی و فارسی

عارەبی، ئیظهاری چالاکی و چەسپانی دەکا

**پ: جەناب لە ( خەرپانی ) خوێندووتە، حوجرەکەت لەوێ چۆن بوو؟**

**نالی:**

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە ناو

تارو پۆپی عەنکەبووتە، زۆری لێ کردومە داو

دودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن

بان و دیواری بەمیپلی لانکەی ئەجزا شکاو

هەرلەسەربان داربەداری رایەڵی بژمێرە وەک

لاپەراسوی بارگیرێکی کە زیندوبێ بەناو

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بەغەمگینی دەڵێین

ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو

فەصلی هاوینی جەهەنم فەصڵی زستان زەمهەریر

زەمهەریر کەی وا بەتەئـثیرە و جەهەنم وابە تاو

**پ: ببوره دەڵێن کەرێکت هەبووە! چۆن کەرێك بووە؟**

**نالی:**

هەی کەرێکم بو، چ پەیکەر، گهی کەی هەورازولێژ

سینە پان و موچەکورت و شانەبەرزو گوێ درێژ

بن زگ و جەبهەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا

یەککە تازو، سێ برِو دوو بادو شەش دانگ و درێژ

**پ: یەعنی کەرێکی عاقڵ بوو چاتر لە مرۆڤی گێژوویژ؟**

**نالی:**

عاقڵێ بوو ناوی کەربو قاطیعی رێگەی سەفەر

خۆش سلوکتر بو لەصەد وێڵداشی هەرزەو گێژوویژ

**پ: با بێینە سەر عەشق و جوانی، کە عەشقت مەجازی بێ جیاوازی کورِوکچ چییە؟**

**نالی:**

عیشقت، کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیلا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و، عەذرا کچ

فەرقی کورِو کچ رۆشن، وەک فەرقی مەه و میهرە

ئەم فەرقی شەو رۆژە وەک فەرقە لەکورِ تا کچ

**پ: کورِ بەچی دەچێ و کچ بەچی دەچوێنی؟**

**نالی:**

کورِ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما سەمەری خارە

وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موصەففا کچ

کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەرسینە

وەک شانەیی هەنگوینە بۆ لەزەتی دونیا کچ

کورِ زیبی دەبوستانە! کچ شەمعی شەبوستانە

بۆ بەزمی تەماشا کورِ، بۆ خەڵوەتی تەنیا کچ



**پ:عەشقت لە دڵدا چۆنە؟**

**نالی:**

لەدڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میثلی تەندوورە

شەگی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسوتێم دەبمە کۆی نوورە

دەچێ بۆ لای رەقیب، خۆشە، وەلێ ئەو داخە کوشتوومی

لەکن ئەو چەند مەجبووە، لەلای من چەندە مەغرورە

**پ: قوربان پێت ناخۆش نەبێ دەڵێن یارەکەت (مەحبوبە) خێڵ و قیچە، ئایە وایە؟**

**نالی:**

پێم دەڵێن: مەحبوبە خێڵ و قیچە، مەیلی شەرِ دەکا

خێڵ و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا

خێڵ و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بەچاو

مەیلی راست هاویتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا

**پ:ئەدی چاوی چۆنە حەبیبە یەعنی باوەر نەکەین کە خێلە؟**

**نالی:**

چاوی هەم رەنگی گوڵی، مەستی شەو و رۆژن مەدام

یەک نەشکوفتەی بەنەفشە، یەک لە نەیلۆفەردەکا

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی

کە چ نەظەر کەی فەرقی خوارو ژوورو خێرو شەرِ دەکا

**پ: ئەی برۆو شورەی بەچی دەشوبهێنی؟**

**نالی:**

موژە قولابیە هەم تیروهەم شیر

برۆ میحرابیە هەم تاق و هەم جووت

لە سندوقی پرِی سینەم بترسە

کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت

**پ: باشە قەدو باڵای بەچی دەچێ؟**

**نالی**:

ئەی سەروی بوڵەند قەدو، برۆتاق و مەمک جووت
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
خڵخاڵی قەوم، وەک خەمی زوڵفەینی سەراپات
پشتانی قەدت بێت فیدای بازنی بازووت

**پ: جەناب دڵی نالی چ دەڵێ و یار چ دەڵێ؟**

**نالی**:

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە جوابی نادەم
مودەتێکە لەقەفەسدایە، عەژابی نادەم
گوتم ئەی ماهـ، دڵی من بەدڵی خۆت بکڕە
گوتی من بەردی بەقیمەت بەکەبابی نادەم
(نالیا) ئەم غەزەلەت تازەیە تازە وتوە
بەدووسەد (مەثنە وی) و (لوببی لوباب)ی نادەم

**پ: هەقە نەیدەی! چونکە عەرەب سەدان ساڵە خورماو شاعیری هەیە نەیان توانیوە وەك جەنابتان خورما شیرینتر بکەن بە شیعر، توخوا چۆنت بەو کچە گوێ بەگوارە هەڵگوتبوو؟**

**نالی**:

چییە گوارە گوناهی، وابە نەستەق
بە گوێ هەڵت وەسیوە، سەر موعەللەق
دەخیلت بم نەخیلی یاروطابی
وەها شیرین وسینە نەرم و دڵ رەق



**پ: بەو یارە دەستوپەنجە خەناویەت نەگووتووە قەت لێ پرسیوی؟**

**نالی**:

حەنایی کردووە پەنجەی بەخوێناوی دڵی زارم
ئەمە رەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم
گووتم: ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من
برۆی هێنایە یەک وەک شکلی (لا) یەعنی کە بێ زارم

**پ: لە لێو قەدو زولف تالیبی چی؟**

**نالی**:

لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵف چیم
دەزانی بەم سیانە گالیبی چیم
وەفای عەهدە لەمن روح و لەتۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم
کە هاتی تیغی بێزارت لەسەر دام
سەری خۆم خود بەخود هەڵگرت و رۆیم

**پ: قوربان چۆن وڵات بەجێ دەهێلی و دەرۆی؟**

**نالی**:

سەفەرمان چونکە رێی هاتونەهاتە
دوعامان بۆ بکەن ئێوەو خوداتان
منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من برۆم بشکێ سوپاتان

**پ: حەبیبە دەستت لێ هەڵدەگرێ چ دەکەی؟**

**نالی**:

دەستم لەگەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە
وەبزانە خوێنی خۆتە یا مینەتی رەقیبە

سەربەر دەبازی ڕێتە، تەن تەختە بەندی جێتە

دڵ مەیلی خاکی پێتە، روح ماڵی خۆتە ببیە

**پ: چ زاڵمێکەو چ عادەتێکی هەیەو بەکێ دەچێ؟**

**نالی:**

عادەتێکی هەیە هەرگیز لەکەسێ ناپرسێ

زاڵمێکی وەیە قەد خەوفی خوداوەندی نییە

دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بەبێ مانەندی

بێ شکـو شوبهە، خودا شاهیدە، مانەندی نییە

**پ/ئەرێ چ عەقڵو تێگەیشتنی هەیە لەگەڵ جوانییەکەی؟**

**نالی:**

ئەڵلا ..ئەڵلا.. کە چ عەقڵو چ کەمالێکی هەیە

لەگەڵ ئەو عەقڵەو کەماڵە چ جەمالێکی هەیە

دڵفرێنێکە لەبۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ

واجبە مەدحی بکا هەرچی کە، ماڵێکی هەیە

**پ: باڵای کچێکی تازە هەڵچوت بە دار خورما شوبهاندوە، بەو عومرە ئەو زەوقە چییە؟**

**نالی:**

نەخلی باڵات نەوبەرە تازە شکۆفەی کردووە

تۆ کەبۆی شیرت بەدەم دێ ئەم مەمەت کەی کردووە

نەخل و رومان پێکەوەن یاباغەبان وەی کردوە

سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە

بۆ مەمک (نالی) چ منداڵانە وەی وەی کردوە

گەرچی مووی وەک شیرە بەوشیرە شکۆفەی کردووە

خۆشی بە هەردوو دەست و دەم گرتویە ئۆخەی کردووە

کیذب و توهمەت، ئیفتیراو بوهتان کەتۆبەی کردووە



**پ: بەچی ئەو پرچە رەشەت سپی بووە؟**

**نالی:**

موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط

شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خود بەخود قەل بوو بە بەط

من دەڵێم شەوبوو بەرۆژ نەفسم دەڵێ رۆژبوو بەشەو

ئەو موصیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو من غەلەط

**پ: ئەمەوێ بپرسم لەبەرچی کەم دەخۆی چ دەخۆی؟**

**نالی:**

گەردەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم

من بەبرسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم

ئاوی سوێری چاووباری تاڵی لێو

سوێرو تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم

شەربەتی خەوف و رەجای ئەغیارو یار

ترش و شیرین هەم دەچێژم هەم دەخۆم

تاڵی بێ یارو دیارو تارو مار

عەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم

نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتیە

من غەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم

**پ:قوربان کابرای ( پەیك ) دەڕواتەوە چ راسپاردەیەکت نییە بۆ شارەزوور؟**

**نالی:**

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری (شارەزوور)

ئەی لوطفە کەت خەفیو هەوا خواه و هەمدەمە

وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور

سوتا رەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون

نەیماوە غەیری گۆشەیی ژیکرێکی یا صەبوور

هەم هەم عەتانی ئاهم و هەم هەم ریکابی ئەشک

رەحمێ بەم ئاهو ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور

**پ: کابرای پەیك چ بکاو هەتا کوێ بچێ؟**

**نالی**:

وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار

وەک ئەشکەکەم رەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)

ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)

ئاوێکە پڕ لەنارو چنارو گوڵ و چنوور

**پ: سەرچنار چییە؟**

**نالی**:

چەشمێکە میثلی خۆر کەلەصدجێ، بەرۆشنی

فەورانی، نوری صافە لەسەربەردی وەک بلوور

یا عەکسی ئاسمانە لەئاوێنەدا کەوا

ئەستێرەکانی رابکێشن وەک شەهابی نوور

**پ: بۆ پڕچاوت ئاوبووە یەکسەر نەچتە ( خاك وخۆڵ )؟**

**نالی**:

دەم وت دوچاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشک

نەبوایە تیژو بێ ئەسەر و گەرم سوێرو سوور

داخل نەبی بە عەنبەری سارایی (خاک وخۆڵ)

هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی) یا عوبوور

یەعنی ریازی رەوزە کە تێدا بەچەن دەمێ

موشکین دەبێ بەکاکۆلی غلیمان و زولف حوور



**پ: شاری سلێمانی خاك و دارو بەردو جۆگەو رۆژو وەرزی چۆنە؟**

**نالی**:

خاکی میزاجی عەنبەرو داری رەواجی عود

بەردی خەراجی گەوهەرو جۆباری عەینی نوور

شامی هەموو نەهارو فوصولی هەموو بەهار

تۆزی هەموو عەبیرو بوخاری هەموو بوخوور

شارێکە عەدل و گەرمە لەجێگەیەکە خۆش و نەرم

بۆ دەفعی چاووزارە دەڵێن شاری شارەزوور

**پ: ئەهلی سلێمانی چۆنن؟**

**نالی**:

ئەهلێکی وای هەیە کەهەموو ئەهلی دانشن

هەم ناظیمی عوقودن هم ناظیری ئوموور

**پ: هەموو شوێنەکانت بەسەرکردەوە ئاخۆ نا پرسی باست دەکەن یان نا؟**

**نالی**

زارم وەکو هیلاک و نەحیفم وەکو خەیال

ئایا دەکەومەزارو بەدڵدا دەکەم خوتوور؟

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ رەنگە بێ بەئاوو بەچاوا بکا عوبوور!

ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە،

یا مەسلەحەت تەوەققوفە تایەومی نەفخی سوور

حاڵی بکە بەخۆفیە، کە ئەی یاری سەنگدڵ

(نالی) لەشەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

**پ: تاكەی چاوەڕێ ئەبی؟ وا دەبینم حەبیبەت لەبەرچاو نەمابێ؟**

**نالی:**

**وا ظه ن مەبە روخسارەیی تۆ غائیبە قوربان**

**بنوارە چلۆن نەقشە لەنێو دیدەیی تەڕما**

**یا توربەتێ، یا غوربەتێ بارێ بشكێنن**

**هەرمونتەزیرە (نالی) ئەگەر مردو ئەگەرما**



# سةيد برايم بةرزنجي ( برذاو ـ دةهري )



**سەید برایم كوڕی حاجی سەعید سەید برایمە فەندییە، باپیری واتە سەید برایمە ئەفەندی بەكاك سەیدی هەولێری بەناوبانگ بووە، بەڕێوەبەری ناحیەی شەقلاوە بووە، سەید برایم لەساڵی (١٩٢٦) لەشاری كۆیە لەدایكبووە، پەیامنێری گۆڤاری (نزار) بووە لەكۆیە، لە(ژین)و (گەلاویژ)دا شیعری بڵاوكردۆتەوەو دوو چاپكراوی شیعری هەیە لە (١٩٩٨/٨/٣) لەشاری كۆیە كۆچی دوایی كردووەو لەشاخی هەیبەت سوڵتان نێژراوە.**

**پ: کاک سەید سەرەتا دەکرێت نهێنی دڵ بدرکێنی؟**

**سەید برایم**:

دەڵێم نهێنی دڵ بدرکێنم

هەرچی لام هەیە گشتی دەربێنم

هۆش دەڵێ نەکەی بەجێتدەهێڵم

رازو نیازت بۆ دوژمن دێنم

**پ: جەنابت سەربەستی، چونکە چ ستەم و سانسۆرێك نییە، چیت لەدڵدایە دەتوانی بێ خەم هەڵیبڕێژی؟**

**سەید برایم**:

کەی دێ بتوانم بیری خۆم دەرخەم

چیم لەدڵدایە بیڕێژم بێ خەم

ترسم نەمێنێ لەجەورو ستەم

ئەوساکە هەست بەسەربەستی دەکەم

**پ: ئەو وتانەی لەناو دەروونت دیلن، چ دەبێت ئەگەر بەئازادیی دەریانبڕی؟**

**سەید برایم**:

وتە لەدەمدا دیلبەند کراوە

هات ویستی دەرچێ بیخەرە دواوە

لەدەمت دەرچوو بۆت نەگیراوە

تۆ دەبیە دیلی وتەی وتراوە

**پ: قوربان چیت خوێندووە، وەك دۆست و هەڤاڵەکانت شەهادەت هەیە؟**

**سەید برایم**:

دەرچوو لەدەستم تاکو منداڵ بووم

ماوەی تەمەنم رۆیی ناوساڵ بووم

نەمخوێند لەمەکتەب وێرانە ماڵ بووم

حەیفە کەدووری دۆست و هەڤاڵ بووم



**پ: دەمەوێ بپرسم دوکانەکەت لەکوێیەو چی دەفرۆشیت؟**

**سەید برایم**:

گەر یەکێ هات و پرسی، وام لەدەرگەی قەیسەری

کورتەک و شەرواڵ و قوماش، لام هەیە بۆ مشتەری

**پ: کاسبی بۆ دەکەی، شۆڕش و دۆست و خزمان هەر دەتژێنن؟**

**سەید برایم**:

ئارەق ئەڕێژم با ماندووی شان بم

نەوەک شەرمەزار، سەرشۆڕی ژیان بم

بارم زۆر قورسە ئەرکی گرانە

چونکە مەردانە چاوم لەژیانە

**پ:وابەرژەوەندیت نییە خۆت بگونجێنی لەگەڵ زەمانە، وابکەی وەکالەتێك وەربگری هێندە تووشی کێشە نەبی؟**

**سەید برایم**:

ئەو نانە ناخۆم بەدەست نامەرد بێ

نانی خۆم دەخۆم با رەق وەک بەردبێ

رێگا دەگۆڕم گەر نامەرد پر دبێ

تووشم بەتووشی سەد کێوو هەردبێ

**پ: دەڵێن برادەرێکت پێی وتبووی تاکە عەیبێکت هەیە کورتە بالاّی، چیت وەلاّمدابووەوە؟**

**سەید برایم**:

گەورەو بچووکی بەژن و بالاّ بێ

دەبێ کەری دێز لەپێش ئالاّ بێ

**پ: ئەوە راستە کچێك پێی گوتبووی مام سەید ئەو قوماشە مەتری بەچەندە، تۆش پێت ناخۆش بوو، جا چیت بەکچەکە گوتبوو؟**

**سەید برایم**:

بەمامە مامە جەرگت پساندم

ئاوات و هیوات لێهەڵوەراندم

جارێکی دیکە پێم بڵێ مامە

چیت پێنافرۆشم نەیەیتە لاما

**پ: بۆ بەتەمای چیت بەو تەمەنە، قەت لەژیانتدا دڵداریت کردووە؟**

**سەید برایم**:

دڵداریم لەژین قەت نەکردووە

گوڵی باخانم هەڵنەبژاردووە

کەوتمە ناو سالآن تێپەڕی عومرم

تازە دێ لەباخ گوڵێ هەڵبگرم

**پ: هەیە عاشق بەکچی جوانەو هەشە عاشق بەنیشتمانە، جەنابت لەکامیانی؟**

**سەید برایم**:

هەندێ کەس عاشق بەچاوی کاڵە

دیلی ئەگریجەو رووومەتی ئاڵە

بەڵام من عاشق بەو نیشتمانەم

ئەو گەلو خاکەم هەر لەخەیاڵە

**پ: لەبەرچی ئەو عەشقە نیشتمانییەت کەوتۆتە سەر؟**

**سەید برایم**:

ئەو ئاوە ساف و گوڵە سەد تەرزەم

ئەو دەشتە جوان و ئەو شاخە بەرزەم

بەخوێن و هێزم دەیانپارێزم

چونکە خوڵقاوی ئەو خاک و ئەرزەم



**پ: لەساڵی (١٩٦٣) لەبەندیخانەی موسەیب گیرابووی لەسەر کوردایەتی، دێڕە شیعرێکت لەسەر جزدان بەزەنگیانە هەڵچنیبوو، بۆ منداڵەکانت ناردبوو، چیت لێ نووسیبوو؟**

**سەید برایم**:

پێشڕەوو ڕەهبەر ڕۆڵەی مەیدانمە

دیمەن و شەهێن بووکی کوردستانمە

پێشڕەوو ڕەهبەر، دیمەن یادمە

پڕ بەهیوای خۆش و ئازادمە

**پ: لەساڵی (١٩٧٩) لەسەر هەردوو کوڕەکەت گیرای، چونکە پێشمەرگە بوون ئازادیان نەکردی، هەر لەبەندیخانەی فوزەیلییە مایتەوە، چونکە داوایان لێکردبووی دەبێ کوڕەکانت تەسلیم بینەوەو واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن، جەنابت چیت وەڵامدابوونەوە؟**

**سەید برایم**:

چەند جاران لێرە من بەندکراوم

شەق و زللەیان زۆر تێهەڵداوم

بێت و بێنەوە من سەریاندەبڕم

چەند خۆشەویست بن بە گلێنەی چاوم

**پ: تابەر لێبوردنی گشتی نەکەوتی ئازاد نەبویت ئەمجارە زیندانیت بکەنەوە بیروباوەڕی خۆت دەگۆڕی**

**سەید برایم**:

بەندو زیندانم بکەن چەند کەڕەت

هە ڵواسرێ جەستەم بەسێدارەو پەت

بیروباوەڕم ناگۆڕم من قەت

لاشەی شیرینم گەر بکەن لەت لەت

**پ: مروڤ هێندە توشی کەوتن و ئازاردان بووە ، هونەر ئەوەیە لە بیروباوەڕەکەی وازبهێنێت و دانیشێت ؟**

**سەید برایم**

هونەر وانییە کەتۆ نەکەوی
بەڵام کەکەوتی هەستی نەسرەوی
لەبەر هێرشی دوژمن قەوی
بیروباوەڕت نەکەی بنەوی

**پ: چ گامان لەو گێرەیە! دەست بەکلاوی خۆی بگرەو با نەییات ، چونکە خەباتی کوردایەتی سەخت و دژوارە؟**

**سەید برایم**

هەستن تێکۆشن گەر ئێوە مەردن
گیرۆدەی بەندی هەزاران دەردن
چاکترە مردن نەک کرنۆش بەرن
گەل ئازاد نابێ بێ بەختکردن

**پ: کاك سەید برایم حەز لەشەڕ دەکەی یان ئاشتی؟**

**سەید برایم**:

چەندم پێخۆشە دەنگی مۆسیقا
یا کۆتری ئاشتی باڵدا لەشەقا
نەک گرمەی تۆپ و تفەنگ و تەقا

***باوەڕ دەکەی گورگ ئاشتی لەگەڵ مەڕ بکات و بتوانێ شوانی بێ؟**

**سەید برایم**:

یەکێ گەر گورگی دۆست و برادەر بێ
دەبێ هەمیشە دەست بەخەنجەر بێ
ئاشتیخواز نابێ حەزی لەشەڕ بێ
قەت نابێ گورگ بەشوانی مەڕ بێ



**پ: دەبێ ڕۆژێ دابێ چەکی کوشندەو بۆمبای تۆقێنەر باوی نەمێنێ؟**

**سەید برایم**:

ڕۆژێ هەردەبێ تفەنگ و بۆمبا
نموونەی دانرابێ لەنێو پیشەنگا
دەڵێن باپیران والێکیاندەدا
کاتیان بەسەرچوو، تێپەڕی نەما

**پ: ئێستا ئازادیی و حکومەتی خۆمان هەیە، یادی رابردوو بکەینەوە؟**

**سەید برایم**:

کاتی سەربەستی و پایەو ئازادی
لەبیرینەکەی دیلی و بێدادی
لەکاتی شایی و خۆش و پڕ شادی
تەنگ و دڵپەستیت بێتەوە یادی

**پ: ئەو تەمەنەی ماوتە چ دەکەی لەکوردستان، بۆ ناچیت بۆ ئەوروپا؟**

**سەید برایم**:

کوێرە کانیەکی لەپشت چیا
نایدەم بەخۆشی سەراپای دنیا

**پ: مادەم کوردستانت هێندە پێخۆشە، شیعر بەسەر دیمەن و شاخ و باخ هەربلێ، با گەلی هەژار هەر برسی بێت؟**

**سەید برایم**:

هەربڵێم بەچی لوتکەی بەرزی شاخ
سەراپا وڵات بێتە شەوچراخ
گەر گەلی هەژار رووت و برسی بێ
چ کەڵکی هەیە چیمەنی ناوباخ

**پ: ژیان هەروانییە، هەرکەسێ گوریسێ بۆ لای خۆی رادەکێشێ و بـۆ خۆیـەتی و بـاکی بەگەل و چینی هەژار چی بێ؟**

**سەید برایم**:

ژیان گەر وابێ هەر کەس بۆ خۆی بێ

بەشی من و تۆش ئەستوکی جۆ بێ

چینی هەژاریش بێ نان و دۆ بێ

ژیان گەر وابێ بۆ گشت رۆحلەبەر

چۆن فەرق بکەین لەبەینی بەشەر

گوریسەکێشی بۆ خۆی رایکێشی

بگرێ هەر لوشی چی هاتە پێشی

هیچ باکی نەبێ بەقەوم و خوێشی

بەو جۆرە وڵات چۆن دەبێ رزگار

لەژێر دەسیسەی دوژمنی غەدار

***ئەو دیاردە ناڕەوایانە چین لەنێوماندا هەیە؟**

**سەید برایم**:

سێ شت لەنێومان زۆر ناڕەوایە

خودپەرستیمان گەلێ تێدایە

مادەپەرستی لەدووەمدایە

خۆشباوەڕیمان سێیەم بەڵایە

**پ: ئامۆژگاریت بۆم چییە گەر سەردانی پیاوێکی گەورەم کرد؟**

**سەید برایم**:

لای پیاوی گەورە قسەی زل نەکەی

بۆ هەموو کارێ خۆی بۆ شل کەی

بۆ بەرژەوەندو قازانجی میللەت

قسەی خۆت بکە لەهیچ سڵ نەکەی



**پ: راستە شیعرێکت هەیە بەئاسۆیی و ستوونی دەخوێندرێتەوە، کام شیعرەیە؟**

**سەید برایم**:

تێکۆشەران، دژ بەدوژمن، شۆڕشگێڕن، لەهەموو کات

دژ بەدوژمن، ناوەستێنن، لاوی کوردان، هەوڵ و خەبات

شۆڕشگێڕن، لای کوردان، بۆ قوربانی، لەڕێی خەبات

لەهەموو کات، هەوڵ و خەبات، لەڕێی نەجات، بۆ گشت وڵات

**پ: ئاگری نەورۆز نیشانەی چییە؟**

**سەید برایم**:

ئاگری نەورۆز نیشانەی هەڵمەتە، بۆ شۆڕشە

دروشمێکی کۆنی کوردە هیمەتە، بۆ کۆششە

**پ: ئەو پەندە راستە لەسەر کۆیە دەڵێن (کۆیاتی و خۆیایەتی)؟**

**سەید برایم**:

کۆیە شارێکە هەموو یەک تۆیی

ناڕێکن کۆیی هەر خۆبەخۆیی

**پ: لەساڵی (١٩٦٣) مونیرە مەلا تایەرو شوانی کۆرپەی باوەشی لەکۆیە لەبەردەرگای ماڵی خۆیان شەهیدیان کردن، چ شیعرێکت لەسەر کێلەکەی بۆ نووسیبوون؟**

**سەید برایم**:

کۆرپەم لەباوەش شەهیدیانکردین

تاوانمان نەبوو بەس هێندە کوردین

ئێمەش هاتینە ریزی شەهیدان

بۆ رزگاربوونی خاکی کوردستان

**پ: لەبەرچی زۆر شیعرت لەبیرنەماوە، لێ فەوتاوە؟**

**سەید برایم**:

برام زۆر شتم لەبیرنەماوە

دەفتەری شیعرم زۆربەی فەوتاوە

جەرگم لەداخان وەها کونبووە

بیرو شعورم لەلا ونبووە

چەرخی زەمانە وای بەسەرهێنام

شیری منداڵی لەدەم دەرهێنام

**پ: گەر هات و خوانەخواستە کۆچی دواییت کرد لەکوێت بنێژین و چ بکەین؟**

**سەید برایم**:

گەر هات و مردم دڵ نەکەن غەمناک

لەهەیبەت سوڵتان بمنێنە ژێر خاک



# لەنێوان
# حاجی قادری کۆیی و نالی دا






**پ:مام حاجی بەو پیریە دەتوانی بێ یە مەیدانی شیعری نالی؟**

**حاجی قادری کۆیی**:

سولەیمانێکە (نالی) خاوەنی دیوان و فەرمانە

نیە کەس بێتە مەیدانی مەگەر (حاجی) خود ئاسایە

**پ:حەزرەتی نالی دەکرێ لەشیعری کوردیدا بەراورد لەنێوان شیعری جەنابت و حەزرەنی حاجی بکەیت؟**

**نالی**:

شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی

کەی لەدیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

**پ:مامە حاجی لەبەیتا خۆت لەهاوشانی نالی و کوردی دادەنێی؟**

**حاجی**:

زاهیدەن بەیتم لە(نالی) و (کوردی) زۆر کەمتر نی یە

تالعم بەر گەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە

**پ:حەزرەتی نالی خۆت لەهاوتای کام شاعیر دەبینی؟**

**نالی**:

نالی حەریفی کەس نیە، ئیلف و ئەلیفی کەس نیە

بەیتی رەدیفی کەس نیە، هەرزە نویسە گەپ دەکا

**پ:مامە حاجی شاسوارانی بەلاغەتی کوردان کێن و حەزرەتی نالی چ ئوستادێك بووە؟**

**حاجی**:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان

یەککە تازەی فەساحەتی (بابان)

مستەفایە تەخەلوسی (کوردی)



غەزەلی کردە بەربووتی کوردی

ناوی صاحێبقڕانی خاسی ئەوە

چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە

ئەو کە نۆشی شەرابەکی تاڵی

(نالی) لەو عەرسەدا بووە تالی

نالی ئوستادەکی گەلێ چابوو

خزری ئابی حەیاتی مەعنا بوو

**پ:حەزرەتی نالی لەتەبع و شیعری خۆت رازیت؟**

**نالی**:

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سنجی و بەزلەگۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

هەرکەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی

خود پەسەندیبێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا

**پ:مامە حاجی خۆت بەکێ دەدەی و کێ بە نمونە دەهێنیتەوە؟ بۆ شاعیرانی ناودار؟**

**حاجی**:

خۆم بەدارا و بەئەسکەندەر و خوسرەو نادەم

گەر بزانم لەبەر ئەم دەرگەیە دەبمە سەگەوان

(نالی) و خاکی بەبە (حاجی) و  کۆیە بەمەسەل

عەینەهی حافز و شیراز کەلیم و هەمەدان

**پ:حەزرەتی نالی جیاوازییەکەتان چۆنە؟ و شیعرەکانت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**نالی**:

فەرقی کۆساران لەپاساران دەفەرمووی وەک چیە

وەک عەزیزی باز و وەک بێحورمەتی پاساریە

نوسحی (نالی) رەنگە هەرکەس بیبینێ بیکاتە گوێ
چونکە نەزمی ساف و وردە هەروەکو مرواریە

**پ:مام حاجی شیعرە نیشتمانیەکانت بۆ سادەن؟**

**حاجی**:

بەیتەکان عەیبی مەکەن خواروکەچن
مەقسەدم  لەم بەند و باوە دەربچن
وەرنێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسیە
گەر لەبەر ئێوە نەبێ باکم چیە!
من لەتۆفانا بەرێی خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم

**پ:حەزرەتی نالی جەنابت بەچ قوەتێك ئەدا دەکەیت؟**

**نالی**:

نالی عەجەب بەقوەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنای زۆر گەورە بەلەفزی کەم و بچووک

**پ:مامە حاجی لەگەڵ نالی چ رێکەوتنتان هەبووە؟**

**حاجی**:

ئیتیفاقەن ئیتفاقم بوو لەگەڵ (نالی) وەکو
تاجر و گەوهەر لەگەڵ گەوهەر فرۆش و موشتەری

**پ:حەزرەتی نالی بەچ مەعنایەك ئەو شیعرەی حەزرەتی حاجی لێك دەدەیەوە؟**

**نالی**:

لەجگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنای خراپ
بێ خەتا کەس نیە رازی کە لەئەولادی درێ



راستی جەوهەرییە تیغی زوبانی (نالی)
نەرم و توند، ئاوی گەلوگێڕە قسەی پێ دەبڕێ

**پ:مامە حاجی دەبێ وابێ فەرقتان چۆنە لەگەڵ نالی؟**

**حاجی**:

لەتەزمین فەردەکی (نالی) دەهێنم تا رەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە، خەزەف قەت وەک گەوهەر نابێ
کەمەندی زولفی دوولانە، لەبۆ گەبر و موسڵمانە
دەکێشێ بێ موحابانە، چ لەم بێ چ لەولا بێ

**پ:حەزرەتی نالی خەڵك لەشیعرەکانت دەگەن؟**

**نالی**:

یەک رەنگم و بێ رەنگم و رەنگین بەهەموو رەنگ
بەم رەنگە دەبێ رەنگ رژیی عیشقی حەقیقی
دائیم لەحەزەردا سەفەری بە لەوەتەندا
غوربەت کەش و عاجزبە ئەگەر ئەهلی تەرقیی
خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستەزوبانن
با بێن و لە(نالی) ببیەن شیعری سەلیقی

**پ:مامە حاجی بەیتەکانت لەگەڵ حەزرەتی نالی تێکەڵ دەبن؟**

**حاجی**:

بەیتی نالی و بەیتی من گەر تێکەڵی یەکتر دەکەن
ئەحمەقی سورەت پەرست و جاهیلی مەعنا نەزان
حاجی لەک لەک... لەک بەلەک فەرقی لەگەڵ تووتی هەیە
وەک هەزاری نەوبەهار و بولبولی فەسڵی خەزان

**پ:حەزرەتی نالی پوختە لەو بارەوە چ دەفەرمووی؟**

**نالی:**

نیشانەی پوختەگی بێدەنگیە (نالی) ئەگەر پوختەی
بەحوجەت تەیبکە نامە! بەحیددەت پەی بکە خامە

**پ: مامە حاجی شیعرەکانت چ لێ بکەن، زادەی چین و بۆ بەکوردی بێ؟**

**حاجی:**

ئەمان کوڕانی رەفیق و برادەرانی ولاٚت
بەئێوە هەر کە گەیی ئەم کەلامی بێ سەروپا
لەپاش ئەوەی کە نەسیحە و موتاڵەعەی بکرێ
بەیادی من لەبەریکەن لەروویی میهر و وەفا
ونی مەکەن وەکو ئاساری (نالی) و (کوردی)
لەسەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لەخەتا

**پ:حەزرەتی نالی چ سیحر و قوەت و حیکمەتێکت هەیە؟**

**نالی:**

نالی نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نیەتی قوەتی دڵ، قودرەتی ئینشا

**پ:مامە حاجی پێت وایە (کوردی و نالی)ت بەجێ هێشتووە؟**

**حاجی:**

لەعەینی لەعلی کانی خەتتی سەبزی بوو بەمێوانی
نەنازێ با خزر ئیتر کە مەشهورە بەحەیوانی
بەجێما (نالی) وەک ناڵی، بەپاشکەوت کوردی وەک گەردی
کە (حاجی) غاریدا ئەسپی لەمەیدانی سوخەندانی



**پ:حەزرەتی نالی بەچەند زمان شیعرت هەیە؟**

**نالی:**

فورس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە

**پ:مامە حاجی لەکوردان کێ بەردی بناغەی شیعری نیشتمانی بەکوردی داناوە؟**

**حاجی:**

لەئەیامی حەیاتی شێخی خانی
لەسەر نوسخەی خەتی ئەو نوسراوە
لەمەجمووعی دووەل سۆران و بۆتان
لەسایەی ئەم کتێبە ناسراوە
لەکوردان غەیری (حاجی) و (شێخی خانی)
ئەساس نەزمی کوردی دانەناوە

**پ:حەزرەتی نالی لەجەنابت زیاتر کێ هەیە ئاشنای سیڕی قەڵەم بێ؟**

**نالی:**

زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیڕی قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما

**پ:مامە حاجی یانزەجار ناوی نالی و پێنج جار ناوی کوردی شاعیرت هێناوە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ سەرسامی پێیان؟**

**حاجی:**

ئەگەر (نالی) بوو لێرە ناڵی ئاوێت
دڵی (کوردی) بووە گەردێ لەبەرپێت
مەڵێ ئەو قسەیە بێ رێ و جێیە
لەترسی تۆ نەبێ هێشتا لەکوێیە

**پ:حەزرەتی نالی شیعرەکانت شایستەی چین؟**

**نالی**:

لایقی مەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قابیلی زەربی رەواخە زەڕ و زیوی مەسەلم
سایەی پایە وەکو باڵی هوما و بازی سپیم
نە وەکو بومی قەدەم شوم و نەهەمرەنگی قەلم

**پ:مامە حاجی شیعرەکانت دەگاتە بەیتی حەزرەتی نالی؟**

**حاجی**:

مەفهومی دوو حەدیسی صەحیحم لەبەیتەکا
جێکردەوە نەزەر بکە کوردی و فەساحەتی
سەد قوبیەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی

**پ:حەزرەتی نالی جوابت چییە، شیعرەکانت بەچی نادەی؟**

**نالی**:

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، جەوابی نادەم
موددەتێکە لەقەفەسدایە، عەزابی نادەم
(نالیا) ئەم غەزەلەت تازە بەتازە وتووە
بە دووسەد (مەسنەوی) و (الوبی لوباب)ی نادەم

**پ:مامە حاجی دەبێ شیعرەکانت رۆژێ چی لێ بێ؟**

**حاجی**:

(حاجی)یە شیعرەکانی وەک کاوە
رۆژێ دێ دەبینن درەنشی هەڵداوە



**پ: حەزرەتی نالی دەریای شیعرت چی تێدایە؟**

**نالی**:

بەحری غەزەلم پڕ لەدوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەواسی دەوێ، یەعنی بەتەعمیقی بزانە
پڕ دانەیە، ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتووک
بەحرم وتووە، نەک وەکو گوڵی مەرەزانە
ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە(نالی)، دەدزن خەلق
ئاوی نیە، وەک ئاگری بێشەوقی دزانە

**پ:مامە حاجی جەنابت جوابی هەیە؟**

**حاجی**:

ئەو فەلەک ریفعەتە هەر لەحزە نیقابێکی هەیە
کێ دەزانێ وەکو من خانە خەرابێکی هەیە
شەمعی من سەرزەنشت قەت مەکە پەروانە ئەگەر
ئێستە خامۆشە شەو ئەلبەتتە جەوابێکی هەیە
شیعرەکانم کە غەریبی وەتەن و نەوسەفەرن
وەرە بیخوونەوە ئەم نوقتە سەوابێکی هەیە

**پ:حەزرەتی نالی، مامە حاجی دەڵێ شیعرەکانم وەرن، بیخۆننەوە ئەی جەنابت چ دەفەرمووی؟**

**نالی**:

سورشکی من کە لێڵاوە، غوباری کۆهـ و هاموونە
وەرە سەر چاوەکەم بزانە وەک ئاوێنە چەند روونە
وەرە سەیری خیابان و هە یاضی دەفتەری نالی
کەسەف سەف، مەسرەعی بەرجەستە، ریزی سەروی مەوزونە

**پ:مامە حاجی بۆ شیعرت لەسەر خوا هەیە بەکوردی؟**

**حاجی**:

ئەی بێ نەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری
بێدار و بێ‌دیاری، بێدار و پایەداری
مەعلومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بەکوردی
تا کەس نەڵێ بەکوردی نەکراوە مەدحی باری

**پ:خاڵە نالی جەنابتان لەسەر پێغەمبەر (د. خ) شیعرتان هەیە؟**

**نالی**:

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی مونەوەرە
لوتفێ بکە، بفەرموو مەدینەی منەو، وەرە
یەعنی گوڵاوی قودسە گلاوی رەفع ئەکا
ئەو خاکە چاکە پاکە و، ئەو ئاوە موتەهەرە

**پ:مامە حاجی شیعر و غەزەلی دیکەت ماوە؟**

**حاجی**:

ئەی رەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لەوێ
بەکەنارێکە تەقدیرە وەکو هەڵ بکەوێ
وەک سەفینە بگەرێ بیخەنەبەر بەرحری قسەم
حەیفە وەک من لەغەریبی بمرێت و نەتەوێ

**پ:حەزرەتی نالی شیعرەکانت بەچ دەشوبهێنی؟**

**نالی**:

شیعرەکانم، کە جگەرگۆشەی منن، دەربەدەرن



دڵی (نالی) چ رەقە قەت غەمی فرزەندی نیە

**پ:مامە حاجی چۆن لەشیعر و شاعیری دەگەی؟**

**حاجی**:

ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وەچاخی
لەسایەی شیعرەکان بابی کوڕانم

**پ:حەزرەتی نالی ئەدی ئەوکەسەی کە شاعیربێ؟**

**نالی**:

نالی بەداوە شەعری دەقیق خەیاڵی شیعر
بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

**پ:مامە حاجی شیعرێکت وەك دەستەگوڵێ؟**

**حاجی**:

تامی نەماوە قیسە و فورسەت غەنیمەتە
مەعلومی خاس و عامە هەرچی چوو نەهاتەوە
لەم وەقتە هەرکەسێ وەکو (حاجی) لەگوڵشەنا
دەستە گوڵی بەدەستەوەیە دەستی بردەوە

**پ:حەزرەتی نالی چۆن خۆت هەڵدەسەنگێنی؟**

**نالی**:

نالی مەسەلی لەئەشکەنجەیی غەمدا
وەک ناڵە لەنەیدا، وەکو ناڵە لەقەڵەمدا

# ئەحمەد موختار بەگی جاف



**ئەحمەد موختار کورشی وەسمان پاشای گەورە( جاف)ە کوڕی محەمەد پاشای کەیخوسرەوبەگە، لە ساڵی (١٨٩٨) لە هەڵەبجە لە دایکووە، وەسمان پاشای باوکە مەحمود پاشای مامی هەردوکیان لەئومەرای بەناوبانگی عەشایری جاف بووە، لەلایەن سوڵتانی عومسانیەوە ڕوتبەی پاشایەتیان دباربوویە، ئەحمەد موختار جاف ساڵی١٩٢٤بووە بەنائیب لەپەرلەمانی عێراقیدا، لەی سڵی ١٩٣٥ لەتەمەنی (٣٨) ساڵیدا لەسەر ئاوی سیروان بە گوللەی ناحەزان کوژراوە .**



**پ ) سەرەتا ئەحمەد موختار چ کەسایەتیەك بووە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف**

شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن

پەی ڕۆژی دەعوا ئەسفەندیارەن

دایم نەخەیاڵ حاڵی کوردانەن

بۆیە ئەراگێل خاکی ئێرانەن

**پ ) لەوباوردۆخە دڵت بۆ کوردستان لێنادات ؟:**

**ئەحمەد موختار جاف :**

دێتە گوێم دەنگێ بەسۆز و شیوەن و گریانەوە

ناڵەیی دلێمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە

**پ ) قوربان لەبەر چی ؟**

**ئەحمەد موختار جاف :**

لانەواز و بێکەس و مەزلومن ئێستە فەومی کورد

گا بە دەستی تورکەکان و گا بەدەست وئێرانەوە

**پ ) ئەی ویژدان و مافی مرۆڤ بۆ چی یە؟**

**ئەحمەد موختار جاف :**

ئیسمی ویجدان و عەدالەت بێ موسەممایە و درۆ

بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر لێوانەوە

**پ ) ئێستا حاڵی کورد چۆن دەبینێ ؟**

**ئەحمەد موختار جاف :**

حاڵی کورد ئێستا لەبەینی تورک و ئێران و عێراق

بێچوە تەیرە کەوتوەتە داوی مندالانەوە

**پ ) پێت وایە بڕیاری نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی تاسەر بێ ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

ئەم قەراری عوسبەیە خەلقی ئەلێن بۆ کورد ئەبێ

هەرقسەی ڕووتە قسەش ناچێتە نا گیرفانەوە

**پ ) پێشبینی دەکەی کوردستان دوای ئازادی چۆن بگۆڕێت ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

کیو و کەژ گشتی باغ و جادە و قەیسەری

بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە

**پ ) ئەڵێن هەمیشە ماتەمینی دایگرتوویت و دڵت قوڵپەئەدات ، بۆ ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

حەقمە من شەو تا بەیانی ئارەزووی گریانمە

شێت نەبووم وا دایما مەیلی قوڕو پێوانمە

ڕۆڵە مردوونیم، بزانن شیوەنی کوردانمە

**پ ) سروشتی کوردستانت پێ چۆنە، کام شاریت پێ خۆشە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

وەک تەلآیەکی تەبیعی وایە شاخ و داخمان

قەت لەبن نایە بەخواردن میوەی ناو باخمان

**پ ) شێخ مەحمودی نەمر( مەلیك کوردستان ) زیندانی کردی ، لێی نیگەران نیت ، چ خزمەتێکت نی یە بۆی ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

سەبا عەرزی خلوسی و بەندگیم و هەم دوعا خوانی د

ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانی



بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی

بەزۆری پەنجە وەک حەیدەر، بەسیما یوسفی سانی

**پ ) دوعای خێر بۆ مەلیکی کوردستان دەکەی ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

خواوەندا بە لوتفی خۆت لەچاوی بەد دووریکە

بەجاهی سەیدی مورسەل، بە ڕۆحی شاهی گەیلانی

**پ ) کەچوومە خزمەتی شێخ مەحمود ( مەلیکی کوردستان ) چی پێبڵێم؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

لەپاش ئەم ئیحتراماتە بڵێ بەو شاهی دەورانە

چ جورمێکی هەیە ( ئەحمەد) کە کردووتە بەزیندانی

ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپەی ئەو بووە سابیت

بە لوتفی خۆت عەفوویکە چونکە ساحێب ئیحسانی

**پ ) بەگم ئەگەر خەتایەکت نەبێ ، دەکرێ تەکلیف بکەین، کەفیل پەیدا دەبێ ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

کە جورمێکی نیە تاکەی، لە حەپسا دانیشێ قوربان

لەتەنهایی لە فیکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی

ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەمووی حازرە یاخود

موڵک تەئمین ئەکا سەد جار بەئاین و بەئیمانی

**پ ) قوربان لەو حەپسکردنە زویر نابی ، وەکو جاران دەمێنێ و چ شەرتێکت هەیە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

هەتا مردن وەکو بەندە لە خزمەت شاهی کوردستان

حەیاتی خۆی فیدا بۆ هەموو ئەمرێک و فەرمانی

من ئەو حەپسەم لەلا فەخرە بەشەرتێ سەروەری کوردان

لەحەق ئەو بەندەیەی خۆیا، بمێنێ لوتفی جارانی

**پ ) ببورە بەگم، چۆن باوەڕ بکەین ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

بەزاتی پاکی بێ هەمتا بەنووری ئەحمەدی مورسەل

جەنابت سوێند ئەدەم قوربان بە گشت ئایاتی قورئانی

**پ ) هەروەك دیارە جەنابت بەگزادەی جافن و خزم و دۆستەکانت زۆرن، چ بەکارت نەهاتی :**

**ئەحمەد موختار جاف** :

لە لوتفی تۆ زیااتر هیچ پەناهێکی نی یە ( موختار)

بەکاری هیچ نەهاتن دۆستەکانی، خزم و خۆیشانی

**پ ) قوربان وەك کوردێك ئارەزووی چی بۆ کوردستان دەکەیت ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

من کە کوردم حەز بەبەرزی خاکی کوردستان ئەکەم

ئارەزووی دەوری تەرەققی حاکمی بابان ئەکەم

**پ ) ئامادەی ئێستا رۆحی خۆت بەقوربانی کوردستا بکەی؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

جەژنی قوربان ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەن

بۆ وەتەن من ڕۆژی سەدجار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم



**پ ) کاك ئەحمەد بەگ، چ دەکەن بۆ یەکگرتووی پارچەکانی کوردستان ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

کوردم و بۆ کوردی ( ئەحمەد) سەعی ئەکەم تا بەم زووە

ئیتیحادی کوردی خۆمان و سنە و بۆکان ئەکەم

**پ ) وەك ئاو و ئاگری ، زۆر بەجۆش و خرۆش و خوڕی ئەو چی یە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

گرپە و گرەی تەنوورە بڵێسەی هەناوەکەوم

سیروان و تانجەرۆیە، خورەی ئاوی چاوەکەم

**پ ) قوربان شیعرت زۆر خوێندەو بۆمان، بەم تەمەنە گەنجەوە بۆچاوت وا سورهەڵگەراوە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

چاوەکەم دوور بێ لە ڕووت وا چاوەکانم ژان ئەکەن

هەر لەسورمەی خاکی ڕێگات ئارەزووی دەرمان ئەکەن

**پ ) ڕات چی یە بەرامبەر ئەوانەی لە پێناوی پارە و نان دژی میللەتی خۆیانن ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

ڕوورەشی دنیا و قیامەت وئەونەفامانەن کەوا

هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارە و نان ئەکەن

**پ ) بەگم وەك شاعیر و کورد پەروەرێك پەیامت بۆ گەلی کورد چی یە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

لەخەو هەڵسن دەرنگە میللەتی کود خەو زەرەتانە

هەموو تەریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

**پ ) وا كورد له خاكى خۆى، له كەركوك و مەخمور و قەراج و كەنديناوه.. هتد..**
**بەكوردستان دانانرێت ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

بەخۆڕايى لەدەستى بەمەدەن ئەم خاكە شيرينە

تۆزێ وەک جەواهير سوورمە و کوحلی بەسەرتانە

**پ ) کورد قەدری خاکی خۆی بۆ بگرێ و بەناز و فیزەوە شانازی پێوە بکا ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە ئەی کوردان

تەماشای سێبەری ئەو کەژ و کێوانەی وا لەسەرتانە

بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن

گوڵاڵە سورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە

**پ ) کاك ئەحمەد بەگ، چی دیکە دەڵێی سەبارەت بە شاخ و داخی کوردستان ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

زوبانی حاڵی ئەحمەد هەر ئەڵێ وربابن ئەی میللەت

بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گەورهەتانە

**پ ) پەیامت بۆ شاعیرانی کورد چی یە ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن

کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئالۆزا و بکەن

ئێوە تەدبیرێکی حاڵی فەومی دڵ سوتا وبەکەن



**پ ) کە کوژرای لەسەر ڕێی سیروان بەچی زانیت کوردەکان شیوەنیان کردووە؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

خوێنی چاوی کوردەکانە بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن

بۆیە وا لێلا و سورن تانجەرۆ و سیراوانەکەی

**پ ) بەگم بەهەشتی ئەحمەد موختار جاف لەقەبرا لێتئەپرسن دەربارەی مەزهەب و ئیمانت چی دەڵێی ؟**

**ئەحمەد موختار جاف** :

مەزهەب و دینی لەقەبرا لێی ئەپرسن وا ئەڵێت

خاکی کوردستانە ( ئەحمەد) مەزهەب و ئیمانەکەی